بە ناو خوایڕەحمان،کە هەم ڕەحیمە

هەم بێنیاز،هەم،بێحەد کەریمە

ئۆمید،غەیر بە ئەو،بە هیچکەس نیمە

تەوەککۆڵ بە ئەو،ئەمکاتە بیمە

# من و تاقەدار

احمد باباحاجیانی (نادر)

کوردستان (سنه)

۱۳۹۵

تلفن همراه : ۰۹۱۲۱۰۵۶۲۸۵

E.mail:Ahmad_babahajiany@yahoo.com

سرشناسه : باباحاجیانی،احمد،۱۳۳۳ -
عنوان‌ونام‌پدیدآور : من و تاقه‌دار/احمدباباحاجیانی (نادر).
مشخصّات نشر : تهران:توکلی ،۱۳۹۵.
مشخصات ظاهری : ۲۲۰ ص .
شابک : 111-111-1111-11-1
وضعیّت فهرستنویسی : فیپا.
یادداشت : واژه‌نامه .
موضوع : شعر کوردی - - قرن ۱۴
رده‌بندی کنگره : ۱۱۱۱ ۱ ب ۱۱۱ س/ ۱۱۱۱ PIR
رده‌بندی دیوئی : ۱/۱۱ فا۱
شماره کتابشناسی ملّی : ۱۱۱۱۱۱۱

شناسنامه کتاب :
نام کتاب :من و تاقه‌دار. (شعرکوردی)
شاعر :احمد باباحاجیانی (نادر)
ناشر :انتشارات توکلی
لیتوگرافی و چاپ :نقره آبی
حروفچینی :احمدباباحاجیانی(نادر)
نقاشی و طرح جلد :احمدباباحاجیانی(نادر)
تیراژ : ۱۰۰۰ نسخه
چاپ : اوّل ۱۳۹۵
تلفن پخش : ۰۹۱۲۱۰۵۶۲۸۵
شابک ۱-۱۱-۱۱۱۱-۱۱۱-۱۱۱ ISBN:111-111-1111-11-1
آدرس ناشر:تهران خ.انقلاب روبروی دانشگاه تهران مجتمع فروزنده شماره ۲۲۵
تلفن : ۶۶۹۵۶۹۲۶ فکس: ۶۶۹۵۷۰۸۹
E.mail:Tavakolipublications@yahoo.com

من و تاقەدار،هەر دوو رەفێقین
دوو دۆس قەدیمی،یاری شەفێقین

شناسنامەی شاعێر لە زبانی خۆی:

من کەسێ نیم.

# پێرست



ئابشاری زوڵفت.......... ١
ئاخ بەدەس تۆەو ......... ٢
ئاخرین‌شێعرم............ ٣
ئاخ لەدەس چاوت.......... ٤
ئاخ لە دەس دڵم ......... ٥
ئازارم،مە کە............. ٦
ئاشق.................. ٧
ئاشقم،ئاشق............. ٨
ئاڵزایمر................ ٩
ئەترسم دێق‌کەم........... ١٠
ئەوەی دڵ لە گشت ...... ١١
ئینتزار................ ١٢
باران.................. ١٣
بازارعاشقی............. ١٤
برو ٚبە سەرچاو.......... ١٥
بموەخشە نازار.......... ١٦
بۆچیمە ژین............ ١٧
بۆ سنە١(دوورم لە شارم).. ١٨
بۆ سنە٢( کورسان،عەزیزی)١٩
بۆ سنە٣(سنەی شیرینم)... ٢٠
بووگم بە شاعێر......... ٣٠
بەختەلارە کەم.......... ٣١
بەرخ و دێو............. ٣٢
بەرق‌سێ‌فازچاوت........ ٣٤
بەوقەوڵ............... ٣٥
بەناز................. ٣٦
بەنازە یارم............ ٣٧
بەهەشت.............. ٣٨
بێ نەجاتم‌بە .......... ٣٩
بێوەفا .............. ٤٠
بێوەفای‌زوان‌تاڵ....... ٤١
پەروەندەی عشقت...... ٤٢
پەژارە............... ٤٣
تاق و تەنیام.......... ٤٤
تۆ دنیا و دینم ....... ٤٥
تۆریا گی لە من؟!...... ٤٦
تۆ کردۆ شێتم ........ ٤٧
تەبیب‌دەردە کەم....... ٤٨
تەحریم.............. ٤٩
تە ک دڵما قارم ...... ٥٠
تەنیام و ژین‌تاڵ....... ٥١
تەنیا تۆم‌دەوێ........ ٥٧
تێمە بەرماڵت.......... ٥٨
جەژنی وەهار ......... ٥٩
جەفا،گوناحە ......... ٦١
جەفای بێوەفا......... ٦٢
جیائی............... ٦٣
خاترە کانت.......... ٦٤
خواپێداگ .......... ٦٥
خاترخا.............. ٦٦
خواحافزی .......... ٦٧
خوای‌نەقاش ......... ٦٩

خۆزگای ........ ٧٠
خوەزگەم بەخوەم ........ ٧١
خوەش بەحاڵم ........ ٧٢
خوەشی لێم‌بریا ........ ٧٣
خەوم دی ........ ٧٤
چاودڵرفێنت ........ ٧٥
چاوجۆان ........ ٧٦
چاوشیرین ........ ٧٧
چاوم ئەگیرێ ........ ٧٨
چاوم بۆچیە ........ ٧٩
چاومەس ........ ٨٠
چاوی‌شەیتانت ........ ٨٢
چوو ........ ٨٣
چەس ئەم‌گشتە نازە؟! ........ ٨٤
داعشی‌گەماڵ ........ ٨٥
دڵ‌ئێشان ........ ٨٩
دڵ بۆت لێ‌ئەدا ........ ٩٠
دڵ پینەپینە ........ ٩٢
دڵتەنگتم ........ ٩٣
دڵخوەشی‌ژینم ........ ٩٤
دڵگەرمی‌ژینم ........ ٩٥
دڵم زۆرتەنگە ........ ٩٦
دڵی‌ناحاڵی ........ ٩٧
دڵی‌یاخی ........ ٩٨
دڵی‌یەکەناس ........ ٩٩
دنیا و دینەکەم ........ ١٠٠
دۆس ........ ١٠١
دۆس‌تاقانەکەم ........ ١٠٢
دەردی دووری ........ ١٠٣
دەردی‌ئاشقی ........ ١٠٤
دەس‌بر ........ ١٠٥
دەسی‌خوەش‌بێ خوا ........ ١٠٦
دەوای دەردەکەم ........ ١٠٧
دەوای زدپیری ........ ١٠٨
دێوانەدڵ‌من ........ ١٠٩
دیوان دێوانە ........ ١١٠
رۆح و گیانەکەم ........ ١١١
ڕۆخی‌تۆ ........ ١١٢
ڕەفێقی‌دڵسۆز ........ ١١٣
ژۆر بێ‌ئینسافی ........ ١١٤
زۆر نائۆمیدم ........ ١١٥
زەریف‌تر لەگشت ........ ١١٦
زەریف و زاڵم ........ ١١٧
زین و مەم ........ ١١٨
ژینی‌تاڵ ........ ١١٩
ساقی ........ ١٢٠
ساقی،تێکەبۆم ........ ١٢١
سڵام ........ ١٢٢
سەرکانی ........ ١٢٣
سەورزەی‌نازەنین ........ ١٢٤
شاعر ........ ١٢٥
شەوچلەی زمسان ........ ١٢٦
شێتی تۆم ........ ١٢٧
شیرین‌تر لەگشت ........ ١٢٨
شیرین‌زۆربەڵا ........ ١٢٩
شیرین‌نگارم ........ ١٣٠
شیرین،وەک قەمەر ........ ١٣١
شێعرم،ناحەزە ........ ١٣٢

عشق‌مه‌جازی .......... ۱۳۳
عشق و دڵداری ......... ۱۳۴
عشق هه‌ر قۆماره ....... ۱۳۵
غه‌زه‌ڵ سی‌به‌یتی ....... ۱۳۶
غه‌زه‌ب‌خوا.......... ۱۳۹
فاسڵه ............... ۱۴۰
فرمیسک ئه‌وارم........ ۱۴۱
فریشته‌ی‌نه‌جات........ ۱۴۲
قه‌فه‌س .............. ۱۴۳
کاروان.............. ۱۴۴
که‌ژاوه .............. ۱۴۵
که‌س نیه وێنه‌ی نگارم .. ۱۴۶
که‌مه‌رباریک .......... ۱۴۷
که‌فتگمه گیرت........ ۱۴۸
که‌ی تیته‌و ........... ۱۴۹
گری‌تێم به‌ردا......... ۱۵۰
گۆڵه که‌م ............ ۱۵۱
گه‌ر بیته‌و بۆ لام....... ۱۵۲
گه‌ردوون............ ۱۵۳
گه‌رمه بازاری ......... ۱۵۴
له ده‌س چۆوم.......... ۱۵۵
له ده‌س ده‌رئه‌چم ..... ۱۵۶
له‌ورۆژه‌و دوور بووی .. ۱۵۷
مانگی‌تابان:.......... ۱۵۸
مانگی شه‌وچوارده..... ۱۵۹
مۆراد و مۆرید........ ۱۶۰
من بێقه‌رارم.......... ۱۶۱
من و تاقه‌دار......... ۱۶۲
مۆعتادم به‌تۆ.......... ۱۶۳
مه‌پرسه ئازیز.......... ۱۶۴
مه‌حرووم له دیدار..... ۱۶۵
مه‌حشه‌ری‌کۆبرا........ ۱۶۶
مه‌عبوودی منی ........ ۱۶۷
مه‌یخانه............. ۱۶۸
ناز لێت ئه‌وارێ........ ۱۶۹
ناوت شیرینه .......... ۱۷۰
وتۆ:«تێم بۆ لات»....... ۱۷۱
وه‌ختێ که تۆم بوو...... ۱۷۲
وه‌ختێ که دووریت .... ۱۷۳
هات................. ۱۷۵
هات وچوون.......... ۱۷۶
هاوار به ماڵم.......... ۱۷۷
هه‌ر ناتوه‌م له بیر ...... ۱۷۸
هه‌ر نه‌خوه‌ش نه‌وی .... ۱۷۹
هۆنه‌ردڵبه‌ریت.......... ۱۸۰
هه‌ر لێت ئه‌که‌م قاو .... ۱۸۱
هه‌ی دا و هه‌ی بێدا .... ۱۸۲
یادی به‌خه‌یر.......... ۱۸۳
یارم جلاوه ........... ۱۸۴
یاری جه‌فاکار......... ۱۸۵
یاری زۆر به‌ناز ........ ۱۸۶
یاری‌نه‌رمه‌بر ......... ۱۸۸
یووسف،زوڵه‌یخا....... ۱۸۹
یه‌کجار شیرینه ........ ۱۹۰
دووبه‌یتیه‌کان ......... ۱۹۱

# ئابشاری زۆڵفت

ئـابشاری زۆڵـفت،تـا خـەیتە سـەرشان
ئـــەپێچنی پـــێما،دەرد و پـــێچ و ژان
بـۆی زۆڵـف پرچینت،بـۆی گـوڵبەهارە
بەرق پووڵەک‌کراست،هەروەک‌هـەسارە
حـــەسرەت دیـدارت،لە دڵ دەرنــاچێ
ئـەمژینە بـێ‌تۆ،خـوەش بە سـەر نـاچێ
گـــیانم بســـێنە،بـــە یـــەکـــبارەوە
لە چـاو مـۆشتاقم،خـوەت مـەشارەوە
ئـەچم بـۆ کـانی،بـەشکەم بی بۆ ئـاو
لێـنە تـواشـاکـەم،لە سـەر تـا بە پـاو
یـــاخوا بـتوینم،شـەوێ مـن لە خـەو
بـوینم کـە تـی،خـەرامـان وەک کـەو
بـــە دەس خـوەم نـیە،مـن‌بۆتۆ شـێتم
تـــا رۆژیمـــردن،هـــەر چـاوەرێتم
بـــێژە بـزانـم کـەی دەرتـی لە مـاڵ؟
تـا کـەی نـەتوینم،نـازار خـوەش‌جەماڵ؟!
هەروەخت بێم بۆلات،بۆ ئـەحواڵپۆرسی
پـــــێتا ئـــەخوێنم،ئـــایەتۆلکۆرسی
دڵـــــم لە ســـینە،وەخـــتە بـــێتەدەر
ئـــەمرم ئـــازیزم،نـــەتوینم ئـــەگـەر
عـەزیزی«نـادر»،خـوەش‌قەد و قـامەت
گــەر مـردم بـێ‌تۆ،سـەرتۆ سـڵامەت

# ئاخ بەدەس تۆەو

ئـــاخ بـــەدەس تـــۆەو،یـــاری‌نازەنین
کــەی بە هـاتنت،ژیـن،ئەکەی شـیرین؟
عشـــقی‌تۆنازار،چـــۆن حـــاشا بکــەم؟!
بـــووگە ئـــاواتـــم،تــۆ تـواشـا بکــەم
دیـــەن‌دووبارەت،بـــووگە بـــە ئـاوات
دڵـــەشێتەکـــەم،هـــەر ئـــەکـا داوات
نـــاچی لە بـــیرم،هـــەرکارێ ئـەکــەم
نـاپیاگــم ئـەگــەر،مــن بـیرت نـەکـەم
هـــێشتا وەک جـاران،دڵ بـۆت لێ‌ئـەدا
بـــریارم وایــە،خــوەم بـۆت کــەم فــەدا
کــــردۆمە تــــاسەت،یـاری‌خوەش‌ئەدا
لە مـــەزهەبی مــن،هــەر تــۆی مـۆقتەدا
دڵ نـــــــاوێ ئـــارام،تـــاتۆ نـــەوینم
ئـــاخر لە دونـــیا،هـــەرتۆیت ئـــەوینم
کــــەلامت ئــــایە،نــــامەی‌تۆ،ســـوورە
دڵـــم داوەشـــیاگ،چـــۆن لە تــۆ دوورە
کــێ وت،لە عـاشق،روو بــچەرخـێنی؟
لە دڵمـــن شـــادی،خـــوەشی،بسـێنی؟
کـــەفتگمە غـــۆربەت،بـەڵام،چـاوبەدوا
تـــــەمەن‌درێژیت،داوا کـــەم لە خـــوا
بـــەڵات بـــۆ «نـادر»،بـەڵا لە تـۆ دوور
رەنگ رۆژ و شەوت،وەک لێوەکەت سوور

# ئاخرین شێعرم

نووسیم بە خوێندڵ،بە خودکارەکەم
ئاخرین شێعرم،ئەی دڵدارەکەم
نووسیم قەرار بوو،گیانت بۆ بدەم
ئیمرۆ هاتگە،وەخت قەرارەکەم
ژانت پێم پێچان،بوومە بیمارت
نەتکرد تیماری،دڵ سەدپارەکەم
بۆتۆ کە عشقت،دەرس ئەدا بە من
گیان قابل بەچەس،ئاخر،یارەکەم
دڵ ناوەم تەک خوەم،دڵ من هێن تۆیە
لە لات دائەنم،دڵ بێچارەکەم
هەرگیز پێش نەهات،دانیشی لە لام
چاوی خۆمارت،تیر نزارەکەم
دڵ بوو بە مایەی،عەزیەت،ئازارم
بووگە بە دوژمەن،بە سەربارەکەم
سەرنم لە سەحرا،بە دڵ پرلەغەم
تا خوەم دوور لە تۆ،لە ئەم شارەکەم
نەمابوٚم چارە،غەیر ئەمە ئازیز
ئەدەبکەم دڵە،شێت و هارەکەم
تەسمیمێ سەختە،وەلێ لازمە
عەلاجی دەردم،بە یەکبارەکەم
ئازاکە گەردەن،«نادر»ی ئاشق
گەردەنت ئازا،ئەی سالارەکەم

# ئاخ لەدەس چاوت

ئاخ و ئاخ و ئاخ،ئاخ لەدەس چاوت
هێشتا لە بیرم،نەچووگە ناوت
ئاخ لەدەس ناز و،لە مەکر و داوت
خوەشە،دەس خەمە،ناو قژی خاوت
ئاخ لەدەس ئەدا و،لە دەس نازەکەت
رەفتاری تون و زۆرناسازەکەت
دوور لە تۆ نازار،من نایرم دەوام
مەحزوونتر لە نەی،ناڵین و نەوام
هەر تۆم خۆش ئەوێ،زیاتر لە جاران
ئاوخواردن بێ تۆ،وەک ژەحری ماران
چەبکەم ئاشقم،هەم ئەهلی قۆمار
ئەزانم هەست،ئاشق بێ شۆمار
بینائی و سۆمای،هەردوو چاوەکەم
کەی تی دەواکەی،لەرز و یاوەکەم
هەتا ئەو دەمەی،گیانم تیا ماوێ
قەد ناتوەم لە بیر،حەتتا بۆ تاوێ
عاشق ئەمێنم،بەو جفتەچاوە
دووری لێم مەکە و،کەم بێژە لاوە
بێ باکەمەو بێ،کەمێ لە تاسەم
با کەم بژنەون،مەردم هەناسەم
چاوی خۆمارت،چەپر لە نازە
حاڵ «نادر»بێ تۆ،چەنێ ناسازە

# ئاخ لە دەس دڵم

ئـــــاخ لە دەس تـــۆەو،دڵـــی‌هیچ‌نەزان
لێـمت کـرد قـاتی،بـەهار تـەک خـەزان
بـــەڵا بـــۆت بگـــەی،گـــەوج و زۆرنـــەفام
بـەرەوپیری مـەرگ،ئەموەی،گـام بـە گـام
نـــــەمزانـــــی ئـــاخر،قســـەی‌حەساوت
بـــــیانک‌گردنی،تـــاوێ نـــە تـــاوت!
ئـــەم‌کەیتە گـریان،هـەردەم بـە سـاعەت
بـــۆ بــە تـەنیائی،نـاکـەی قـەناعەت؟!
ئـــەکـــەی لەجـبازی،ئـەگـری بـەهانە
ئـــەیژی گـەرەکـمە،فـەقەت ئـەودانـە!
رێگـــەی دۆژواری،دڵـــداری،ســـەختە
هـــــەر کـــە ئـــاشقە،بـــزا بـــەوبەختە
هەم خوەت،هـەم منت،بـە زەنجیر بـەستەو
تـا کـەی بکـێشم،عـەزیەت لە دەستەو
بـــــەڵا ئـــەوارێ،لە چـــەپ و راســـم
وەک داربـــێ‌سەمەر،بـــۆ بـرین خـاسم
دڵـــــــی‌دێوانـــە،بـــا نـــەتکەم خـــەفە
لە گـۆشەی دنـجێ،بـۆ خـوەت داکـەفە
بـــــەسیەسا ئـــیتر،بـــێرانـــە لێـــم واز
لە دەستەو شـێت بـووم،شـێتێکی نـاساز
تـــــاڵع و بـــــەختی،«نـــادر» پـــووچەڵە
گەردوون وەک کتگ،ئەو وەک جووجەڵە

# ئازارم،مەکە

تـــۆبیت و خـــواکـــەت،ئـــازارم مـــەکـــە
ئـــــەمرم لە ئـــازار،نـــازارم،مـــەکـــە
بـــۆ رۆخســـەتم نـــای،بـــەتۆ بـــم واســـڵ؟!
لە ئـــازاری مـــن،چـــیت ئـــەویٚ حـــاسڵ؟!
چـــــــاوی‌خۆمارت،عـــــەزیز،مـــەلەقا
شـــێت ئـــەکـــا شـــێخی،تـــەکـــیە و خـانەقا
شیرین وەک پەری،زەریف وەک حووریت
خــــەو نـــایتەچاوم،لە داخـــی‌دووریت
لێـــــم هـــەڵگەراوە،تـــاڵع و بـــەختم
رەوانـــــە،فـــرمیسک،وەخت و بـــێوەختم
بـــۆتۆ رۆســـوابـــووم،دڵـــبەردیارەکـــەم؟!
زریـــــاگـــەناوم،لە نــــاو شــــارەکـــەم
بـــە مـــــل ئـــاگـــرا،گـــەی ئـــەرژنی ئـــاو
لە عاقڵ شێتبووگ،تۆکەی ئەکەی قـاو؟!
وەک گـــوڵی ژێـــرپا،بـــوومە پـــەرپەرت
بـــوو بـــە شـــەهیدت،عـاشق‌چاوتەرت
بـــــۆتۆ لێ‌ئـــــەدا،دڵـــی‌دێوانـــەم
پـــــەناهم بـــــدە،کـــــۆتربێ‌لانەم
راوئـــەنێت خـــەفەت،هـــاتن‌دووبارەت
خـــوەشی تـــێتە لام،گـــەر کـــەی ئـــێشارەت
«نـــادر» دوور لە تـــۆ،ئـــەی شـــیرین‌ئەتوار
نـــەچوو ئـــاوخوەشێ،لە گـــەڵووی بـــە خـوار

# ئاشق

دووری لە دڵـدار،وەک مـردن سـەختە
هــەرکەس ئــاشق نــەو،خـەیاڵی تـەختە
هەر کەس عـاشقە،بێشەک دێـوانـەس
بـە زاهــر ســەرحـاڵ،لە نـاو وێـرانـەس
عشـــق و دڵـداری،هــەڵە و ئـیشتیباس
بـۆ عــاشق،ئەکـات،کـەفەن بـە لیـباس
بـــــرینی ئاشق،بـــێ دەوا و دەرمــــان
عشــق ئـاگـرێکە،کـەفتگە نـاو خـەرمان
هـــــەرڕۆژ و هـــــەرشەو،بـناڵی،کــەمە
نـــــــەتەنیا دڵـــــی،گـــژگیانی غــــەمە
خـەتای خـوەی نـیە،بەختەلارەکـەی
کــاری تــەقدیرە،دووری یــارەکــەی
ڵـــاڵیان و تکـــای،ئــاشق بـێ ئەسەر
هــەوڵ و تــەقالای،هــیچ نـادا سـەمەر
نـــاڵەی ئـــاشقان،بــێخۆ لە یــــاران
بـــێ ئەسەر،بـــاران،بـــۆ وشکــەداران
ئـــاشق،ئـــاوارەس،مــــاڵ لە بــیاوان
دورئــــەگـــرێ دائـیم،لە ژن،لە پـیاوان
کـــــارشیرین،فــەرهاد،کـارێکی سەختە
ئەم عـاشقبەوبەخت،ئـەو پـاوشای تەختە
«نــادر»،بـەم شـێعرە،بـۆ کـردمۆ پـەکـەر
عشق هەر شیرینە،شیرین وەک شەکـەر

# ئاشقم،ئاشق

ئـــاشقم،ئـــاشق،بـــە شـــیرین چاوێ
دڵـــی من دڵكـــەن،ئـــەویارە نـــاوێ
لەنـــــاو دڵـــبەران،یـــارم خـــاتەمە
بـــێ ئەو ژیـــن تـــاڵ و،پـــڕ لە مـــاتەمە
نـــامێنم ئـــە گـــەر،بـــێ ئەو بـمێنم
جـا ئـەوێ مـە گـەر،بـێ ئەو بـمێنم؟!
دەم‌بووچك،شیرین،وەك نوقڵ و نەوات
تواشای هەركەس كات،دڵی زوو ئەوات
هـات و خـەفەت زۆر،لە بـەر پـام ڕژان
ژیـــان و خـــوەشیم،لە هـەم داپـژان
كـــارمن،دڵـــداری،كـارئەو،دڵ ئـێشان
ئـــەوینم لە خـەو،خـەوگەل پـەرێشان
بـە داخـەو،دەس‌مـن،لە دەس ئـەو بـریا
لە نـــاوراســەوە،دڵـــی مـــن دریـــا
كـــەندی لە ریشـــە،دڵـــبەر،دەمـارم
بۆ خوەشی تـەك ئـەو،عـۆمرێ تـەمارم
دەروونـــم ئـاگـر،هـەناسەم سـەردە
دڵ دڵـداره كـەم،سـەخت‌تر لە بـەردە
نـازانـم،هـەرگیز،ئەو بیرم ئـە كـات؟!
یـادی لە دڵـتەنگ،دڵگـیرم ئـە كـات؟!
«نادر» بەسیەسا،تێك‌چوو،تـواو جـەسەو
هێشتا خەفەت‌ئەو،لێت جیا نـەوگەسەو؟!

# ئاڵزایمر

ئەسیرت بووگم،خوەم بۆت پیر ئەکەم
ئاڵزایمر بگرم،هەرتۆ بیر ئەکەم
کارم چەس بە کەس،وەختێ تۆ کەسمی؟!
لە دارەیدنیا،عەزیز،تۆ بەسمی
دڵ غەیر بە شۆن‌تۆ،هات و چوون ناکات
سەعادەت بێ‌تۆ،لە من روونا کات
ئاسایش‌ژین و حەیاتی منی
لە لایێن خاڵق،خەڵاتی منی
دڵ تێریتە جۆش،هەروەخت ناز ئەکەی
درگات،کەی بە رووی،ئاشق واز ئەکەی؟
باخچەی‌بەهەشتە،حەوشی‌ماڵەکێەت
بۆ من شیرینە،قاوەتاڵەکەت
منت گیرهاورد،لە سووچ،خەڵوەتێ
دڵت لە من سەند،بێ‌هیچ‌هەڵمەتێ!
وەک چاوی‌مەستت،زوو کردت مەسم
لە رێ‌دڵداری،کوا کەس باندەسم؟
لەفز و کەلامت،شیرین،وەک شەکەر
وەختێ لێم دووری،مەحزوونم،پەکەر
ناز و ئەداکەت،بەگیانت قەسەم
دەوای خاسێکە،بۆ جەسەی‌خەسەم
کەنینی‌جوانت،هێز ئات بە «نادر»
پشت و پەنات بێ،رەحمانی‌قادر

# ئەترسم دێق‌کەم

نـــــاپرسی ئـــەحواڵ،لە دۆس‌نـــاساقت
ئـــەترسم دێـــق‌کەم،هـــەر لە فـــیراقت
عشـــقت لە دڵـما،بـۆچ بکـەم ئـینکار؟!
عـــاڵەم ئـــەزانـــێ،لە تـــۆم بـــریندار
دووچـــاوم بـــووگە،وەک کـانی و گـۆم
بـــە خـــاتر ئـــەوە،ئـیتر دوور لە تـۆم
ســـازین تـەک فـەڵەک،دۆژوارە بـێ‌تۆ
دنـــیام لە بـــەرچـــاو،ئـــاوارە بـــێ‌تۆ
هەرچـەن کـە دووری،هـەر هـەی بـە لامـەو
زەنـــجیری عشـقت،هـەر هـا بـە پـامەو
هـێشتا هـەر بـیرت،ئەکـەم وەک جـاران
هەم لە وەخت خوەر و،هەم لە وەخت باران
وەخـتێ کـە تـۆم بـوو،هـیچ‌نەمبوو خـەمێ
یـــــادم‌کە نـــازار،بـــەینابەین،کـــەمێ
هـەرچـەن بـۆت سـەختە،رەسمی‌دڵداری
نـــەختێ یـــادم‌کە،لە وەخت بـــێکاری
دڵ هـــەڵناکـــەنم،لەبـــەر مـاڵەکـەت
دڵ هـــا بـــە تـاسەی،رەشـەخاڵەکـەت
بـــۆ مـــن بـەهەشتە،مـاڵ و جـێگەکـەت
ئـــەیکەم بـە سـۆرمە،تـۆزی‌رێگەکـەت
بـــەدەستەو «نـــادر»،دڵـــی چـــزیاگـە
ســـەرم سـرماگـە،چـۆن بـێ‌تۆ مـاگـە

# ئەوەی دڵ لەگشت

شێخ شێت ئەکەیت و،مەلا،دێوانە
ئاشق ئەنێری،بەرەو مەیخانە
تا دەرتی لەماڵ،ئەوەی دڵ لەگشت
لە پیر و لە جوان،دانە بە دانە
شیرین‌زوانەکەم،بە چاوت قەسەم
چاوەجوانەکەت،بێ‌حەد جوانە
چاوت دڵرفێن،دزسەرگەردەنەس
چاوت چە هار و،چەنێ شەیتانە
برژانگی‌چاوت،تیژە،وەکوو تیر
بروٚی پرپشتت،خەم وەک کەوانە
بە ئاوات ئەوەم،روٚژێک بەدەس خوەم
زوٚڵفت شانەکەم،بەجێگەی شانە
خوابیکات کە زوو،دەسم پێت بگەی
بێمە دەوربالات،وەکوو پەروانە
لە خوام داوایە،بی بە قسمەتم
رێ بەرم تەکتا،شانە بە شانە
شەوێ بێرە لام،توٚ ساقەی سەرت
داکەبوٚم شەراو،دوو،سێ،پەیمانە
بێ‌توٚ ژین‌تاڵم،توٚ زینەت ژیان
توٚ وەک نگینی،من کڵکەوانە
لە خوا داوامە،نەتسێنێ لە من
دڵخوەشی«نادر»،توٚیت لەم ژیانە

# ئینتزار

کــــارم رۆژ و شـــــەو،تـــــاسەی تۆ کــردن
ئـــــینتزار ســــەختە،ســــەخت تر لە مــردن
هــەرچــەن دووری لێــم،نــاتوینم بــە چاو
زوو زوو،لە تــاسەت،هـەر تـێ لە چـاو،ئـاو
هــەررۆژ و هــەرشەو،هــەرتا کــوو بــەیان
هــــەی لە بـــــەرچـــاوم،ئــەتوینم عــەیان
دوێشـــــەو،پـــــێرەشەو،وەک بــــاقی شەوان
لە دووریت،فــرمیسک،بـوو لە چـاو رەوان
بـێ تۆ پــێم گــەردوون،خــەفەت فـرەی دا
خــەفەت دووریــە کـەت،منی خست لە پـا
نەمدی رۆژخوەشی،لەو رۆژەو کە چـوویت
ئــــاخر دڵـــخوەشی،ژیــنی من،تــۆبوویت
نــــاگــــرم لە دووریت،عـــەزیزم تــاقەت
گــەر خــوا مـەیلی بێت،ئەوم بـە ساقەت
مــن ئــاشقی تۆم،هــەم ئــاشق،هــەم شێت
ئــیتر شــێت وەک من،بـەدنیا کـەی تێت؟!
بێ با خوەم غـەرق کـەم،لەنـاو چـاوە کـەت
دەس کــــێشم لەبـــــان،زوڵــفەخاوە کــەت
هــەرچـەن کـە نـەودا،بـە مـن غـەیری غـەم
رازی نــیم کــە بــێ،تــاڵێ لە مـووت کـەم
دڵت تــــەک «نــادر»،کــاش هــەروا ئــەما
هـــــۆشی پـــــێتەوبێ،خـــوای خــاوەن سەما

# باران

هەروەخت ئەوارێ،نازەنین،باران
من بیرت ئەکەم،بە یادی جاران
بە یاد و حەسرەت،خوەشی جارانم
ئەناڵم بە سۆز،هەروەك هەزاران
چۆن بیرت نەکەم،چۆن بۆت نەناڵم؟!
تۆ تەك‌بووی ئازیز،ناو گوڵعۆزاران
ئەزانی ئازیز،عەیش و سەفا چەس؟
دانیشتن لە لات،ناو چەمەنزاران
هەرڕۆژ کەم ئەوێ،لە ژینی‌کۆتام
هەروەك وەرینی،زەردەبەرگ،داران
تۆی لێم جیا کرد،تەقدیری‌زاڵم
نیش‌تەقدیر ناحەز،وەك کزەی ماران
ناساق،بەستەری،ناو نەخوەشخانەم
بۆتۆ ئەناڵم،وەك دەردەداران
زەرد ورەنگ‌پەریاگ،گەڵای‌پای‌دارم
تۆ گوڵبەهاری،سەر شاخەساران
ئەگەر بیتەوە،تێم بەرەوپیریت
ئەکەم بەرپاکەت،گوڵم،گوڵباران
کاری‌تۆ ناز و،وتن وامەکە
کارمنی هەژار،لاڵیان و پاران
تۆ حووری‌بەهەشت،بەهەشتە ماڵت
«نادر» بایەقۆش،ماڵی لە غاران

## بازارعاشقی

کار شیرینەکان،کوشتن فەرهادە
دڵ دڵبەرمنیچ،لە جنس فوولادە
بازارعاشقی،فرەیک کەسادە
کەفت ئیحتیاجم،بێئەو بە بادە
شیرین‌نگارم،رۆژێ هاتە لام
بە ناز و غەمزە و فیز و ئیفادە
وتی بە سەدناز:«تی بی بە یارم؟!»
زانی کە گەوجم،هەم ساف و سادە
نەمکرد تەک دڵم،حەتتا مەشوەرەت
دڵ دام بە دڵبەر،زوو،بێئیرادە
بەستی چاوعەقلم،نەمزانی بۆچی
وتی جا ئیسە،بژمێرە تا دە!
دڵی لێم دزی،جێمی هێشت،ئانی
دیم بێحۆزووری،ژینم بەبادە
سەرخوەمم هەڵگرد،جا رووم کرد لە دەشت
هەروەک دێوانە،بە پایپیادە
حەیران بووم لەکار،شەترەنجعاشقی
چۆن شا مات ئەوێ،بە دەس پیادە
ئیسە کە زانیم،دڵم شکیاگە
ئەشێ بۆمردن،خوەم کەم ئامادە
«نادر» عاشقە و،گژگیانی خەفەت
وەلێ هەر شادە،کە دڵبەر شادە

# برو بە سەرچاو

کێ وتی نازار،دڵ لە من بەردەی؟!
بێ پێچنی پێما،ناخوەشین زەردەی؟!
لەورۆژەوکە چوویت،نەمایت لەوکووچە
ژیانم هەروەک،گوێزیکی پووچە
بێ تۆ ئەمژینە،هەر بە سەر ناچێ
بێ با خەفەت تۆ،لە دڵ من لاچێ
بۆ تاوێ یادت،دوور ناوێ لە من
ئەزانی چەنێ،خەفەت دات بە من؟!
دڵ پەرێشان و،سەرلێشێویاگم
بە ئاوات هاتن،تۆیە کە ماگم
ماتڵ بووم بەشکەم،لە ماڵ بیتەدەر
نەهاتیتە دەر،ئەی خاکم بەسەر
ژینم ناحەزە،ئازیزم بێ تۆ
تۆ نایتەو،من هەر،ماتڵم بێخۆ
قەسەم بە پیاڵە و،قەسەم بە مەستی
بێزارم کردی،لە ژین،لە هەستی
هەرچەن دەروونم،لە ئاگر گەشە
بزانم خوەشی،حاڵی من خوەشە
لەناو دڵبەران،من تۆم کرد پەسەن
دڵ بەدەس ناز و،ئەتوارت خەسەن
ژین دوورۆژ «نادر»،خستۆ لە بەرچاو
دووری پێت خوەشە،برو بە سەرچاو

# بموەخشە نازار

نـــەمردم بـــێ تۆ،بـــموەخشە نـــازار
هەرچەن لە عشقت،زۆر دیگمە ئـازار
وەك شیشەی شكیاگ،دڵم شكیاگە
ئـــاساریێ لە دڵ،ئـــیتر نـــەماگـــە
فـــرمیسكی چاوم،لە كـاسە سـەرچـوو
لاڵـیانم لە تـۆ،هـەر بـە هـیچ دەرچـوو
پـــەیوەندی زۆرە،ژیـــنی مـــن بـــەتۆ
گـــدائـــی ئـــەكـــەم،هـــەر تـــەنیا لە تـــۆ
بـــە خـــاترتۆ چـــوو،نـــوێژفەرزم،قـــەزا
جـــا خـــوا چـــۆن ئـەویێ،لە كـارم رەزا؟!
وێـــــڵە بـــە شـــۆنتا،دڵ بـــێقەرارم
دڵـــم ئـــەسووزیێ،بـــۆ بـــەختی لارم
چـاوەروانـی تـۆم،تـا دەربـی لەماڵ
بـــتوینم،دڵـــم،كـــەمیێ بـــێتە حـــاڵ
خوەش ئـەورۆژە وا،مـن سـەربەم لە تـۆ
جـا خـوەم بـوینم،بـەرانـبەر بـە تـۆ
ئـــەگـــەر بـــتوینم،لە دوورەو،كـــە تـــی
تـــێمە پـــێشوازت،هـــەر بـــە پـــای پـــەتی
ئـــاگـــردەروونم،داخ وەك جـــەحانم
لە پـــام دەرتـــێرێت،رۆژێك،ئـــەزانـــم
ژیـن «نـادر» بـێ تۆ،كـەی دائـەمەرزیێ؟!
خـــوا بـــیكا بـــمرم،بـــە یـــاو و لەرزیێ

# بۆچیمە ژین

بێحۆزووری تۆ کە ژینمی،بێژە ژینم بۆچیە؟!
تۆ نەوی ئەی قیبلەکەم،ئائین و دینم بۆچیە؟!
وەختێ چاوانی‌مەسی تۆ،من بە ئانێ مەس ئەکەن
جا شەراوی‌سوور و تاڵ و ناشیرینم بۆچیە؟!
پر لە نازی،دڵبەری‌من،پر لە مەکر و شەیتەنەت
تۆ شێرین‌شەیتان منی،شەیتان‌لەعینم بۆچیە؟!
تۆ ئەکەی زمسان و پائیز و خەزانی من بەهار
بێ‌تۆ من،فەسڵی بەهار و گوڵ‌چنینم بۆچیە؟!
تۆ نەوی لامەو،عەزیز،ئیتر بەچی دڵخوەش بکەم؟!
دوور لە تۆ،من،ژینی‌تاڵ و،دڵ‌حەزینم بۆچیە؟!
وەختێ‌تۆ یاری منی،ئەی نازەنینی‌چاوشیرین
حووریانی جوان‌شیرین و مەجەبینم بۆچیە؟!
من لە تۆ ئەگرم حەرارەت،نازەنینم،تۆ خوەری
من لە لای‌تۆ،فەسلی‌هاوین،پر لە تینم بۆچیە؟!
من قەناعەت‌کەم بە چارێ،تەک توا ژین‌بەم بەسەر
وسعەتی‌خاك و فەراخی،سەرزەوینم بۆچیە؟!
شاد ئەوم وەختێ ئەوینم من بزەی سەرلێوی‌تۆ
گەر نەوینم پێکەنینت،پێکەنینم بۆچیە؟!
خوانەخواسە گەر بکەی قین و،برەنجێنی‌دڵم
من دڵی خاڵی‌لە تۆ،یاپر لە قینم بۆچیە؟!
تاکە ماوم،بێ بپرسە حاڵی‌زاری «نادر»ت
وەختێ من مردم عەزیزم،بێژە شینم بۆچیە؟!

# بۆ سنە١(دوورم لە شارم)

دۆر و گــەوهەرە،خــاکــی شــارەکـەم
دووری لە شـارم،نـام چۆن چارەکـەم!
لە لام زیــندانــە،هــەر شار،غـەیر سـنە
هـــــەر تـــەنیا سـنە،ئـاوات ژیـــن مــنە
تـــــەقدیر،زەمــــانە،ئــاوارەمــی کـــرد
دووری لە شــــارم،بـــێچارەمی کـــرد
خـــــاکـــــیزێرینە،ســـــنەجوانــەکــەم
نـــاوی،هــەمیشە،لە ســەر زوانــەکــەم
دڵ ها لەکورسان،خوەم هەم لە غۆربەت
خــاکێ شارەکـەم،لایـق بـۆ تـۆربەت
لە دووری کـــورسان،چـاوپر لە بــاران
دێــهاتی کــورسان،خــوەشتر لە تــاران
ســـــنەی ســــەربەرزم،شـــیرینە لە لام
گــــەڵازەردێکی،بـــە گـــوڵزارێ نــام
وەک کـــــانیشەفا،کــــوا ئــیتر ئــاوێ
زۆر تــاسەی ئــەکــەم،تاوێ نە تـاوێ
ئــەترسم دێـق کـەم،دوور لە شـارەکـەم
ئـــەم و ئــەو بــموەن،بـۆ دیــارەکــەم
ئــەگــەر کــوشتمی،رەنــج بــێئەنازەم
لە خــاکــێ سنە،دەفـن کـەن جـەنازەم
«نادر» لە خوای خوەی،هەر داوا ئەکات
لە کـــــوردەواری،بـــەڵا روو نــەکــات

# بۆ سنە٢(کورسان،عەزیزی)

کـورسان،عـەزیزی،عـەزیز وەک دووچـاو
نــــــاویشیرینت،شـــــــیرینترینناو
هــەرچــەن کـە بـووگم،غـەریب شـارەکـان
لە شـــــاریغۆربەت،نـاوتۆ ئـەکـەم قـاو
وەخـــتیٚ کـــە بـیر و،یـادیتۆ ئـەکـەم
لەتـــاسەت،چـــاوم،پـــڕ ئـەویٚ لە ئـاو
خوەت هەی لە بەرچاو،نـاوت لە سـەرزوان
دڵـتەنگ‌تۆ ئـەوم،زوو،زوو،تـاو،نـە تـاو
وەخــــــتیٚ ئــەژنەوم،نـــاوت لەم و لەو
ئـــارامـــم نـاکـات،سـەد پـیاڵەیشەراو
بـــوینم یـــارەب،دۆژمـــەنتۆ ئـــەسیر
وەک لاشـەگـۆشتیٚ،ژێـر سـاتوور قـەساو
ســـۆما و روونـــاکـــی،چـــاوانـیمنی
لە ژێـر ئـاسمان،تـۆیت بـۆ مـن هـەتاو
خـــوا بـــتپارێزیٚ،لە شـــەر دۆژمـــەنت
دوورِبـــی لە حـیلە و،لە مـەکـر و لە داو
تـــا دونـــیا دونـیاس،دوور لە بـەڵا بـی
نـەیتە لات هـەرگیز،نـە سـەیل،نـە لافـاو
بـــمێنی دائـــیم،وەک ئـاویەر،سـەربەرز
هـــەرکە دۆژمـــەنتە،خـــوا بـیوا لە نـاو
«نــادر» پـێخوەشە،گـیان بـۆت کـا فـیدا
بـە عـاشقیخوەت،گـەر بمکەی حـەساو

# بۆ سنە٣(سنەی شیرینم)

هەر کوێی کوردێ بێ،کوردستانە بۆم
خاکێ کوردستان،گوڵستانە بۆم
هیچ فەرقبۆم ناکات،شاری،دێهاتی
عشق بە کوردەکان،عشقێکە زاتی
هەرچەن دوورمی کرد،فەڵەک لە شارم
لە دووریشارم،فرمیسک ئەبارم
نەتەوەی کوردم،منالی سنەم
دائیم بە یاد و،خەیالی سنەم
خاکەپاکەکەی،نیشتمانەکەم
دەوا و دەرمانی،ئێش و ژانەکەم
بەڵا هەر دووربێ،لە شارم،سنە
ژین لە ناو سنە،ئاواتی منە
لە بان گەردەنە،هەتا ئەوپەر شار
دروود بۆ سنەی،سەربەرز و نازار
پێم خوشە جادە و،خەوشیڕێگەکەی
عەزیزە شارم،هەموو جێگەکەی
لە ناو تونلگەل،ڕێ سەڵواتئاوا
بۆقە بۆق ماشین،وەوی تەک زاوا
نزیک فەرەجەس،پردەکەیقشلاخ
ئەو دەور و بەرە،پڕ لە چەمەن،باخ
دڵم ئەگیرگێ،لە بەر ترمیناڵ
سەفەر چە سەختە،دووری،چەنێ تاڵ
لە دوای پۆلیسرا،پردەکەیقشلاخ
هێشتا باسەفاس،دەور و بەری باخ

ئـــاوەزۆرەکـــەی،هـــەرچـــەن نـەماگـە
ســـــەفای‌جارانـــــی،لە دەس نـــەداگــــە
مـــەنبەع‌ئاویٚ هــەس،لە بــان تــووس‌نەوزەر
شــــــیرین و زۆڵـــاڵ،وەک ئــــاوی‌کەوسەر
ریٚحـــــــەسەن‌ئاوا،روو بـــــە بـــــەهاران
ئـــەمخاتە بـــیری،خـــوەشیەکـــان جــاران
فـــیٚنک و خـــوەشە،بـــان ئـاویەرسەربەرز
ئـــینسان بـــە عـــەینی،لیٚـــنا ئـــەکـا لەرز
جـاران،کـە جـوان بـووم،نەکـەفتووم لە پـا
هـــەرتا نـــووک‌ئاویەر،ئـەچواتـایم بـە پـا
هـــەروا بـــەعزیٚ‌جار،بـــۆ گـــویٚزەکـویٚرە
خـــــاتراتـــــیٚ‌خوەش،هـــەسم‌لە ئـــیٚرە
گـۆشەیک لە جـەننەت،بـان گـویٚزەکویٚرە
ئـــــەچەسپیٚ لیٚــــنا،مـــاس و کـــولیٚرە
دڵپــــیاگ ئـــەگـــیرگیٚ،لە ژیٚـــر تــاقەدار
مـــەگـــەر تـەکـتا بــیٚ،یـاریٚکی غـەمخار
پـــــر لە دار وگـــــوڵ،ریٚ کـــانی‌شەفا
جــیٚگەی خــوەشیٚکە،بـۆ عـەیش و سـەفا
چـــــە ئـــــاویٚ‌خوەشیٚ،چـــەنیٚ‌باسەفا!
بـــــۆم دەوای‌دەردە،ئـــــــاوکانی‌شەفا
ســـەوز و زەریـــف و،شـــیرینە مـــەسناو
نـاکـەفیٚ هـەرگیز،جـیٚ‌خوەش،لە بـەرچـاو
لە دۆڵ‌رەحـــــمان و،مـــــاماتکە،بـــان‌تا
ســـەیرکە و،هـــەڵپەرە،لە حـــەد تـــوانـتا
دوڵ‌رەحـــــمان،ژوورتـــــر،لەکـــانی‌شەفا
هـــەردوانـــی خـوەشە،بـۆ سـەیر و سـەفا
بــــــە پـــــــای‌پیادە،هـــــەروا،لەقـــەلەق
ئـــەچووم بـــە جـوانـی،هـەرتا بـان‌خەنەق

خوەشە بان خەنەق،هەم کانی دووشەم
تاسەی شارەکەم،بێژن چۆن نەکەم؟!
باخەنمامە و باختەکیەوچەمەن
زەمانێ بووگە،سەحرا و دەشت،دەمەن
کانی سەنگ‌شکێن،هەروەها،بەردەشت
خوەش و باسەفا،وەک شاری‌سەردەشت
حەفت‌ئاسیاو،نزیک بە باخ‌شڵانە
دووجێگەی‌خوەش بۆ،ساحەیودڵانە
خەیرزنە،لە ژوور مەیان‌گازەوە
خوەشە،چوون‌ئێنە،بە ئاوازەوە
خوەش سەیرانگایکە،باخ‌ئامانیە
هەروەک بەهەشتە،مەیژن وانیە
ئەونە شیرین بوو،ناو باخ‌ئەمیریە
هەرکەسێ چووگە،دائیم لە بیریە
جێگەی جوانگەل و،پیرەکۆمەکان
لە سەر هەرکانی،فرۆش تۆمەکان
بلچ و سرینچک،گوێز سەردارەکان
لە پای دارەکان،کونای مارەکان
لە پای کێف ئاویەر،دیم کووزەبەشان
وەک کێف‌نەوەردێ،بارخوەی،ها لە شان
نزیک بە ئاویەرە،بەر حاجی‌ئاوا
تۆم‌فرۆشێ هەس،کەس ناوی ناوا
مەیان ئەوراز و،بەستەنی شۆعەیب
لە ئینسان ئەکات،رەنج و خەفەت غەیب
پارکێ هەس،نزیک،مەیان کێفنەوەرد
ئەچواین،ئەمانکرد،دوو دەس تەختەنەرد
لە بیرم نەچێ،زەفەریەی نازار
جاران دوور بوو پیەو،دووکان و بازار

عـــمارەت خـــوەش و قـــەدیم خـــەسراوا
خـــوەش بـــۆ هـــەڵپەرکێ،وتـــن مـــاڵی ئاوا
لە نـــــاو خـــــەسراوا،لە بـــەر خـــانەقا ٧
نـــــەمدێ پـــابنێ،هـــیچکەس بـــەحەقا
مـــــاڵە کـــــەی ئاسف،هـــەم مۆشیر دیوان
ئـــاو تـیا جـاری بـوو،وەک ئـاوی سیروان
مـــاڵ قەدیم ئاسف،بـــووگە خـــانەی کـورد
مـــــەوردعەلاقەی،پـــیر و،جـــوان و ورد
مـــــاڵی حەبیبی،بـــــووگ بـــە مـــووزە
پـــــر لە زیـــوەر و،لە دێـــزە و کـــووزە
جـــا قـــەتارچـــیان و،بـەڕ دووکـانە کـان
لیـــباس هـــەڵخریاگ،لە بـــان بـــانە کـان
بـــــاخی ســــــپیدار،پـــر لە دارچـــنار
ئـــــاوێ زوڵاڵی،ئـــــەویچ بـــــەرکنار
کـــووچە گـــەل پـــێچ پێچ،نـاو ئـاغەزەمان
مـــاڵە خوەشە کـــان،حـــەیف لێـنا نـەمان!
لە نـــاو خـــیابان و،بـــەر پـــاساژە کـــان
هـات و چـوون ئـە کـەن،لێـنە جوانـە کـان
مـــــەیان ئـــیقباڵ و،خـــیابان ســـەفەری
کـوریان شـاجوانـە و،کـچیان وەک پـەری
خـــــیابان فردەوسی،بـــــەر مـــزگت والی
قـــــاوەخانەیک بـــوو،لە پـــاڵی،عـــالی
خـــوار نـــاسرخـــوەسرەو،بـەر نـەفتەرەشە
ئـــیسەیچ وەک جـــاران،بـــاسەفا،خـوەشە
پـــــاساژ ئـــــاشنا،نـــزیک بـــە بـــازار
بـــە چـــاو دووکـــانڵدار،مشـــتەری نـازار
وەســــــەت فـــردەوسی،پـــردمەلاوەیسی
ئـــاومێوەگـــیری،هـــەم فـــرۆش قـەیسی

ژوور مەیانئێقباڵ،لە خیابان وەکێڵ
پیاگێ،ئەیفرۆشت،قاوە و زەنجەفیڵ
سەحراچوون خوەشە،بۆ دێ گرێزە
بە قازاندوڵمە و،دۆ لە ناو،دێزە
جادەیفروودگا،ڕێگەی کرماشان
پڕ لە جێگەیخوەش،لایق بە تواشان
جا لە شەونەوروز،فیشەک و ماتاو
فرەیک خەتەرناک،فرەیکیش ناتاو
زوو زوو ئەتەقنن،فرەیک نارنجەک
مردم ئەترسن،گشتیان یەک بە یەک
ڕۆژسیانزەبەدەر،جادەیکرماشان
بۆی گوڵەکانی،وەک قەمسەرکاشان
گاراژکرماشان،یاکافەشیرین
تێتە بیرئێمە،چۆن ئێمە پیرین
زۆر باسەفایە،ناو کووچەرەزان
لە تاوسان،زمسان،بەهار،هەم خەزان
بەر مزگتئەدەب،ناو شەریفئاوا
نەمدیگە لێنا،دەحەیکیش داوا
هەم شەهرەکسەعدی،هەم شەریفئاوا
جوانگەلیجوانی،گشت وەکوو زاوا
بەینێ ماڵم بوو،من لە ناو شاڵمان
ئێنەم پێ خوەش بوو،زیاتر لە ئاڵمان
ماڵێ خوەشم بوو،ژوور خاکشناسی
نازانم بە شێعر،چۆن بکەم باسی
ژوورتر لە شاڵمان،تەپەیکرباسی
بێئینسافیە،گەر نەکەم باسی
بە دنیا هاتم،ناو سەرتەپۆڵە
وەک جاران نەما،زۆر چۆڵ و هۆڵە

مەرسەی عرفان،لە سەرتەپۆڵە
منالْ بووم ئەچوام،بێ خۆتە و بۆڵە
هاجەرە خاتوون،مزگت خوەشێکە
ئەیژن گەیگن پیا،فرە بە جێگە
دووکانوەفاڵات،لە چوارراى چوارباخ
ماڵێ خوەشی بوو،لێنا،بەقەو کاخ
کووچەی گەلەخان،هەم گردی گەرۆڵ
یاخوا نەیوینم،هەرگیز چۆڵ و هۆڵ
کەڵە کەجار و،حوومەی تەقتەقان
خوەشە بۆ گەردش،تەک رەفێقەکان
نەمدیگە کوێرێ،من لە کوێرئاوا
ئەینەیچە خوەشە،وەکوو و تازاوا
قەڵاچوارلان و ماڵقەدیمی،خوەش
بە مردمانی،خوا نات خەفەت،بەش
چلمەردەی شێخان،نزیک جۆرئاوا
بووگە مەحەلەیک،ئیسە،زۆرئاوا
نزیک پرد مەردۆخ،مزگت جامێعە
نوێژ تیا ئەخوێنێ،هەرکە تابێعە
جێ عیبادەتە و،فرەیچ وەسێعە
جێ راز و نیاز،بۆ سوننی،شێعە
گومەز،مەنارە و،مزگت شارسنە
گشتی زەریف و،بۆ نوێژکردنە
زیارەت ومەرقەو،تەپ،شێخ حەمەساق
ئەیژن،ناخوەشی،زۆر کردگە بە ساق
ئەچن بۆ زیارەت،بۆ پیرم حەمەو
لەو ئەپارێنەو،بەدڵ پرغەمەو
شێخ حەمەباقر،تەپ،پیاگێ خوەش ئاو
بۆ سواو ئەرژنن،لە سەرقەوری،ئاو

پـــــــیرۆمەر جـــێگەی،نـــوێژ و تـــاعەتە
نـــــاراحـــــەت لێـــنا،فـــرەیک راحـــەتە
شـــێخگەورەیک بـــووگە،عـــەبدۆڵلە کـــۆسە
لە مـــە کـتەبعرفان،هـەر سـاحەیو پـۆسە
زیـــارەت حـــەزرەتوەیس،ئـاشقپەیغەمەر
لە کـــیست چـــووگە،نـەچی تـۆ ئـە گـەر
بـــۆ کـــۆسەی‌هەجیج،سـەفەر زۆر خـوەشە
ســـرۆشتی زۆرجـــوان،هـــەوای‌دڵکـــەشە
ســـنەی خـــۆشەویس،پـــریە لە تـــە کـیە
مـــەستێ،هـــا لێـــنا،هـەر کـە گـەرە کـیە
تـــە کـیە و خـانەقا،جـێ رەقس و سـەماس
تـــە کێ خـوا،لە ئـێنا،مـن ئـەمگرد تـەماس
زیـــارەتان تـــایلە،لە پـــای کـــۆچکەرەش
پـــاتۆق دەروێشـــێ،بـە نـاو مـەشکەرەش
روو بـــــــەشارسەقز،مـــــەسیرفەیزئاوا
ئـــیسەیچ وەک جـاران،زور خـوەشە،بـاوا
خـــوەش عـــەباس‌ئاوا،هـــەم ســپوورئاوا
خـــوا خـــەفەت لە دڵ،گشت ئـــەوان لاوا
مـــەردم زەحـــمەتکێش،لە خـیابانغەفوور
پـــر لە پـــیاوانـــی،چـالاک و جـەسوور
چـــواردیـــواری،لە،حـــوومەی پـــادگان
جـــێگەی خـــەڵوەتێ،بـــۆ دڵـــدادگـــان
ئـــەونە خـــوەشم تـێ،مـن لە دەور مـەیان
بـــەخوا نـــاتانم،وەســـفی کـــەم،بـــەیان
بـــازار هـــا لەنـــاو،خـــیابانی ســیروس
پـــر لە عـــابر و تـــاکســی،ئـوتووبووس
بـــەعزێ رۆژ شـــڵۆق،وەک شـــارمرۆچە
ئـــــەیژم شـــڵۆقە،مـــەیژن بـــە تـــۆچە

خوارخیابان‌سیروس،مزگت‌گەلەخان
لێنا،ئەیزانی فەقیر،خوەی بە خان
ناو مووسایەکان،بەر ماڵ دۆمەکان
هات و چوون کورگەل،تەک کەنیشکەکان
ئینتەهای سیروس،تەپی‌بەهارمەس
فکرناکەم بچێت،لە بیری هیچکەس
زۆر خوەش‌مەنزەرەس،رێگەی‌گریاشان
دار و درختی،کەی جێگەی حاشان
ژوور مەیان‌ئەمین،کانی‌کووزەڵە
ئەچواین،ئەماندا،دەف و دووزەلە
گوڵشەن و چوارباخ،لە تەک یەک هاوسان
ئێنەیچ شڵۆقە،زمسان و تاوسان
زیندان‌مەرکەزی،نزیک ئکباتان
پڕ لە زیندانی،دوور بێ لە لاتان
دارەتاشەکان،ژوور عەباس‌ئاوا
لە خوا تەڵەب کەن،رزق خوەیان داوا
کەمێ دوور لا شار،چەم‌قەساوخانە
ئیسە ئیسفاڵتە و،رێگەی پانە
چەمی گریاشان،چەم‌حاجی‌نەسێ
زۆر خوەش‌مەنزەرەس،بە چاو هەرکەسێ
بێ‌ئاو،بێ‌دەریا،جادەی‌ساحلی!
لێنا هەر ماگە،چەن ماڵ کاگڵی
لە بیر مەردم چوو،چەم‌دەرەبەیان
نەی‌ئەدا لێنە،کەس بە غەم،مەیان
ماڵ کریاگەسەو،لەدەور تەپ‌رووسی
بەیتێ لەم شێعرە،بۆ ئێنەم نووسی
پڕ بووگە پڕدبەن،لە ماڵ و دووکان
کایەی‌منالیان،هێشتا هەلوکان

ڕێ باوەڕێز و،جادەکەی سەقز
تا بەفر ئەوارێ،ئازا ئەوێ خز
ئاوی سەد یا خوا،هەرگیز وشک نەوێ
ئاو ئەگەر نەوێ،ژیان سەخت ئەوێ
لە ڕێ باوەڕێز،پردشێخ،دیارە
ڕێگەکەی ناساف،پر لە شیارە
کەرجۆ،باوەڕێز،دووشان،قەرەیان
لە ڕۆخانەیان،ئاوخوەش،جەرەیان
نەوەرە،کەمێز،هەروا،ئارەنان
هەرسێ ئەگۆزەرێ،لە پشت پادگان
نەوەڕە،زادگا و،مەرقەومەردۆخە
نەبوونی مایەی،سەدئاخ و ئۆخە
لە ئارەنانە،مرادئەنساری
ساحەیوحۆرمەتە،لای زاتی باری
هەڵووچەی نایسەر،خەیارتەوریوەر
لەناو مێوەکان،بە وێنەی زیوەر
بوو بە پادگان،دێهات سەرنوێ
ئەرتەش لازمە و،ئەشێ هەر بوێ
شاردیواندرە،شار خەڵکی دڵپاک
ژنانی شێر و،پیاوانی زۆر چاک
شارسەقز خوەشە و،خەڵکی باشەرەف
زمسانی سەردە،سۆزێکی بەترەف
هەر بژین بە کام،خەڵکی کامیاران
نەسیبتان زۆر بێ،ڕەحمەتی باران
هەروەک بەهەشتە،ڕێگەی مەریوان
لێنەو دیارە،ئاوەکەی سیروان
شاری مەریوان،خوەش بە زرێوار
پر لە مۆسافر،هات و چوون ڕێبوار

شـــــــاری‌نازداران،شـــــــاری‌بانەیە
پـــر لە گـــوڵ‌زەریف،هـــەم پـــەروانـــەیە
دەگـــــــوڵان بـــــەراس،شـــاری گـــوڵانە
شـــــــاری‌سۆنبۆڵ و،شـــــــاربۆڵبۆڵانە
قـــــــۆرعانی‌نگڵ،ســـــــاحەیوحۆرمەتە
تـــۆز ئـــەوقۆعانە،بـــۆ خـــەڵك تـــۆربەتە
ســـــــۆڵئاوا نـــــــزیك،شـــاری‌مەریوان
دەروێشـــــی‌مەسە،بـــە دەف،بـــە دیـــوان
شـــــــارخـــــــوەشی‌بیجار،بـــەرزترین‌شارە
خـــــەڵکیان‌نەوینم،کـــــە بـــەختیان لارە
خـــەڵك‌شاری قـــۆروە،دڵـــیان زۆرســـافە
ســـــادە و ســـــەمیمی،وەك خـــــەڵکی‌جافە
ســـــــەربەرزی‌وڵات،ئـــــاواتـــی«نـــادر»
شـــــناسنامەی مـــن،لێـــنە بـــوو ســـادر

# بووگم بە شاعێر

مــن بــووگمە شـاعێر،شـاعێردووچاوت
هـەم چـاوی‌مەستت،هـەم زۆڵـفی‌خاوت
بــووگم بــە نــەقاش،وێــنەت ئـە کێشم
بــــەشکەم کــە کــەم‌بێ،لە ژان و ئــێشم
هــەم بــووگمە کــاتب،ئـەنووسم لە تـۆ
حەیف کە نـاتوینم،نـامەیك بـەم بـە تـۆ
بــووگم بــە خــەتتات،ئـەنووسم نـاوت
دووری،لە دوورەو،هـەر ئـە کـەم قـاوت
بــووگم بــە کــافر،بــووگیتە خــواکـەم
لە مـە کـتەبی‌عشق،هـەرتۆیت سـواکـەم
بـووگمە ئـاشقت،دڵ خـوەم داگـە پـێت
بۆ دووچاوی تـۆ،بـەخوا،بـووگمە شـێت
بووگم بە ئاشق،هـەم شـێت،هـەم زەلیـل
خــوەشم نــایت ئــیتر،لە مـەنتق،دەلیـل
بــووگمە غـەمخوارت،غـەم‌تۆ،غـەم مـنە
غــەمی‌تۆ،خــوەراك،بـۆ هـەر ژەم مـنە
بووگم لە بەر تـۆ،دەس بـە دامـەن‌گشت
لە دنــــیا ئــازیز،بــێ‌تۆ ئــە کــەم پشت
بــووگمە ئــەونانە،ســوتیا لە بـان سـاج
بەدڵ دڵسووزیاگەو،مـاگـم هـاج و واج
بووگم بـۆ نـازت،هـەر خـوەم خـەریدار
«نــــادر»،بــــەتاسەت،مــــۆشتاقی‌دیدار

# بەختەلارەکەم

سازکە بە سازت،مۆترب،ئاوازێ
دڵم زۆر تەنگە،بۆ یاربەنازێ
تەقدیر و تاڵع،بەختەلارەکەم
کردگیە دوورم،زۆر لە یارەکەم
تەرچك و ناسك،وەك پەرەی گوڵە
دەنگێ جوانەکەی،هەروەك بۆڵبۆڵە
زەریف،باڵابەرز،خوەش خاڵ و خەتە
ژیر و بەرێز و،ساحەیو حۆرمەتە
عاقڵ و فەهیم،ماقووڵ و سەنگین
وەك گوڵباخەکان،زەریف و رەنگین
بێجگە لە چاوی،نەمدی چاوزەریف
لە ناو دڵبەران،نەیبوو کەس حەریف؟!
شایستە و شایان،سەدئافەرینە
بەهارم بێئەو،گەڵاوەرینە
سەرچاوکەی ئۆمید،بۆ ژینی منە
ئیمان و باوەر،هەم دینی منە
نەوینێ یارەب،زەرەر یا خەسار
نەوێ لە لای کەس،هەرگیز شەرمەسار
لە دەس دڵیخوەم،بێزارم،بێزار
چاوم هەتا سفح،لە هیجری،بێدار
ئەسرینی«نادر»،رژیا بە دامەن
دووچاوی ماتڵ،هاتنی نامەن

# بەرخ و دێو

سێ‌دانە بەرخ بوون،ئەژیان لە باخێ
دوور لە هەر بەڵا و،هەر ئاخ و داخێ
هەرسێ چەرمگ و،شیرین و زەریف
لە ناو بەرخەکان،نەیان بوو حەریف
هەرسیانیان بەڵا،جەسوور،هار و هاج
چاویان شیرین و،دیانیان،وەکوو عاج
لەم لا،بۆئەولا،ئەهاتن،ئەچوون
هەمیشە و دائیم،لە تەک یەکا بوون
فرز و چالاک و،شاد و بێ‌پەروا
رۆژیان بە کام بوو،شەویچیان،هەروا
لە تەک یەک،ئەچوون،هەرسێ بۆکانی
بەرزیکیان بدیایت،ئەچوانە بانی
بەداخەو رۆژێ،گەی بۆیان بەڵا
دێوێ هاتەدەر،ژێر بووتە و گەڵا!
دێوێ گوشتاڵ و،نەحس و بەوتەرکیب
قیافەی بێ‌تام،نابار و عەجیب!
کەفتە تەماعی،خواردن بەرخەکان
زوانی،بۆئەوان،لە دەم ئەچەرخان
دەسی بۆئەوان،هەر ئەدا تەکان
بیان‌خەڵەتنێ،بیان‌خوات بە نان!
بەرخەکان،زانا،هەم بێ‌باک و فرز
دێویان کردە شێت،هەم گێج،هەم شپرز
دێوی سەرگەرم کرد،دانەی لەوانە
بە شۆن شیشەی‌عۆمر،ئەو یەک،رەوانە

کەفتە دەس ئەوان،شیشەی عۆمری دێو
بە قەسدی کوشتن،دایان لێ،بە چێو
بە شێوەی خاسێ،دێویان خستە داو
باوکیان بە عەینی،هاوردە بەر چاو
شکاندیان شیشەی،عۆمرئەوخەبیسە
وەختێ کە دێو مرد،خستیانە کیسە
بەرخە کان،دێویان،فەوری کردە چاڵ
جا لە خوەشی دا،کردیان،گرم و قاڵ
زوڵم بە بەرخە کان،ئیتر بوو تەواو
ئیتر دێوێ نەو،بەرخێ کا کەواو!
دێویان لە بەین برد،بە هۆش و تەدبیر
هەرچەن نیان بوو،تفەنگ،لە تەك تیر
بەرخەژیرە کان،هەر بە یە کیەتی
دەریان کرد لە ژین،دێوی لەعنەتی
نەچوونە ژێربار،زۆر و مەینەتی
گەین بە ئازادی،هەر بەم راحەتی
هۆشیاری،زامن،رەستگاریە
پشتیوان مەزڵووم،زاتی باریە
مەزڵووم بەرانبەر،زاڵم ئەوێسێ
بە دەستی خاڵی،یا کە بە ژێسێ!
«نادر»،بە ئاوات،رزگاری ئێوەس
شێعری ئەو فەقەت،بۆ رێگە و شێوەس

# بەرق‌سێ‌فازچاوت

بـــــەرقی‌دووچاوت،بـــەرقی‌سێ‌فازە
بـــە خـــاتر ئـــەوە،وا پـــر لە نـازە
تـۆ حـووری،پـەری،یا کوو بنیامی؟!
کـە فکـر و زکـر و،دیـن و دنـیامی؟
نـەمدی کـەس ببیێ،شیرین‌شێوە کـەت
کەی تی تواشا کـەم،کـەنین‌لێوە کـەت؟!
تۆ گوڵنەستەرەن،خـوەشبۆ وەک یـاسی
ئـــەونە شـــیرینی،نـــا کـرگێ بـاسی
زەریـف،چـاوشیرین،بـەوێنەت کـیە؟!
خوا تەکە و،تۆ تەک،کەس وێـنەت نـیە
لە تەک‌تۆ خوەشە،سەحرا،چەمەن،باخ
وێرانە تـەک‌تـۆ،خـوەشتر لە سـەد کـاخ
دەردەداری‌تـــــــۆم،نـــــازارتـــەبیبم
هـەر تا کـە مـاگـم،هـەرتۆیت حـەبیبم
تـا کـەی نـەتوینم،بـێژەپێم،تا کـەی؟!
دەرگای‌ماڵە کەت،کەی بـۆمن واکـەی؟!
نـامەوێ هـیچکەس،تـەنیا،مـەگـەرتۆ
تـــانەم لێ‌ئـــەدەن،مـەردم لە سـەرتۆ
ئـــەزانـــم‌بۆتۆ،ئـــەی شـــیرین‌بەیان
ئـەمدەن لە سـێ‌دار،لە دەوری‌مـەیان!
لە بــیرم نـــاچی،تـــا رۆژی‌نـــەمان
تـا تـاوت «نـادر»،نـەگـرن لە سـەر شـان

# بەوقەوڵ

ئـــــەمانمۆ بـــری،بــــەدقەوڵی ئازیز!
چــوارفــەسلی ژیــنم،کــردۆ بــە پائیز
داتــە ژێــرقەوڵت،قـەوڵت،قـەوڵ نـەبوو
نـــاوماڵم بــــێ تۆ،ئـــەخوێنێ،پــەپوو
قــــەولۆ دا بـــە مــن،ســاڵی رابــردوو
ئــیسە مــن تــەنیام،تـەکدڵ گـرگردوو
بــێ تۆ زۆر تــەنیام،مـاڵم چـۆڵ و هـۆڵ
خـەفەتگەل فـرەیک،ئـەکێشم بـەکـۆڵ
له داخــی دووریت،شــەوگەل نـەخەفتم
نــەمزانــی بــۆچی،له چـاوتۆ کــەفتم!
خــــەفەتگەل دڵـــم،له حــەد هــەزاران
مــــــن کــــاپیتانم،له نـــاو هــــەژاران
بــۆ نــاگــەی ئـازیز،تـاوێ بـە فـریام؟!
بــە خـاتر چـاوت،له کـەس خوەم بـریام
مەگەر خوەت نەتوت،کە تەرکم ناکەی؟!
مــەحرووم له چـاوت،بـمێنم تـاکـەی؟!
دوورئەگری له من،نیت وەکوو جـاران
له بانسەرم،چەتر،ناگـری وەختبـاران!
هــەر خـوا،خـوا ئـەکـەم،جـارێ بـمێنم
قـــــــەولێکتر درۆ،له لێت بســـــێنم
زۆر تــــاڵ و ســـەختە،رێگــەی دڵداری
کــــار«نـــادر» بــێ تۆ،شــیوەن و زاری

# بەناز

بــــم بـــە قـــۆربانت،یـــاردڵنەوازم
ئـیجازەم گـەر بـەی،گیان بـۆت ئـەبازم
عـــەزیزنازەکــەم،نـازم بـۆ مـەکـە
لەم دونـــیا فــەقەت بـــەتۆ ئـــەنازم
هەرچەن کە زوو زوو،زۆر ئەکەم تاسەت
وەخـــتێ ئـەتوینم،زوو خـوەم ئـەبازم
بـۆ وەکـوو جـاران،لۆتـفت نـەماگـە
دۆســــیخۆشەویست،رەفـــێقهاورازم
خـــلاسیم نـــیە،لە دەس دووچـاوت
وەک کـــۆترئەسیر،بـە پـەنجەی بـازم
رێ ماڵ من و تۆ،رێ سەفا و مـەرووەس
رێگــەی مـاڵەکـەت،رێگـەی حیجازم
لە کـــوێی بـــتوینم،چـاوم رۆشـــنبێ
لە خـــەڵوەت بـێژم،بــە لای تـۆ رازم؟!
لەم دونـیا گــەورە،هــەرتۆ بـەسی بۆم
بـــەشەرتێ تـۆم بـێ،هـیچ نـیمە لازم
لە تەک گەردوون و،لە تەک جەورەکەی
نـــازانـــم مــن چـۆن،ئـەشێ بسـازم
نـەهاتگە دنـیا،کـەس وەکمـن ئـاشق
بــــاشترینئاشق،لە هـــەر لەحـــازم
بـۆ «نـادر» مـەکـە،ئـەم گشـتە نـازە
دێـــقکۆژم ئـــەکـەی،عـەزیزبەنازم؟!

# بەنازە یارم

یــارێکم هــەس مــن،کــە زۆربــەنازە
لە نـــاو دڵـــبەران،ئـەو یـە ککـەتازە
خـــواردم شــەراو و،چـــوومە بــەرماڵی
دیــم چـــرای‌رۆشـــن،پــەنجێرەی بــازە
وتــــم بـــێرە خــوار،بـەردەروازەکـــە
تــواشــای بـاڵاکــەت،زۆربــۆم نــیازە
دیــم لیـباس‌تازەی،کــوردی،جا وتـم:
«بـــە مـــوارەکت بـــێ،لیـباسی‌تازە»
کــەمێ نـازی کـرد،کـەنی،جا وتـی:
«هێن دایکێ‌عەزیزمە،سەوقات حیجازە»
وتــم:«خــوەت شــیرین،لیباست‌شیرین
دەنگێ‌دڵـــنشینت،ئـــەیژی ئـــاوازە
مـــن لە حــەنای‌تو،عــەزیزتر لەگشت
وەک ئــەو بــاڵەندەم،ئــەسیر دەس‌بازە
چـــاودڵرفێنت،دڵ ئـــەکـــا شکـــار
بـــــێ‌حەد شــــیرینە،زۆر،بـــێ‌ئەنازە
وتــی پــێم بـەناز:«دڵ بـەدڵ ری هـەس
نەیژی بـە لای کـەس،چـۆن ئـەمە رازە»
وتـی:«خـواحـافز»،دووربـوو لە بـەرچـاو
دیــم حــاڵم بــێ‌ئەو،فـرەیک نـاسازە
خـۆ نـاگـرێ«نـادر»،ئـارام دوور لە ئـەو
یـــارم بـــێ‌هاوتا،لە هـــەر لەحـــازە

## بەهەشت

بــەهەشتم بــۆچیە،بــێ تۆ بــە قــۆربان؟
ئەگەرچــی هــاتگە،وەسـفی لە قــۆرعان!
بەهەشت ئەو جێگەیە،زۆڵفت بکـەم نـاز
بکـەی پـەلکەت بـە خـاتر عـاشقت،بـاز
بەهەشت ئـەو خـەڵوەتەس،نـازت بـوینم
قـــژ و زۆڵـــفی‌درێژ،بـــازت،بــوینم
زەریــف‌تر لە گــوڵی،بـاخان و دەشـتی
شـــیرین‌تر لە کــچی،تــاران و رەشــتی
تۆ شیرین‌تر لە گشت،حووری بـەهەشتی
دووچارە چـاوی مـن،بێ تۆ بـە نـەشتی!
بــەهەشت مــاڵی تــۆە،نــازارەکـەی‌من
کەمێ کەم‌کە،تۆ خـوا،ئـازارەکـەی مـن
جــەحانم،یــانێ دووری تــۆ،نـەبوونت
نـــەوینێ چـــاوگەلی‌من،رێگــەروونت
تـــۆ بـــووگیتە بــۆتی‌من،ئــەتپەرەستم
هــەزار و بــێکەسم مــن،بگــرە دەستم
بە قۆربانی‌تۆ بم،خوەش قەدد و قـامەت
مــەکــە نــاز و،مــەکـە بـەرپا،قـیامەت
دڵــم داگــە بــە تــۆ،ئـەی دڵـروباکـەم
بە غەیر بۆتۆ،بۆکەس،من سجدە ناکـەم
بــەهەشت،ئـەو جـێگەیە،تـۆ بـی لە ئـێنا
دڵــی«نــادر»،کــەسێ‌تر،غـەیرتۆ،رێ نـا

# بێ نەجاتم بە

ئـــیسە کـــەتۆ نـیت،پـرکەی پـەیمانە
ئـەچم تـەك خـوەما،شـەو بـۆ مـەیخانە
عـاقڵ بـووم رۆژێ،کـە تـۆم دی بـەچاو
ئـــیسە عـــاشقم،شـــێت و دێـــوانـە
بـــرۆ،بـرژانگ و رەشـی چاوەکـەت
مـــنیان خست لە پـا،عـەزیزدۆردانـە
فـــریومی داگـــە،چـاو زۆربـەنازت
دووچـــاوی نـــازت،زۆر فـــرەزانـە
بـۆچی وەك جـاران،تـۆ نـاکـەی بیرم
لە بـــیرت چـــووگم،دۆســـی تاقانە؟
بـــاران ئـــەوارێ،لە هـەر دووچـاوم
تـێتە بـەرەو خـوار،وەکـوو رۆخـانە
گـوڵەیاسەکـەم،یـاس بـووم لە ژیـنم
ئەسووزم وەك شـەم،بـە دەور پـەروانـە
ئـای بـە لامـەوە،هـەروەك غـەریبە
چـەم کـرد تـەك منا،بـووگی بێگانە؟!
هـــەر وا ئـــەزانـــم،دنـیا رمـیاگـە
گـێرم کـــردگە،لە ژێـــر وێـــرانـە
رۆژێ ئـــەزانـــم،تـــی مـن بـوینی
نـــەماگـــە لە مـن،بـەغەیر ئـەفسانە
زەجـری «نـادر» مـا،بـەم گشـتە نـازە
بـــێ نـەجاتم بـە،مـەرد و مـەردانـە

# بێوەفا

زەمـــانێ تۆ عــەزیز و،گشکــەسم بــوویت
بۆ شادی،بۆخوەشی،هـەرتۆ،بـەسم بـوویت
له بـیرت بـرد چـه زوو،قـەوڵ و قـەرارت!
درۆزن،هــــەم خــوەت و،چــاوپرشەرارت
بــۆ بــێزار بـوویت،له یـاری بـاوەفا کـەت؟!
بەچاو خوەم دیم عەزیز،جەور و جەفا کەت
چ جــۆر ئــاخر بکــەم،جـەوری تۆ بـاوەر؟!
له رۆژمــەحشەرێ،خـوات،ئـەگـرم بـە داوەر
بــرو،نــەمدی له تــۆ،غـەیرێ جـەور و ئـازار
له بــــەر چـــاوانــی مــن،کــەفتی تۆ،نــازار
بــــرو،فـــەرقی نــەما،بــوون و نــەبوونت
خــەتام کـرد واکـه خـوەم،کـرده زەبـوونت
خــۆ نــازانـم کـه وەک تۆ،مـن جـەفا کـەم
له تــــۆ بــــێزارم ئـــیتر،بـــێوەفا کـــەم
تۆ لایق نیت کە من،خـوەم کـەم بـه ساقەت
تــــۆ نــــازانــی بــەخوا،دۆســی،رەفــاقەت
دڵم خوەش کـرد،بـه قـەوڵی تـۆ،بـه نـاحەق
له رۆژمەحشەر،به من،هەر خـوا،ئـەدا،حـەق
گــوڵێ بـووم،ئـیسه وەک بـەرگی خـەزانـم
تــــۆ رۆژێ،تـــیته ســــەرقەورم،ئــەزانــم
مـــنی ئـــاشق،بــــەشێتێ،هــەر ئــەزانــی
تــۆ قــەدری عشـقی«نـادر»،جـا چـەزانـی؟!

# بێوەفای زوان تاڵ

کــردۆ تــەک مــنا،دەعـیەی رەفـاقەت
دڵــــی خــوەمم کــرد،بــۆتۆ بــێتاقەت
بە قەولێ کە دات،هیچ نەمکرد شەکێ
چـاکــە و خــراپــە،لە لای تـۆ یـەکێ
عــەهد و پــەیمانت،جــێ بـاوەر نـەبوو
دڵت ئـــەک دڵــما،هــیچ یاوەر نــەبوو
زوانــەتاڵەکــەت،هــەروەک چـزی مار
کــردمیە گــریان،رۆژێ دوو ســە جـار
هەروەک نمەک بان،زەخم و زامی تـۆ
ئـــەیژیتە زەنـــجیر،دەس و پـامی تـۆ
لە بـــان زامــــی دڵ،نــمەک ئـەپاشی
جـا لێـم ئـەپرسی:«عــەزیزم بـاشی؟!»
هـــەر لە حــەیوەتا،دوورم گــرد لە تـۆ
کارێکت نەکرد،دڵ خوەش کەم بـە تـۆ
ژیــنم بــە دەســتەو،زۆر تــاڵ و بـێتام
بــە زەرب شــیرینی،شـیرین ئەکـەم کـام
زەنـــجیرت هـــێشتا،هــا بــە پـامەوە
تـــاوێ لە لای تـــۆ،نـــەحەسیامەوە
هــەرچــەن لە دەســتەو،فـرەم نـارازی
شکــایەت نـاوەم،هــەرگیز بــۆ قــازی
ژین خوەم بە نـەختی،دا لە سـەر چـاوت
کەی خاسی«نادر»،هـا لە بـەر چـاوت؟!

# پەروەندەی عشقت

پەروەندەی عشقت،مەختوومە ناوێ
هەر بیرت ئەکەم،تاوێ نەتاوێ
وێڵم بە شۆنت،لە ناو شارەکەم
بە بارێک خەفەت،حاڵی خراوێ
بوومە شێت باڵات،ئەورۆژە دیتم
دڵت سەند لە من،بە گۆشەچاوێ
وردیزوانم،بووگە ناوەکەت
نەمبیست لە ناوت،شیرین تر ناوێ
زەردە رۆخسارم،دڵم پر لە ژان
فرمێسکی چاوم،وەک جۆگەئاوێ
کاری دووچاوم،گریانە،گریان
ئەسرین تێ لەچاو،وەکوو لافاوێ
ماگە لەدڵما،حەسرەت دیەن تو
کەی بێ ئەورۆژە،لێم بکەی قاوێ؟
خوەش ئەورۆژە وا،بیت و دووبارە
وەک ساقی بۆ من،داکەی شەراوێ
مەر خوا با نەجات،من لە دەس چاوت
نەجاتم ناوێ،گەفتگمە داوێ
شەرتەکە هەرگیز،نەتکەم فەرامۆش
هەرتاکە رۆژێ،نیم نەفەس ماوێ
تەرکی ژین خوەشە،بێ تۆ بۆ «نادر»
خواحافزی کات،بە لەرز و یاوێ

# پەژارە

پــــر لە پـــەژارەس،ئـــەم ســـینە بـێ تۆ
پــــــــر لە ئـــاژاوەس،ئـــەمژینە بــــێ تۆ
خـــەسە و مـــانگ و،هـــیلاک لە ژیـــنم
کـــــــەی تی بـــوینی،جـــەمین پرچینم؟!
کـــــــــردگیە دووریت،بـــێزار لە ژیـــــنم
تـــۆ بـــووی بـە بـاعیس،دیـن و ئـائینم
جـــا چـــۆن نـــەناڵم،بـــۆ بـەختی شەرم
چـۆن شـیوەن نـەکـەم،بە چاوی تەرم؟!
بـێژە پـێم چـەبکەم،مـن بـە دڵشکیاگ
نـــــــاوێتەو تــــەزبێح،تــــەزبێحی بریاگ!
لێم ئەکـەن دووری،خـوێش و،هـەم ئـەغیار
ئەیژن بـۆچ داگـتە،دڵ خـوەت بـە دڵدار؟!
ســـەرشور و رۆســـوام،لە نـاو شـارەکـەم
پــــر لە مـــەینەتی،تـــواو شـەوگارەکـەم
رۆســـوا و شـەرمەندەم،ناکـام و بـەدناو
مــــاڵم رووخـــاوە،هـەم کـەفگە سـەرئاو
بـــێ تۆ گـــەر مـــردم،گیان تۆ سـڵامەت
دیــــــەن دووبـــــارەت،رۆژی قـــیامەت
هـەروەخت وەختی گـەی،تـۆ بـە جـێ بێڵم
هــــەزاران غـــەزەل،بـۆت بـە جـێ تـێڵم
دوور بووی لە«نادر»،بـەداخـەو،سـەدحەیف
بـژی بـەختەوەر،خـوەشحاڵ و بـەکـەیف

# تاق و تەنیام

کــــەفتمەبیر رۆژان،خــوەشی‌رابــردوو
بــیر ئــەوکاتە وا،یــار لای‌دەســم بــوو
دڵـــم بـــێتاقەت،خـــوەم بـــێقەرارم
لەو رۆژەو کــە وا،دوور بــووم لە یــارم
بـــێکەس،بـێنەوا،هــەم تــاق و تــەنیام
بـــە دەس‌دڵـــبەرم،لە ریشـــە کــەنیام
لە چــاو وەک دەریــام،ناپرسێ حــاڵێ
خــوەشی‌ژین بــێ‌ئەو،بــووگە مــەحاڵێ
بــۆ دیــەن بــاڵای،چــاوەچاو ئــەکــەم
چــاوم لە فـرمیسک،پـر لە ئـاو ئـەکـەم
داخ ئــەو عــەزیزە،وەک ئـاگـر،داخـە
گـوڵێ‌تر وەک‌ئـەو،کـوا لە ئـەم بـاخە؟!
جـوانیم دا لەدەس،بۆ جـوانـی چـاوی
بــۆ بــوون و نــەبوون،تــاوێ نــەتاوی
نە مانگ وەک ئەوە،نە حووری،پـەری
نــەوێ لە لۆتــف‌خوا،هـەرگیز بـێوەری
ئــەچم تــەک خـوەما،تـەنیا بـۆ سـەفەر
خوەشم تـێ نـەیبێ،کـەسێ لێـم خـەوەر
خـــوەشە بـــیوینم،رۆژی رووبـەرووم
بـپرسم بـۆچی،مـن لە بـیرت چـووم؟!
«نـــادر»،ئـاشقی،کـێ ئـەیژێ خـاسە
وەفـــای‌دڵبەران،کـێ ئــەیژێ راســە؟!

# تۆ دنیا و دینم

تــــۆ دنــــیا و دیــنم،خــوەشیجەهانم
کــەی تــی نــەجاتم،بــەی لە جــەحانم؟!
کەی گرێ کوێری،ژیـنم بـازئەکـەیت؟!
کەی سازیژیان،بۆمن ساز ئـەکـەیت؟!
کـەی ئـاو ئـەکـەیتە،بـان ئـەم ئـاگـرە؟!
بـــێ لە بــان شــانم،کــێفغەم داگــرە
تــــیریبرژانگت،تــــیری قــــەناسەس
وەخــــتێ ئــەمپێکێ،کــارم هــەناسەس
تــــۆ چــاوی مــنی،نــامکرگێ بــێچاو
وەك ئــەو مــاسیمە،نــایکرگێ بــێئاو
تەقدیر خـوەشینایت،کـە ئـاشت بـینەوە
نــزیك بــە فــەسڵی،بــەرداشت بـینەوە
ژیــــــنی مــــن بــــێتۆ،دنــــیائاخرە
رژیـــا بــــە ســــەرما،بــەڵاگــەل فــرە
بــــۆچی ئــــەچرنی،تــــەزبێحژیانم؟!
گــەرەکـتە ئــاخر،تـۆ چـی،لەگیانم؟!
گــەر بــیتەو بــۆ لام،تــەوافت ئـەکـەم
جا ئەگەر نەیتەو،خوەت بێژە،چەکـەم؟!
هــــاتنت بــــۆ لام،هــــەرئەونە خــاسە!
وەك خـوەشی تـەختە و،هـاوردنتاسە!
شــەوێ بــێ،شــەراو،لە بــۆمن داکــە
رەحــــم بــەئ«نــادر»،کــارێکێ چــاکــە

# تۆریاگی لە من؟!

تۆریاگی لە من؟!،بۆچی،بە قوربان؟!
چی قوماوە لێم،بێژە تۆقۆرعان؟!
تۆبۆم تەبیبی،بێ بمدە تەسکین
لە دڵ لاوە کین،خوەت بێژە،چەس کین؟!
رەنج منۆ فەوتان،بە قار و نازت
ما لە بان دڵمەو،بم بە هاورازت
هەژار و کز و بێ خانومانم
هەر خوەم ئەزانم،چەن بەسەزوانم
دڵم لە دووریت،دائیم هەراسان
خوەت ئەموشکڵمە،بێ حەڵکە ئاسان
حوزوورت ئەکات،مورادم حاسڵ
کەی ئەکەی دڵمن،تەک خوەشی واسڵ
گەر قاوم بکەی،من بە سەر راکەم
هەرتاگە ماگم،بێ ئەمریت ناکەم
رۆژێ بێرە لام،سەیرکەم دووچاوت
پێش ئەوە نازار،بمنن لە تاوت
بۆم بروا کەمێ،بە گۆشەی چاوت
لە گوێچکم بێژە،قسەی حەساوت
عشقت بە هیچ جۆر،دەرناچێ لە دڵ
ئاخر عاشقتم،ئازیز پربەدڵ
ماف و حەق «نادر»،بەخوا وانەبوو
رۆژ ئاشنائی،پشتی تا نەبوو

# تۆ کردۆ شێتم

تــۆ چــوویت و عشـقت،لە دڵمـن نـەچوو
ئـــەمدی هــەرکەسێ،هــەر لە تــۆ ئــەچوو
درگــاگــەڵخوەشی،تــۆ بــەستۆ بــە رووم
تــۆ کــردۆ شــێتم،خــۆ مـن شـێت نـەبووم
لە دووری‌تــــــۆیە،وا کــــە بــــیرەنگم
هـــەر قــاوتێ ئــەکــەم،نــاژنەوی دەنگــم
چەم کرد و چەم وت،منت هێشت بە جێ؟!
لە دوای‌تـــۆ دەردم،مـــن بــێژم بــە کــێ؟!
شکــــاندۆ دڵـــــم،تــــۆ چــۆن دڵت‌هــات
نـــترسیای خـــوێنم،بــنووسن بــە پــات؟!
مــن کــە غــەیر خــوەشیت،ئاواتـم نـەبوو
خـــەتای مــن و دڵ،بـێژە پـێم چــەبوو؟!
لە مـــاڵ و لە دەشت،لە ســەحرا و لە بــاخ
چـۆن لە تـۆ دوورم،هــەر ئــەکێشم ئاخ
یەخەی‌چەرخ‌گەردوون،بێ‌تۆ چۆن نەگرم؟!
لە دووری‌بـــاڵات،بــێژە بــۆچ نــەمرم؟!
تکــــام لەگـــــەردوون،بـــۆ ئـــاخرین‌بار
پــــێم بــــات جـــارێ‌تر،مــــەجاڵی‌دیدار
بـــە ئـــاواتدیـــەن،تــۆیە،کــە مــاوم
چــــاوەچاو ئـــەکــــەم،بـــتوینێ چــاوم
بــــێرەوە لای «نـــادر»،خـــوەشی بـێرانـە
کـــاخی‌ئاواتـــی،مــــەکــــە وێـــرانــە

# تەبیب دەردە کەم

نەخوەش بووم،نەهات،بپرسێ حاڵم
نەهات بە دۆسی،بگرێ ژێربالْم
نەهات وەک تەبیب،بگرێ یاوەکەم
فرمیسکی فیراق،هات لە چاوەکەم
بێ ئەسەر ناڵەم،بێ دەرمان،دەردم
لە هاوێنی گەرم،دوور لە ئەو سەردم
تەبیب دەردە کەم،بوونی شەفایە
بێ ئەو ئەم دونیا،کەی جێ سەفایە؟!
بۆچیمە دەستم،نەگرێ دەستی ئەو
چاوم بێتاقەت،چاوی مەستی ئەو
دڵ ئەسیریار و،خوەم دوور لە دڵبەر
ناکەفێ هەرگیز،ئێشقی ئەو لە سەر
بەهارم بێ ئەو،سەردە وەک زستان
بۆ ئەو ئەگیرم،وەک تفڵ دەبستان
بەخێڵی ئەکەم،بە کۆتر،بە مەل
بە فرین بۆ لای یار،دووری ئەکەن حەل
هەرچەن بیوینم،دووچار لەرز ئەوم
بە ئاوات دیەن،باڵای بەرز ئەوم
جەم ئەکەم هەرروژ،لە رێگەی غۆبار
با تۆز نەنیشێ،لە یار چاوخۆمار
وێنەی شیرین تر،لە فەرروخ لەقا
دوورێ ئەو «نادر»،دەرتێرێ لە پا

# تەحریم

لە لۆتــفت نـازار،بـۆ ئـەمکەی تـەحریم
بۆ دوور لێم ئەگری؟!من ماریژەحریم؟!
لابــۆد،بــێ گــۆمان،لە بـیرت چووگم
بـیخەمە بـیرت،کـە مـن کـێ بـووگم؟!
لە بــــــیرتە ئـــەتوت،چـــەنێبامەزە!
«خەفەتخواردن تۆ،بـۆ مـن نـاحەزە؟!»
بــــە نــــاز و ئـــەدا،دڵمــــنت لەرزان
دڵـــیدێوانـــەم،داپـێت بـە هــەرزان
ئـیسە چـە بـووگە،چـە کـریا عـەزیز؟!
کە چوویت و خوەشی،لێم بریا عەزیز؟!
دڵـــم کـــوڵەیتێ،بــۆ دیــەنباڵات
حـــاڵم مــــەپرسە،وەخــیمە حـاڵات
تـۆچوویت و دڵمـن،دائـیم رۆرۆیـە
ئـــەۆپەڕ ئـــاواتـــم،وســـاڵی تـۆیە
هەر زووخاو ئەخوەم،بۆ بـەختی شـەرم
بـــۆ چـــاویسوور و،هــــەمیشەتەرم
تـا بـیرت ئەکـەم،چـاوم تـەر ئـەوێت
تەکێ دڵما لە سەر،تۆ هەر شـەر ئـەوێت
عــەزیزچـاودۆرۆشت،دەمبـووچکەلانە
دنـــیای مــن بــێتۆ،بــووگە بــە لانــە
منت بە جێ هێشت،چە سـەهل و سـادە
ئـــیسەتۆ ســـوارەیت،«نــادر»،پـیادە

# تەک دڵما قارم

دڵــــی عـــاشقم،ئـــەکـــا ئـــازارم
هــەر لە ســەر ئــەمە،تەک دڵـما قـارم
ژیـــــنی‌شیرینی،لە بـــەر چـــاوانـــم
کـــــردگە زۆرتـــاڵ و،بــە زەهــری‌مارم
دەوران‌دەوری‌مـــن،نــەردە و حـــیسارە
دونیا وەک قـەفەس،مـن وەک هـەزارم
نـــازانـــم چـــەبکەم،لە دەس ئــەم دڵــەو
دائـــیم لە دەس دڵ،مـــــن لێـــوبەبارم
نـــۆشین‌شەراو و،خـــەفەت دووری‌یـــار
بـــووگە ســـــفحانە و،شـــام و نـــەهارم
ڕۆژ وەک قەناری،شەوگەل وەکوو نەی
نـــاڵە نـــاڵ ئـــەکـــەم،لە دووری یـــارم
ڕەحـــــمی نـــەماگـــە،عـــەزیزجـــارانـــم
بـــەزەی نـــای دڵـــبەر،بـــە حـــاڵی‌زارم
کـــڵافە و نـــاڵان،لە دەس ئـــەم دڵـــە
هـــــەر لە بـــــەیانی،تـــــا شـــــەوی‌تارم
نـــە یـــار لە پـــاڵم،نـــە ســـەبرم مـــاگـــە
فـــەقیر و تـــــەنیا،بـــێکەس،هـــەژارم
نـــە زەنگ،نـــە پـــەیغام،تـێ لەیـارەکـەم
بـــۆ هـــاتن نـــامەی،دائـــیم تـــەمارم
دڵ «نـــادر» ئـــەگـــرێ،زوو زوو بـــەهانە
ئـــــەیژێ بــــێتاقەت،یـــــاری‌نازارم

# تەنیام و ژین تاڵ

مــن تــەنیام،تــەنیا،تــەنیا خــوەم و خــوەم
ئـــەشێ بـــارخـــەفەت،بــە تــەنیا بــوەم
تـــەنیام و بـــێکەس،دەور و بــەرم چــۆڵ
خــەفەتگەل فــرەیک،ئــەکێشم بــە کــوڵ
بــە هــیچکەس نــەموت،من چــەنێ تــەنیام
بۆ دڵخوەشی خوەم،وەک شێت،ئەکەنیام
مـــن نـــیمە هــیچکەس،لا لێــم بکــاتەو
لە وەخت غـــەمباری،دڵـــخوەشیم بــاتەو
نـــە قـــەوم و کــەسێ،فــەریادرەسم بــێ
نـــە دۆســـێ خاسێ،دڵـــواپـــەسم بــێ
نـــە کــەس تــێ تــەقەیک،بــدا لە مــاڵم
نـــە دڵســـۆزم هـــەس،بـــپرسێ حــاڵم
نــەمبوو کــەسێ بــۆی،دەردم،کــەم بــەیان
ســـنۆق‌دڵ واکــەم،رەنــجم کــەم عــەیان
نـــە دڵســـۆزم هــەس،نــە ئــەحواڵــپرسێ
لە ژین،غەیر خەفەت،لێم نەکەفت ئرسێ
دڵســـۆز بـــووم وەلێ،نــەمدی دڵســۆزێ
خـــوەشم نـــەو،حــەتتا،لە رۆژنــەورۆزێ
نــەمدی کــە هــیچکەس،دڵــواپــەسم بێت
کـــەسێکم نـــەبوو،عـــەسای‌دەسم بــێت
کـــوا دڵســـۆزێ بــێت،بــپرسێ حــاڵم؟!
بگـــری وەخت‌کـــەفتن،زوو ژێـــری‌باڵم
نـــە مـــەحرەم‌رازێ،نـــە هـــاوموونسێ
نـــاپرسێ لە حـــاڵ،زاری‌مـــن،کـــەسێ

بێهاودەم،تەنیام،لە گۆشەی ماڵم
چەرخی زەمانە،گردوویە حاڵم
بەیانی تا شەو،هەر نائارامم
خەفەت زۆر ئەخوەم،بە جێگەی شامم
خاس بووم تەک هەرکەس،لێم دی خراوی
بە جێ جواوی خوەش،وتی خراوی!
هەروەک بایەقۆش،تەنیام لە ماڵم
کەس نای کە تاوێ،بپرسێ حاڵم
ئیتر شەکەت بووم،لەم ژینە تاڵە
من ئەو کۆترمە،بێ پەر و باڵە
مەئیۆس،نائۆمید،لە دۆس،لە دۆژمەن
هەزاران رەحمەت،بازهەم بە دۆژمەن
هەرکەس بە جۆرێ،کردی ئازارم
لە دەس ئەم و ئەو،گریانە کارم
گریانم زۆر و،کەنینم کەمە
دڵم ناشاد و،پڕ لە وەرهەمە
بەترەف و ناکۆک،ناسازە حاڵم
وەختێ ئەگیرم،ئەیژێ مناڵم
گەردەنەی ژینم،پڕپێچ و باریک
ماڵەچۆڵەکەم،هەمیشە تاریک
بەڵا ئەواریێ،لە دار و دیوار
ژینی من تاڵە،تاڵ وەکوو بیبار
ناشوکری نەوێ،ژینی من تاڵە
ئۆمید بەم و ئەو،ئۆمیدمە حاڵە
خەسەم لەم ژینە،وا بۆ من تاڵە
کاری لە تەک من،هەر زدی حاڵە
لە حەفت ئاسمان،نەمبوو هەسارە
دڵم دارزیاگ،زۆر پارەپارە

خـــاسی فـرەم کـرد،نـەمدی هـیچ خاسی
بـــە جــێگەی خـــاسی،دیـم نـاسپاسی
ئــــــەترسم ئــــــیتر،لە خـــەڵکی زەمانە
کـــار بـــەعزێ مەردم،هـــەر دڵ ئــێشانە
دڵخوەش نیم بە کـەس،رەنـجیاگـم لە گشت
گـەردوون لێـم ئـەدا،لە پشـتەو،بـەمشت
یە کێ رۆژ،یە کێ سەعات،نـەمدی دڵخوەشی
بـێزار بـووم لە ژیـن،ژانـیان پـێم چەشی
لە دەس خـــەڵک،غـــەمبار،بـێ تامە ژیــنم
هـــەررۆژ عـــزرائـیل،بـە چـاو ئـەوینم
هــەرچـەن دڵـرەحم و،نـەرم و بێ کـینەم
چـــەبکەم زامـــێ زۆر،هـا لە سـەرسینەم!
سـەعیم کـرد هـەرگیز،نـە کـەم کـەس ئـازار
هــــەرچــەن لەم و لەو،دیگــمە بـەس ئازار
ئـــازارم دیگـــە،لە هـــەرکەس جـۆرێ
دڵــم بـــە نـــاحەق،لە کـــەس نـاتۆرێ
هـــــەرچــــەن بــــێزارم لە قـــار و،لە قـین
کـــردیانە کــــارێ،بـێزار بـووم لە ژیــن
لا نـــاکـــات لە مــن،شـادی بـۆ تـاوێ
کـــەنینی ســـەر لێـو،بـۆ لێـومن نـاوێ
شـــەوێ بـــە بــێ خەم،چـاوم نـاخەفێ
وابـــزانــم خـوەشی،بـە مـن نـاکـەفێ
لە دۆس و دوژمـــەن،تـــوورەم و عـاسی
وێــــڵم کەن تـۆخوا،بـا کـەم کـەم بـاسی
بـــۆ تـــاوێ خوەشی،نـەمدی بـە چـاوم
وەلێ،دڵـــتەنگی،هـــەر کــــردی قـــاوم
رۆژ و شـــەوم گشت،بـــووگە بـە عـادی
نـــازانــم بـەدرۆ،خـوەم بـەم لە شـادی

چـــەبکەم بـــا بـــێژن،چـەنێ عـەبووسە
بـــێژن نـــاسکدڵ،یـــا چـــەنێ لووسـە
پـێم خـوەش نـەو هـەرگیز،کـەنین ئـیجباری
کـەنین‌خۆ نـاگـرێ،جـێ گـریە و زاری
خوەشم نایت بە زۆر،دڵخوەش‌کەم بـە ژیـن
خـوەشم تـێ مـاڵم،بـێت لە ژێـر زەویـن
خـــەفەت،کـاری کـرد،لە نـاوقەو جـریام
لە قــــەوم و لە دۆس،لەگشـــتی بـــریام
دەردی‌مـــن زۆرە،دەردمـــن،بـــێدەرمان
کـەی خـامۆش ئـەوێ،ئـاگـر نـاو خـەرمان
لە جەوری‌گەردوون،جا چۆن کەم ئیغماز؟!
بۆ مـن هـەر نـەیکرد،هـەرگیز گـرەیک،بـاز
لە دەس ئەم و ئـەو،لە دەس خـوەم خـەسەم
نـــیشتگەژان ئـــیتر،تـــەواوی جـــەسەم
چـەخوەش تـەنیائی،چـەخوەش بێکەسی
بگـــیری بـــۆ خـــوەت،لە حـاڵی‌مەسی
تـەنیائی خـوەشە،هـەرچـەن کـە سـەختە
کـــەس نـات ئـازارت،خـەیاڵت تـەختە
پـێم خـوەشە غـۆربەت،دوور بـم لە ئـازار
نـــەمناسێ کـــەسێ،لەکـــووچە و بـازار
ئەچمە خەڵوەتێ،تـەنگ بـێ،وەک قـەفەس
بـــا هـــەر تـەنیا بـم،نـەرەنجم لەکـەس
دووربـــم لە دۆس و،دووربـــم لە ئـەغیار
نـــەمبێ لە هـــیچکەس،خـاسیک ئـینتزار
نـــەمبێ لە هـــیچکەس،هـــیچ ئـینتزارێ
کـــە لاوا لە ســـەر،شـــانی مـن بـارێ
لە زۆر کـــەس دیگـــمە،زۆر بـــێوەفائی
بـــــۆیە خـــوەشم‌تێ،زۆر لە تـــەنیائی

خـــــوه‌شتر له غـــۆربه‌ت،تـــه‌ركی دنیایه
بــــــۆمن ئـــــه‌مدنیا،زۆر بــــێ‌به‌هایه
بـــه‌غه‌یر از له خــــوا،له گشت نـــارازی
نـــه‌میگرد هیچوه‌ختی،هیچكه‌س به بازی
چــــاوم له گــــریان،هــــه‌میشه ســـووره
ئیحساس ئه‌كه‌م خوایچ،فره‌یك لێم دووره
ئـــه‌گــــوزه‌رێ ژیـــنم،تــاڵ و بــه‌سه‌ختی
ئـــیسه ئـــه‌زانـــم،مــــانای بـــه‌وبه‌ختی
وشك و زه‌رد،وه‌كـــوو،بـــه‌رگی‌خه‌زانـــم
بــه‌م زوویــه ئــه‌مرم،مــن خــوه‌م ئــه‌زانـم
دنیام له به‌رچـاو،تـه‌نگ،هـه‌روه‌ك قـه‌فه‌س
خــــاستر بـا بـمرم،بــه تــوون و تــه‌وه‌س
نـــــه ئــــاوات له دڵ،نـــه شـــه‌وقی‌ژیان
نـــه كـاریێ ئـه‌كـه‌م،له بــۆ حـفزی‌گیان
فـــــه‌رقی‌بۆم نــه‌ما،ســاقی،نــاساقی
خـــوه‌شیم نـــه‌ماگـــه،هـیچ له‌دڵ بـاقی
كه‌ی ئه‌وم له ده‌س،خه‌فه‌تگه‌ل،خه‌لاس؟!
كــه‌ی سـه‌ر بـنمه‌وه،بێ‌ده‌نگ و بێ‌باس؟!
ژیـــــنی مـــن،حـه‌دیس،هـات و نـه‌هاته
ئـــــاواتـــــم هـــاتن،رۆژی مـــه‌ماته
نـــیمه ئـــاواتـــێ،بـــه‌غه‌یری،مـــردن
تـه‌ك ژیـن،ماڵئاوایـی،كـه‌فه‌ن بـه‌ركردن
نـــه ئـــاشق ژیـــنم،نـــه ئـــاشق ژیـان
خـوه‌شم‌تێ بـه‌ركه‌م،لیـباس،له ره‌نگ‌دیـان
ئـــــه‌ورۆژه بـــمرم،نـــه‌جاتم ئـــه‌وێ
داخـــۆم كـــه‌ی رۆژی،وه‌فـــاتم ئـه‌وێ
تـــه‌وفیر،بـــۆم نـــا كـات،بـمرم،بـمێنم
داخـــۆم گـوناحه،گـیان خـوه‌م بسێنم؟!

کـەس ئـازارمـردگ،نـادات لە ژێـرخـاک
کەی مردگ هەسی،لە جەوری کەس باک؟!
حـــالْم خـــراوە،دڵـــخوەرم،نـــاجۆر
خـــوەشی‌من خـــەفتن،لە بـان تـەتەشۆر
عـــزرائـــیل بـــە چـاو،ئـەوینم عـەیان
کـــەسێکم نـــیە،وەسـیەت کـەم بـەیان
تـــالْع‌من نـــەحس و،بـــەختی‌من رەشـە
لە شـــای و خـــوەشی،دڵمـــن بـێبەشە
دڵمـن ئـەناڵێ،لە لە دەسـتی گـەردوون؟
ئـــەسووزێ هـــەروا،بـــەئاگـر دەروون
هـەرچێ خـوەشیم بـوو،فـەڵەک لێـم دزی
تـــەرکی‌ژین ئـــەکـــەم،بـێ‌خواحـافزی
فـــــەڵەک پـــەتیارە و،زۆربـــێ‌حەیایە
زەمـــــانەی‌زاڵـــــم،زۆر بـــــێوەفایە
شـادی لێـم بـریا،مـەرگ بـوو بـە ئـاوات
ئەی چـەرخـی‌گەردوون،لەعـنەت لە بـاوات
«نـادر»،نـاشۆکـری،کـێ ئـەیژێ خـاسە؟!
کـــاری عـــاقڵان،شـــۆکـــر و سـپاسە

# تەنیا تۆم‌دەوێ

مـــن ئـاشقی تـۆم،تـەنیا تـۆم دەوێ
دڵـــی مـن هــەرگیز،بـێ‌تۆ نـاسرەوێ
نـــازانـــم ئـیسە،تـۆ هـەی لەکـوێنا
کـە بـێم بـۆ لای تـۆ،دانـیشم لە وێ
زۆر بــــــێتاقەت و زۆر بــــەتاسەتم
خـۆزگە بـتوینم،شـەوێ،نـاو خـەوێ
لاروڵەنـــج‌شیرین،ئـــەی شـــیرین‌ئەدا
ژیـــــانی‌شیرین،بــــێ‌تۆ نـــامەوێ
لە خوا تەڵەب کەم،دووچاوی مەستت
بـۆچیمە چـاوم،گـەر چـاوتۆم نەوێ
بێ بە گۆشەی‌چاو،لێم‌کە یەک‌نەزەر
ئـــاشق‌بێچارەت،بـــا دڵـتەنگ نـەوێ
بـــێ کـــە بـتوینم،وەک جـاری‌جاران
شـیرین،خـەرامـان،بـە نـاز،وەک کـەوێ
خـۆ بـە کـفر نـاوێ،بە رەسـم مـێمانی
پـــا بـــنمە مـــاڵت،رۆژێ یـا شـــەوێ
یــــاخوا نـــەوینی،لە ژیـــنت بـــەڵا
دەرد و بـەڵاکـەت،لەگـیان مـن کـەوێ
هــەرتاگـە مـاگـم،بـێ پـرسە حـاڵم
وابـزا چـووم لە بـەین،بە لەرز و تـەوێ
کــەی دەرتـی لە مـاڵ،بـتوینێ«نـادر»
کـە چـاوی بـە نـاو،چاوانت کـەوێ؟

# تێمە بەرماڵت

وەختێ ئەوینێ،چاوت،دووچاوم
لە حەیرەت چاوت،لچ خوەم ئەجاوم
تێتە بەرچاوم،زۆڵفەخاوەکەت
زوو تێتە بیرم،مەکە و لاوەکەت
بێمە بەرماڵت،خوەش ئەوێ حاڵم
بێژم بە دەنگ بەرز:«قەزات لە ماڵم»
بازکە پەنجێرە،سەر بێرانەدەر
گرم تێ بەردە،لە پا،تا بە سەر
بێژم:«تا ماگم،تۆ دڵبەرم بە
لەژێر ئاسمان،سیوەرسەرم بە»
هیچکەسێ وەک من،ئەسیرت نیە
ئاشق دووچاوت،کەس وەک من کیە؟!
بۆتۆ ئەگیرم،شێعر بۆت ئەنووسم
جا ئیمزای ئەکەم،بە خوێن ئەنگووسم
هەرتۆیت مەبەستم،لە ناو شێعرەکان
من ناگرم بەرگەی،تەکان و شەکان
حەز ئەکەم زوو زوو،قەزات خەم لەخوەم
داخوەم رۆژێ بێت،دڵ لە تۆ بوەم؟!
وەک خوەر لە پشت کێف،بەشکە گەی زۆهوور
خوەشی لە تەک تۆ،پەیاکا حوزوور
ئەگەر حەزت کرد،سەربەی لە «نادر»
ها لە بیاوان،لە ناوی چادر

# جەژنی وەهار

نە جەژنم جەژنەن،نەک وەهار،وەهار
ئەخوەم خەفەت تۆ،هەم شام،هەم نەهار
پێم وێژ ئەی ئازیز،گوناح چە کەردەن؟!
کە رازیت ئاشق،داردەن،لە گەردەن؟!
رووکەم لە هەر شوێن،باڵای تۆ وینم
حەرامەش کەردەن،فیراق تۆ ژینم
فیراق و دووریت،قەد کەردەن کەوان
بۆ تۆ گریانم،رۆژان،هەم شەوان
شکۆفە و گوڵی،باخم بۆ چیەن؟!
ئاواتی ئاشق،باڵای تۆ دیەن
چیت کەردەن ئازیز،دڵ شێتە پەی تو؟!
بۆ پرسین ئەحواڵ،بۆ لام،تی،کەی تو؟!
دونیا بە بێ تۆ،زۆر چۆڵ و هۆڵەن
خەفەت دووری تۆم،دائیم بە کۆڵەن
زۆڵفت پەرێشان،دەرهەم،بەرهەمەن
دڵ پەی تۆ نازار،پڕ لە وەرهەمەن
چی روودا لە من،کە کەی ئازارم؟!
گوناحم چیەن،عەزیزنازارم؟!
گوناح ئەو کارەس،تۆ بە من کەردەن
قەوڵ و قەرارت،تا سەر نەبەردەن
سەیری باڵا کەت،بۆ من تەوافەن
ناحەزترین رەنج،رەنجی فیراقەن
نەدین قامەتت،سەر لە من شێواں
دەنگم کە ئازیز،با بم،بە مێوان

به شـەوقدیەن تـۆ،پـەیتۆ بـووم رەوان
پەیتۆ کە سەندت،لێم سـەور و تـەوان
چـاوانـیجوانت،چـەباش دڵ ئـەوەن
وێـژ زیـاتر لەمـە،ئـاورووی مـن نـەوەن
لێوسوور و جوانت،شیرین وەك قـەنەن
کـــارم لە پـــەیتۆ،دائـــیم شـیوەنەن
لە خەڵك ئەم دنیا،هەر تۆم کرد پـەسەن
ئـــازایئـــەنامم،لە دەس تـۆ خـەسەن
بـــۆتۆم لە کـــیس دا،عـۆمر و ژیـانم
خـــوەت بـــێ بســێنە،لە مــن،گـیانم
ئەر نەی،ئـاوێزان،سـەر کـەم لە گـەردەن
نـەکـەم ئـەمکارە،تـوانـم چـەکـەردەن؟!
فەقەت وێژ «نـادر»،گـوناح چـەکـەردەن
غەیر پەیتۆ ئازیز،سەرخەمنەکـەردەن؟!

# جەفا،گوناحە

بەو وەعدە وا دات،بۆ نەتکرد وەفا؟!
مەگەر نازانی،گوناحە جەفا؟
پێم سەختە ئازیز،باوەرکەم جەفات
لە بیرت ناوەم،تا نەکەم وەفات
بێسەر و بێسا،دزیت دڵ لە من
بە جێ ئەو دڵە،خەفەت دات بە من
خوەت عاقڵماگی،من بووم دێوانە
شەو کارم گریان،گۆشەیمەیخانە
کردی بێزارم،فیراقت لە ژین
لە دەس چووم بێتۆ،ئەی یاریشیرین
دوڵ و،دەر و دەشت،سەحرا و باخەکان
لە تەکتۆ خوەش بوو،یارنامیهرەبان
هەرچەن بە نازت،من ئەدەی ئازار
وێڵکونیتۆ نیم،هەتا هەم،نازار
بەتۆ نزیک بم،یا دوور بم لە تۆ
هەر هەی لە دڵما،چۆن،دڵدام،بەتۆ
دڵبردن،دەرچوون،کارخاسێ نیە
جەفایدڵبەران،رێراسێ نیە
وەسڵیتۆ ئازیز،لە خوا ئەخوازم
مەر خوا کارێ کات،بیبە هاورازم
قەسەم بە سوورە و،قەسەم بە ئایە
دووری لە«نادر»،جەور و جەفایە

# جەفای بێوەفا

چـــەم کــرد بــێوەفا،وا دامــۆ فــەریب
ئـــاوارەمـــۆ کــرد،لە شــارانغــەریب
نـــازانــم چ جــۆر،بــاوەرکەم جــەفات
عــۆمرێ دەمتدا،لە عــەهد و وەفــات
دێرهاتی،زوو چوویت،ئـازیز بـەداخـەو
مـنۆ بـە جـێ هـێشت،بـەم گشـتە ئـاخەو
لە خـــۆشی،شــادی،بــێ‌تۆ بــریا گــم
پــێم سـەیرە،بــێ‌تۆ،نــەمردم،مــا گــم
ســەدجۆر نــاخوەشی،پــێچاندۆ بـە مـن
چـەت دی نـازەنین،غـەیر وەفـا لە مـن؟
لە چــاوم فــرمیسک،تــۆ کــردۆ رەوان
ســەندۆ قــەرار و،ســەبر و هـەم تـەوان
ســـۆیدا لە دڵمــن،چــوونیتۆ نــازار
زۆر کـێشام لە دەس،چــوونیتۆ ئــازار
ژانئـــەکـــا بـــێ‌تۆ،ئـــازایئـــەنامم
یــەكجــار،دیــەنتو،تــەسکینیزامــم
دوور لە تـــۆ،تــەنیا،تــووشی مــەینەتیم
ئـــاوارەیســـــەحرا،وێـــڵێ پـــاپەتیم
بــە یــادت ئـاگــر،هـەڵسێ لە جـەرگم
بـــۆیە وا رازیـــم بــێ‌تۆ بــە مــەرگم
دووچــاویمەستت،مــەستتر لە«نـادر»
هــۆشی بــە چــاوتەو،بــێ،رەبــبیقادر

# جیائی

دڵبـــەسەزوانـــم،بـە دەس تـۆ دریـا
ئـــەمە کـەی عشـقە؟!عـاشقیم بـریا
مـن ئـەو سـەیدەمە،بە تیرتۆ پێویاگ
مـــن بـــاڵەندەیکم،هـــێلانەشێویاگ
دەرهـــاورد ریشـــەم،دەردی ئـــینتێزار
کـــردی عشـــقی تو،لە ژیـــنم بـێزار
چـەنێ پـێت بـێژم،تـەک من بسازە؟!
تـــۆ بـــێژی بـــچۆ،درگـاکـە وازە!
بـە تـوون و تـەوەس،وا دڵمـن شکـا
ئـاخر چـەنێ مـن،لە تـۆ کـەم تکـا؟!
هـەمیشە تـەک تۆ،خوەمم دی نـاکـام
هـەر لە سـەرەتا،هـەر تـاکـە ئـاکـام
جـا مـنی عاشق،چـەم لەدەس بـەرتێ؟!
بە دەس جەفای تۆ،ئـەچمە جێ پـەرتێ
نـاوت گـەر بـێرێ،بـە لامـەو کـەسێ
بـەخواوەن قـەسەم،ئـەیکوژم،دەسـێ
ئەگـەر عشـق بـدات،فـرسەت دووبـارە
خـوەم نـەجات ئـەدەم،لەم بـەختەلارە
چـــاوم لەژیـــنی،تـاڵی خوەم،پـۆشان
الوداع ئـــــەکـــــەم،رۆژێ لە رۆژان
خەوەر تێرن بـۆت،لە جـەور و جـەفات
«نـــادر»ی عـــاشق،کـردوویە وەفـات

# خاترەکانت

ئـــیسە دوور لە تـــۆ،کـــۆنەدۆسەکـــەم
تەک خاتراتت،بۆ خوەم کەیف ئەکـەم
لە دڵـــما دائـــیم،هـــاوار و هـــەراس
عـــەزیزمی،عـــەزیز،عـــەزیزمی بـــەراس
هەر تواشـا ئـەکـەم،یـارۆعەکسـەکـەت
تـــێتە بـــەرچـاوم،شـــیرین‌رەقسەکـــەت
جـــێگەت هـــا لەنـــاو،دڵ پـــرلەسۆزم
لە خـــوشی تـــۆیە،گشت دەک و پـۆزم
رۆژێ هـــەزارجـار،ناوت قـاو ئـەکـەم
بـــۆ دیـــەن بـــاڵات،چـاوە چـاو،ئـەکـەم
خـــەفەت هـــاوسامە،شـادی لێم دوورە
حـــــۆزوورت لە لام،خـــەیلێ زەروورە
روو بــــە مــــاڵی‌تۆ،دڵمـــــن رەوانـــە
عشــــقی‌تۆ بــــۆ مــن،هــێز و تــەوانــە
پـــر بـــوو لە عشـقت،تـەواوی لەشـم
بـــــەداخـــــەو لە کـــام،کـــردۆ بـــێ‌بەشم
مـــن ســـەراپـا خـــەم!،تـــۆ ســەراپا نـاز
لە مـــــاڵمن شــــیوەن،لە مـــاڵ‌تۆ ئـــاواز
بـــــانەمرم بـــــێ‌تۆ،رۆژێ،دوو،ســـێ‌بار
فـــــتوا بــــە ئـــازیز،کـــە بـــمدەن لە دار
«نـــــادر»،بــــارکێشی،خـــەفەت‌هیجرانت
رشــــتەی‌ئۆلفەتمان،بـــۆچی قـــرتانت؟!

# خواپێداگ

بە تۆی ئەسپێرم،یارەب،یارەکەم
مەحرەمی‌راز و،رەفیقِ‌غارەکەم
ئەمانەت‌تۆ و،دڵدارەکەی مِن
خەیاڵی رۆژ و،شەوتارەکەی مِن
خوایا خوەت کردت،دڵبەر بە یارم
کردت بە موونس،شەوانی‌تارم
مِن قابل نەبووم،ئەو بێ بەیارم
سپاست ئەکەم،پەروەردگارم
لە دوای‌تۆ،ئەوە،زۆررەحمارەکەم
تیمارگەر دڵە،لەت و پارەکەم
ریشەی داکوتا،لە ناو جەرگەکەم
خستگیە دواوە،وەختی‌مەرگەکەم
عشقی لە دڵما،ریشەی‌کرد ئانی
خەفەت‌دووریەکەی،جەرگم‌درانی
تواشاکردن ئەو،بۆ دەردمن،شەفاس
ئەم دنیاگەورە،بێ‌ئەو بێ‌سەفاس
دڵم خوەش نیە،بێ‌ئەو بە هیچکەس
لە بیری ناوەم،تا ئاخرنەفەس
ژینی‌من بێ‌ئەو،حۆباب و کەفە
دنیام وەک زیندان،تاریک و خەفە
خەڵک ئەیژن «نادر»،زۆر خواپێداگی
ئیمەیش ئەزانین،بە عشقِ‌ئەو ماگی

# خاترخا

پەروازت کرد و،چوویت وەک پەرەستوو
تۆ کە بە زۆڵفت،دڵ منت بەستوو
جێگەت سەوز ئازیز،لە ناوچاوە کەم
دوور لە تۆ ئازیز،عۆمرخوەم تواو ئەکەم
لەورۆژەو کە چوویت،نەخوەش کەفتگم
بە حاڵێ خراو،رۆژرەش،کەفتگم
دووری،وەلێ هەر،ئەتوینم لە لام
یادگارەکەت،هێشتا ها بە لام
خاتراتت،زۆر،لە لام ماگەجێ
دڵ هەر روو بە تۆ،ئەکەفێتە،رێ
کارم لێ ناکات،جەفا و زەجرەکەت
هێشتا سەرخوەشم،لە بۆی عەترەکەت
بە ئینتزارت،دڵ عۆمرێ وێسا
شکاندۆ دڵم،بێ سەر و بێ سا
دڵی شێتی من،بە تۆ وابەستە
خەنجەرت لە بان،دڵم تا دەستە
کار من ترازیا،لە ئاە و ناڵە
ئاواتەکانم،بێ تۆ بە تاڵە
تۆ لە خەونازی،من بێخەوی تۆم
بە ئاوات خوەشی،رۆژ و شەوی تۆم
بووگمە خاترخات،ئەی دۆسی خاسم
بە مەرگی«نادر»،تەک تۆ رووراسم

# خواحافزی

پیربووم و عۆمرم،دایداگه له شەس
گەیگمە ئاخرین،کۆڵانی بۆنبەس
گەیگە عەزیزان،وەخت خواحافزی
نەوینن یاخوا،هەرگیز مەڵکزی
بێتام و تاڵە،باس خواحافزی
بۆ شێعا و سۆننی،هەم بۆ رافزی
گەیگە وەخت کۆچم،دوور ئەوم لێتان
دڵ ناوەم تەک خوەم،چۆن داگمە پێتان
گوزەشت چەنساڵێ،لە لاتان،چە زوو!
بەغەیر از خاسی،هیچتانبۆم نەبوو
له هیچکەس نەمدی،عەزیەت و ئازار
گشتان بەلامەو،عەزیزن و نازار
له دووری ئێوە،چاوم تەر ئەوێ
چاوتان لەخەفەت،یارەب،تەر نەوێ
ئەچم دوور ئەوم،لە دۆس و ئەغیار
هەروەک مۆسافر،هەروەکوو رێبوار
سەرم سرماگە،لە دەس رۆژگار
رۆژێ،بەرەو ژوور،رۆژێ بەرەو خوار
چین و چرووکێ،رۆخساری زەردم
حەکایەت ئەکات،لە دڵپردەردم
نیەبۆم زەریف،خۆنچە و گوڵی باخ
وەکوو وێرانەس،لە بەر چاوم کاخ
ئاهێکم نەما،ئیتر بکێشم
نازانم چەبکەم،تەک شەش و بێشم!

تـــەقدیر خـــلایق،هـا بـە دەس خـواوە
هەرکەس دوور لە خواس،هـەر ها لە دواوە
ئـەجەڵ مـن هـاتگە،شیشەیک بە دەسیە
ئـــەیژێ پـــەیمانەت،پـــربووگە،بـــەسیە
ئـەجەڵ وەخـتێ بێت،بەرنات بە بەردار
گـــەڵای داکـــەفتگ،نـاچێتەو سـەر دار
وەخـتێ ئـەجەڵ بێ،مۆڵەت نا بەکەس
کـەس و کـارەکـەت،ئەدەن تۆ لە دەس
فـــەڵەک لە جـەوری،کـەی شـەرمەسارە!
کـەی ئـەدات بەکەس،فرسەتدووبارە!
عـۆمری مـن تـواو بـوو،گـەیگە زەواڵـم
عـــزرائـــیل هـــاتگە و،نـیشتگە لە پـاڵم
لێـدەن بـە شـمشاڵ،لە سـەر خاکەکەم
بـۆ تـەسکین دڵـی،پـر لە چـاکـەکـەم
لە نـــاو ســـۆرۆمەکـــەم،بـرژنن شـەراو
هـەم لە بـانقەورم،شـەراو،بـە جـێ ئـاو
«نادر»،ژین بۆکەس،کەی تکرار ئەوێت؟!
چـاوت بە دوواوەو،ئـیتر هـەر نـەوێت

# خوای نەقاش

نــەقاشی ڕۆخ تۆ،کــار خــواوەن،نــەقاش
کێشا گیەڕۆخ تۆ،وەک گوڵ،زەریف،باش
ڕۆخســاری جوانت،شـیرین تر لە مـانگ
خوا داگیە بەش تۆ،شیرینی،شـەش دانگ
بــــنازم قــــەڵەم،دەس و پــەنجە کــەی
خـوا نـەیداگـە بـا،هـیچ لە ڕەنـجە کـەی
ڕوومەت تۆ لە شەو،هەروەک مانگەشەو
ئــاوات مـن دیـەن،ڕۆخسـارتۆ لە خـەو
بــەرزی قامەتت،وەک عــەرعەر،چــنار
تــاتۆ تــی خــەفەت،زوو ئـەچێ کـنار
خـەرامـان ڕوونت،وەک ڕێگـەڕوونکەو
منْ تـۆمْ خـوش ئەوێت،زیـاتر لەم و لەو
خۆنچەی لێوەکەت،وەک بسەی خەندان
دەمــــــی شیرینت،وەک قــــەنی قەندان
مــــایەی دڵگەرمی،ئــــارامشــــێ تــــۆ
بــــۆ مــــنی ئــــاشق،ئــــاسایشی تــــۆ
لە نــــاو دڵــــبەران،هــــەرتۆ دڵــبەری
بــۆ ســەر پــرسەودام،تـۆ تـاجی سەری
خــــەمی برۆی تۆ،وەک ڕەنگــین کەمان
بـژی بـە خـۆشی،لە ئـەمن و ئـەمان
دڵــتەنگی«نــادر»،لە حــەد دەرچــووگە
دڵـــــی من فــــەقەت،ئــاشق تۆ بــووگە

# خۆزگای

خــۆزگە وەک دانــەی پەپوولە،بێمە نـاوی مـاڵەکـەت
لێت بپرسم،چۆنە ئـەی گـوڵ،کـار و بـار و حـاڵەکـەت
بـێ بـۆ مـێمانی شـەوێ،با چـاوخەمە نـاو چـاوەکـەت
تێر و پر،تواشا بکـەم،ڕۆخسـاری جـوان و خـاڵەکـەت
زۆر بــەئاواتــم کــە ڕۆژێ،بـیت و زوڵـفت شـانەکـەم
قــژ زەریــف و زۆرشــیرین و پــێچ‌پێچ و کـاڵەکـەت
چەن خوەشەکاتێ کە تی،بۆ سەر قەرار،هەروەک تەبیب
جا لە دوورەو ئەژنەوم،دەنگـی خـرەی،خـرخاڵەکـەت
چــەن شــیرینە ئــەو لیــباسەکــوردیە،ئــەیکەیتە بەر
خوەم بە قۆربان قامەت و،گیرەی‌زەریف،بەر شاڵەکەت
کاش ئەبوویت،ئـەوکاتە وا،بـۆتۆ ئـەگـیرێ چـاوەکـەم
پاک بکەی فرمیسکی‌چاوم،خوەت بەگوڵ‌دەسماڵەکەت
راسی،ماگە ئـەو گـوڵەژاڵـە،کـە سـەندم بـۆت،عـەزیز؟!
تا بە جێ ئاو،خوەم بە فرمیسک،پر بکەم،پای‌ژاڵەکەت
هەروەکوو یۆسف لە زیندان،خوەم ئەوینم دوور لە تۆ
بــێ ئــەسیری خـوەت بـوینە،نـازەنین،نـاو چـاڵەکـەت
ها لە بـەرچـاوم هـەمیشە،عـەکسـی‌جوان و نـازەکـەت
ماگە داخۆم،عەکسی من،وا بوو لە ناوی هـاڵەکـەت؟!
بـێ بـۆ لام نـازارەکـەم،ڕۆژێ،لە کـەس پـەروا مـەکـە
جـا بـنە ناو دەستی‌من،دەستت،کـە بگـرم فـاڵەکـەت
هەروەکوو جاران،کە بوویت دڵسۆز و یـار و هـاودەمم
بــێ بــپرسە حـاڵ و ئـەحواڵ،«نـادر»ە ژیـن تـاڵەکـەت

# خوەزگەم بەخوەم

خـــوەزگەم بــەخوەم وا،کــەفتگمە گــیرت
بـــۆ خـــاتر پـــیرت،نــەموەی له بــیرت
نـــــــاوی‌شیرینت،وردی‌زوانـــــــم
له بـــیربردن تــۆ،مــن کــەی ئــەتوانــم؟!
بــێ‌تۆ هــیچ‌ناکــەم،تــەک ئــەمژینه،حـاڵ
رۆژم بـێ‌تۆ رەش،رەش هــەروەک،زۆخـاڵ
عشــقت هــا له نــاو،رەگ و هــەم ریشـەم
نـــووسێ له چـاوت،کـار مــنه و پـیشەم
رۆژ،روونـاک ئــەوێ،تـا دەرتــی له ماڵ
گشــتی شێت ئەکەی،بە حۆسنی‌جەماڵ
چـــاوت هـــەم شـیرین،هــەم زۆربــەنازە
بـــــــرژانگت،تـــــیژە،هـــــەم تـــیرەنازە
پـــێویستی نـــیە،چـــاوت بـــه سـوورمە
دڵبــــردن له گشت،ئـــەزانـــی جـۆرمە؟!
ئـــاو تــــێ له چـــاوم،وەک لافـاوبەهار
بــۆت شـێت و هــارم،تــۆ کــردمته هــار
هــەی له بــەر چـاوم،بــه رۆژ و بــه شـەو
نــــەخوەش بـــاڵاتم،بـــۆ کــردوومە تــەو
خـــوەشه بـــتوینم،له نــاو خــەو،شــەوێ
گـــەر چـاوم تـاوێ،خــەوی لێ‌کــەوێ
کـەی تــی کــە «نـادر»،بگـەینی بە کـام؟!
بـــنیشی لامـــەو،جـا روو کـەی له لام؟!

# خوەش بەحاڵم

خـــوەش بـــەحاڵم وا،شـــێتی تۆ بـووگم
بـــە ڕێگـــەی سرات،عشـقی تۆ چـووگم
ئـــاوازەی حـــۆسنت،دەنگـــی دڵاگـــەسەو
لە دڵـــما شـۆعلەی،عشـقت مـاگـەسەو
حـــاڵم مـــەپرسە،نـــاکـــۆکـــە حـاڵم
خـــوەت خۆ ئـــەزانـی،کـار تـۆیە زاڵـم
خـــۆشەویستیی تـۆ،شـێتمی کـرد ئـاخر
گـــیانم تـــیانەما،پـــیر بـــووم و لاغـر
شـــێتت ئـــەمێنم،تـــەخت بێ،خـــەیاڵت
گـــــیرم کـــردووە،ئـــاخر لە چـــاڵت
ئـــەکـــەی ئـــازارم،نـــازانـم بـۆچی؟!
تـا لێت ئـەپرسم،ئـەیژێ:«بـە تـۆچی؟!»
تـــۆ کـــردت شـــادی،لە دڵمـن خـاڵی
مـن عـاشقی تـۆم،چـۆنت کـەم حاڵی؟!
هـەرچـەن لە دەستەو،فرەیك ڕەنجاگـم
وەلێ ئـــا مـاگـم،بـە عشـق تۆ مـاگـم
مـــنت ئـاگـردا،خـوەت وەلێ سـەردی
شکـــاندۆ دڵـــم،تـــۆ بـــە نـــامەردی
تـــواشـــاکـە ژێـرپات،دڵمـن ئـەوینی
تـــــاڵی لەژیـــنت،هـــەرگیز نـــەوینی
بـــۆ خـوەم ئـەسووزم،لە ئـاگـر دەروون
تـۆ بـووی بە لەیلی،«نـادر» بە مەجنوون

# خوەشی لێم‌بریا

دڵ ناگرێ ئارام،بۆ خوەی لە سووچێك
قانع ناوێ بوم،بە هیچ‌کولووجێك
وەختێ خەفەت تێ،کە بمکا خەفە
ئەیژم بە دڵ خوەم،برو داکەفە
بە دڵشکیاگەو،هەر ئەیژم خاسم
کوێربێ چاوانی،دۆژمەن‌نەشناسم
خەسە و هیلاك و زۆر داپژیاگم
هەنار بووم وەلێ،ئیتر مژیاگم!
ئەمە کەی ژینە،ئەمە هەر ژانە
خوەشی لێم بریا،دانە بە دانە
نەهاڵێ‌وشکم،دوور لە چاودڵبەر
لە بن کەنیاگم،بە زەربی تەوەر
یارم بە ئەتوار،دڵی برد لە من
وەختێ دڵمی برد،پشتی کرد لە من
دووچاری عشقم،تووشی مەینەتی
ئاوارەی کوڵان،وەك خوێر،پاپەتی
ئەیوت ماس،رەشە،ئەموت حەق‌بە تۆس
بە دۆسی،دۆسی،کەندی لە من،پۆس
قانوون و یاسای،دڵبەران،وایە
ئەرزشی ئاشق،زۆر کەم‌بەهایە
«نادر»،ئاشقی،گرفتاریە
دەردی‌ئاشقی،دەردێ کاریە

# خەوم دی

بــۆ ئــازارم ئــایت،عــەزیز،بــە دووریت؟!
شــەویٚ خــەوتمدی،وەمــزانــی حووریت
خـــــەوم دی،بـــــۆ لام،ئـــــەهاتی لە دوور
لێــوت وەك خــۆنچە،گــوپت،سێفیسوور
کـــــردۆومە تــــاسەت،ئـــازیز،فـــراوان
تــــــۆ عــــەزیز مــــنی،عــــەزیزیباوان
ئــەگــەرچــی کــەفتگە،بــەین‌ئیمە جــیائی
عــــــــەزیزی هـــــەروەك،رۆژئــــاشنائی
فکـــــر و زکــــری‌من،وردیشـــــەوانــــەم
هـــــەر نـــــاوی تـــــۆیە،عــــەزیزدۆردانــــەم
مــــــــــەحرەمرازەکـــــەم،ئـــــەنیسیهاوراز
دڵ بــۆ لاتٚ ئــەفریٚ،هــەروەکــوو شــاباز
حــەیف کــە نــازانــم،تۆ هــەی کــەکوێنە
بــــێم و بــــێژم پــــێت،کــــەمیٚ بــمدوێنە
ژیــــن بــــیٚتۆ تــــاڵە،بـــۆ لام بــــێرەوە
ئـــــاهوو مــــا عــــەزیز،بــــەدەم شــێرەوە
هــەی لەکــوێی ئــازیز،بــە ســەرگەردت بــم
بــە قــۆربان دڵــی،هــەروەك بــەردت بــم
تۆ دوور ئــەگــریت و،مــن هــامە فکــروەسڵ
نــە ئــیمرو،ســۆزی،بــاوەرکە چــوارفــەسڵ
دڵـــــــــیشێتیمن،بـــیٚتۆ ژیـــــر نــــاویٚ
«نــادر»،لە تــەك تــۆ،هــەرگیز پــیر نــاویٚ

# چاودڵرفێنت

چـــاوی‌ئاهوو چـــەس؟،چـاوتۆ شــیرینە
چـــــــاودڵرفێنت،دۆژمــــــــەنی‌دینە
بـە چـاوگەل مـەستت،بـردت لە مـن هـۆش
بــــە پــــێکەنینت،دڵـــم هـــاتە جـــۆش
بـاڵابەرزەکـەت،جـوان و ڕێک و پـێک
تـــۆخوا بــی،ئــازیز،بـتوینم لە جـێک
بــــەرزی بــــاڵاکــــەت،بـە بـەرزی‌چنار
هــەروەخت بــی،خـەفەت،زوو چێتە کـنار
تـــۆخوا مــــەمکوژە،بــــە نــاز و ئــەتوار
فــرمیسک لە چـاوم،مـەیرا،بـەرەو خــوار
گوڵ وەک‌تۆکەی هەس،لە ناوگـوڵزاران؟!
تــــۆ ســــێفەسووری،وا هــــا بــــە داران
دڵـــــــم دا بــــە تــــۆ،شــــۆخی‌دڵئارام
دڵ بـێ‌تۆ نـازار،کـەی ئـەگـری ئـارام؟
دەس لە سـەر چاو تـۆ،مـن چۆن هـەڵگرم
ســـادەتر ئـــەوەس،دڵ خــوەم هــەڵدرم
بــــە هــــیوای ئــــەوەم،بــم بـە مـێوانت
کـــــەمێ تـــــواشـا کـەم،سـووری‌لێوانت
نـــووسیم بـۆ چـاوت،هـەزاران غـەزەڵ
لە نـــاو دڵـــبەران،تـۆیت زەربـۆڵمەسەڵ
ســـووری ڕەنگ‌لێـوت،لە ڕەنگ هــەنارە
«نـــــادر»ی‌ئــاشق،بـــۆت لێـــوبەبارە

# چاوجوان

چـــاوی جـــوانت،کـــردۆویە پـــیرم
بـــۆ چـــاوخۆمارت،دائـیم ئـەگـیرم
دڵم زۆر خوەش کرد،بە پەیمانەکەت
قـــەوڵی جـــارانت،نـــاچێ لە بـــیرم
تـۆگوڵ،مـن درک،تـەوفیرمان فـرەس
تـۆ بـاخیبەهەشت،مـن وەک کـەویرم
ئـــەسیربوون بـــەتۆ،خـــوەشیژیانم
بـە چـاوی مـەستت،تـا هـەم ئـەسیرم
وەخـتێ لێـم دووری،دنـیام،تـار ئـەوێ
هـــەروا ئـــەزانـــم،لە بـــێخی بـیرم
چـــەنێ پـێم خـوەشە،ئـەم ئـیسارەتە
ئـامان بـاز نـەکەی،غـوڵ و زەنـجیرم
بـرژانگ وەکتـیرت،مـنی پـێکاگە
کـــەیتۆ دەرتـــێری،لە سـینە تـیرم؟!
عـــاشقبوون بـە تـۆ،بـۆم سـەعادەتە
خـوەش بـە حـاڵیمن،بـە دەستەوگـیرم
مـن خـوەم ئـەزانـم شـێتیتۆم،وەلێ
خـەڵک وائـەزانـن،کـە خـەیلێ ژیـرم
هـەر فـەرمانێ بـەی،مـن کـەم ئـیتاعەت
فـــەرمانبەری تـــۆم،نـــازارئـــەمیرم
رۆژ«نـادر» تـاریک،هـەروا،شـەویچی
کەی تی تواشاکەی،رۆژی وەکقـیرم

# چاوشیرین

چـــــاوی‌شیرینت،پـــــرشەرم و حـــەیا
چـاوشیرین وەك‌تـۆ،لە كـوێی كـەم پـەیا؟!
زەریـــفتر لە گـــوڵ،دەشت و كـــێوانـی
بـــە نـــازی‌چاوت،سـەر لێـم شـێوانـی
ڕەنگ لێــــــوشیرینت،لە ڕەنگ‌هـــەنارە
ڕۆژ و شـــەو دڵــم،بـــۆت بـــێقەرارە
دڵـــــتەنگیم لە دڵ،بـــێ‌تۆ دەرنـــاچێ
بـــــێ بـــا تـــاڵی‌ژین،لە ژیـــنم‌لاچێ
كـــەی تـــی بـــتوینم،عـــەیزنازەكـەم
نـــیمەشەویچ بـــی،درگـــا بـاز ئـەكـەم
دەس‌خـوا مـاچ‌ئەكـەم،تـۆ كـا بـە یـارم
پـــــرئەستێرەكـــــا،شـــــەوگاری‌تارم
بـــۆ دڵ ئـــاشقم،عشـــق و ئـــەوینی
یـــــارەبی،یـــــارم،بـــــەڵا نـــەوینی
بـــــووگی بـــە عشـــق و،ئـــەنیائەوینم
مـەرگ خـوەم بـوینم،مـەرگ تـۆ نـەوینم
لە ڕێگـەی عشـقت،گـیان‌خوەم بـەم ئـەشێ
پێم نـەودا هـەرچـەن،غـەیر خـەفەت،بـەشێ
تــەركم‌كەی ئـە گـەر،تـەركی‌ژین ئـەكـەم
لەتەك تۆ،تەك‌خوەم،تەك‌خوا،قین‌ئەكـەم
عـــاقیبەت ڕۆژێ،ئـــەوم بـــۆت شـــەهید
نـــــیە ئـــــەم‌كارە،لە«نـــادر»،بـــەعید

# چاوم ئەگیرێ

چـــاوم ئـــەگـــیرێ،زۆر بـــۆ چـاوەکـەت
حـــەکێبـــووگە لەبـــان،قـــەلبم نـاوەکـەت
خـــۆزگە بـــەدایکت،هـــا بـــە لای دەســتەو
چـــاوی هـــەس بـــەچاو،خـــۆمار و مـەستەو
بـــووگی بـــەیارم،ئـــەی خـــوەش بـــەحاڵم
تـــۆ شـــەوقی پـــەرواز،تـــۆیی پـەر و بـاڵم
دەم بـــە دەم،زوو زوو،هـەر ئـەکـەم تـاسەت
بـــە لای خـوەم ئـەکـەم،تـەعریفی خـاسەت
گـەردوون مـنی کـرد،هـەمکیش و هەم مات
تـــۆ گـــەیت بـــە داومـا،فـریشتەی نـەجات
هـــاتی بـــۆ لای مـن،وەک کـەو خـەرامـان
داگـــــتە بـــەژینم،تـــۆ ســـەر و ســـامان
تـــۆ زۆر بـــەرەحم و،ســـەر و زوانخـوەشی
هـــــەرگیز نـــەوینێ،چـــاوت رۆژرەشـــی
بـــــە گـــــیانت قـــەسەم،ئـــاواتژیـــانم
حـــەز ئـــەکـــەم قـــەزات،کـەفێ لەگـیانم
خوایخوەم شۆکر ئەکەم،تویێ کرد بە دۆسم
جـــێگەت،گـــردگە،نـــاو رەگ و پـــۆسم
عشـــــقیتۆ بـــــووگە،بـــە کـــار وبـــارم
هـــــۆشی پـــــێتەوبێ،پـــــەرووەردگارم
بـــــوونت بـــۆ «نـــادر»،پـــێویست و لازم
تـــۆم نـــەویێ نـــازار،بـــە چـــیم بـــنازم؟!

# چاوم بۆچیە

چـــاوم بـــۆچیە،نـــەوینم چـاوت؟!
زوانــم بـۆچیە،قـاو نـەکـەم نـاوت؟!
دەنگت وەك هــەزار،ئـەی نووری‌دیە
نـەژنەوم دەنگت،گـوێچکەم بـۆچیە؟!
دەسـتم بـۆچیە،دووربـێ لە دەستت؟!
یا نەکێشێ نـەقش،دووچاوی‌مەستت؟!
بـۆهاتن لای‌تـو،مـن کـەوش ئـەکـەم پـا
تـەكتـۆ رێ‌نـەچم،بـۆچیمە ئـەم‌پا؟!
من عـەقڵم بـۆچەس،دوورم کـا لە تۆ؟!
یـا کـارێ بکـا،مـن نـەگـەیم بـە تـۆ؟!
هەرچەن کە جـێ سـەر،ها لەبـان لاشـە
سـەر بـێ‌سەودای‌تـۆ،هـەر نـەوێ بـاشە
خـــوەشم‌تێ ئـــەوم،بـــۆتۆ بـێتاقەت
گـیانم بـۆچیە،نـەیکەم بـە ساقەت؟!
ژیـــــنم بـــۆچیە،بـــێ‌تۆ ئـــازیزم؟!
بـــێ‌تۆ مـــن گـــەڵای،زەردی‌پـائیزم
دیـــــنم بـــۆچیە؟!بـــووگیتە دیـــنم
تـــــازە بـــــــووگیتە،تـــــازەئائینم
نـەتوینم ئـەگـەر،لە نـاو خـەوی‌شەو
بـــۆچیمە ئـیتر،چـاوم بـچێ خـەو؟!
لە ناو دڵ«نـادر»،گـەر،جـێگەت نـەوێ؟!
داوەشـــــێ‌دڵم،قـــەزات لێـــم‌کەوێ

# چاومەس

یـــــــاری‌نازەنین،نـــــازاری چـــاومەس
نـــازانـــم بـێ‌تۆ،ئـیتر خـوەشی،چـەس
مـن مـەستی تـۆم و،مـەردم فکـر ئـەکـەن
خـواردگـمە شـەراو،جـا کـردگمە مـەس!
بـینائی و سـۆمای،هـەر دوو چـاوەکـەم
زەریـــفیت جـیاواز،هـەم عـەلاحەدەس
دووری لە بـــــاڵات،ئـــــەدا ئـــازارم
لە ئـــازار ئـــاشق،تـــۆخوا کـیشە دەس
دڵـــتەنگ،خـــەفەتبار،مـەئیۆس لە ژیـنم
دنـیام لە بـەرچـاو،تـاریک وەک قـەفەس
هـــەرچـــەن ئـەزانـم،نـیم قـابڵ بـەتۆ
تـۆ گـوڵبەهاری،من‌وەک خـار و خـەس
دەسـتم بـە دامـەن،لێـم دووری مـەکـە
خـــوا نـەیرێ رۆژێ،مـن‌تۆ بـەم لە دەس
قـــەوڵت دا بـــە مـــن،نـەشکێنی دڵـم
بـــێژە بـــزانـم،هـیچ لە بـیرت هـەس؟!
پـــیرمی کـــرد دووریت،لە پـا خسـتمی
لە جـەور و جـەفات،چۆن بـێژم بـە کـەس
بـــێکەس و تـــەنیا،مـاگـم دوور لە تـۆ
نـــە حـاڵی سـەیران،نـە مـەیل‌دیەن‌کەس
هـەرچـەن پـێت خـوەشە،ئەکـەی ئـازارم
ئـــازاری‌ئـاشق،بـێژە خـوەشی چـەس؟!
مـــنی سـەرگەردان،بـم بـە سـەرگەردت
کـەمتر بـۆم‌کە،نـاز،بـێ،کـەم‌کە،دەس دەس

بــە خــوا و پــەیغەمەر،بــە گــیانت قــەسەم
لە دەس دەرئــەچم،گــەر بــەودەم لە دەس
قــەسدی گــیانی مــن،قــەد نــەکــەی نــازار
کــــوشتنی ئـــاشق،گـــوناح کـــەبیرەس
وەک شـــــەم ئــەسووتم،بــۆ گــەیشتن بەتۆ
خوەت بێژە،ئاشق،وەک من،مەگــەر هــەس؟
یــاری دوور لە مــن،ژیــن و هــەست مــنی
لە نــاو دڵ«نــادر»،هــەرتۆ هــەیت و بــەس

# چاوی شەیتانت

تــا دیــم دوو چــاوت،دڵ هــاتە خــرۆش
مــن ئــەودووچاوە،چــۆن کــەم فــەرامۆش
چــــــاوی شەیتانت،زۆر نـــــابکارە
روو لە هـــەرکەس خــات،ئــەیکا بــێچارە
ســیمات بــەرق ئــەداٚت،بــێ نووری چراخ
دوور لە رۆخســارت،هــەر ئــەکێشم ئاخ
لە چاوت،بەلای،خوا چۆن کەٚم شکـات؟!
بــەڵا لە چــاوت،خــوا کــەم،دوور بکــات
دەردۆ پـــــێم پــــێچان،زۆر دەردەدارم
تــــــا رۆژێ مــــاگــــم،پــێت گرفتارم
تــەبیب دەردە کــەم،کــەی،کــەیٚ عــەلاجم؟!
مــن لە حــەنای تــۆ،هــەروەک حــەلاجم
مــەکــە لە عشــقت،عــاشقت،مــەحرووم
مــەکــە بــە دووریت،رۆژ و شــەوم،شــووم
من چەمکرد؟چەم وت؟بۆچی رەنجیاگی؟!
بــۆ نــاپرٚسی لێــم،مردوویت یا مــاگی؟!
بـــەشم لە عشـــقت،حـــەسرەت و ئــاهە
کـــەم کـــە ئـــازارم،بـــەخوا گـــوناحە
کـــەفتم لە بـــەرچـــاو،دۆس و ئـــاشنا
غـــەریقی دەریام،جـــا چـــۆنکەم شــنا؟!
«نـــادر»،ســـادە بــوو،خــواردی فــریوت
دێـــوانـــە وەک ئــەو،دائــیسە دیــوت؟!

# چوو

ناپرسێ لە من،رەفێق‌پارەکەم
بووگە بە یارم،خەفەت‌یارەکەم
چوو وتی بە ناز:«سەورت بێ تا تێم
خوەر لە پشت هەورەو،نامێنێ دائێم»
وەختێ کە ئەو چوو،دڵ کەفتە گریان
خوەشیگەل‌عاڵەم،لە من جیا کریان
من و خاترات،شیرین‌نگارێ
من و شەراو و،پاکەت‌سگارێ
چوو،بە جێمی‌هێشت،رەنجم بەبادە
وەختی،قێراندن،داد و بێدادە
وەختی نۆشینی،شەراو،شەربەتە
گوێی‌دانن بە نەی،عوود و بەربەتە
عشق‌ئەو وەک هەرەس،رژیا بە سەرما
لیباس‌رۆسوائی،کریا بە بەرما
ماگە بان‌دەسم،خاڵی‌ناوەکەی
سەرئام لە رێگەی،سەودای‌چاوەکەی
دەمێ دوور لە ئەو،وەک ساڵێ،سەختە
خەیاڵ‌من پەرێش،خەیاڵ ئەو تەختە
وەختێ بەختەکەم،مێوەیکە نارەس
چەبکەم؟!چەبێژم؟!،ئیتر چە چارەس؟!
«نادر»،بەسیەسا،جەمکە بەساتت
چەنێ بێ‌عەقلی،لەعنەت،لە زاتت!

# چەس ئەمگشتە نازە؟!

لەگـەنجی‌دنیا،هـەر تـۆم بۆیی،بەس
ئـەمژینە بـێ‌تۆ،جـا ئـەرزشی چـەس؟
مـن کـە رازیـم تـا،گیان‌کەم بەساقەت
ئـەمگشتە نـازە،نـازار،لە بـەر چـەس؟!
هـەرچـەن کـە چـووگی،بێ‌خواحـافزی
عشـقت لە دڵـما،هـەرتا کـە هـەم،هـەس
ئیسە کـە چـووگی،دوور بـووگی لە مـن
هـەمیشە تـەنیام،وەک کـەسێ،بێکەس
لە دوای‌خـوا لە تـۆ،ئـەلاڵێمەوە
بـۆخاتر خـواکـەت،بە فـریادم رەس
مـۆشتاقم کـە بـی،بـتوینێ چـاوم
بـەداخـەو،دووری،نـاکـەفیتە دەس
تـۆ نـیت بـە لامـەو،دڵ هـا بە لاتـەو
هـەمیشە بـۆ تـۆم،پـەکـەر،دڵواپـەس
خسـتۆ لە بـەر چـاو،دنـیام،نـازەنین
ئـەرزشی دنـیام،بـێ‌تۆ خـار و خـەس
راسـی،ئـەزانـی،پـیر بـووگم ئازیز؟!
قسەی خوەمان بێ،رەد بووگم لە شەس؟!
کـەمکە ئـازارم،پـەشیمان ئـەوی
تـا لاکـەیتەوە،مـن چـووگم لە دەس
قـەد نـاتوەم لە بیر،هـەر یـادت ئەکـەم
«نـادر» بـە عشـق تۆ،ئەکێشێ نـەفەس

# داعشی گەماڵ

حـــەیفە کـــە بـــێژین،بـــە داعش،گـەماڵ
ئـــاوارەیـــان کــــرد،زۆر کـوردان لە مـاڵ
رفـــــاندوویانە،پـــــووڵمەردم لە بـــانک
مـــاڵ وێـران ئـەکـەن،بـەتۆپ و بـەتانک
ســـەدرەحمەت بـە قـەوم،مـەغۆڵ و تـاتار
ئـــــەمان نـــــاترسن،لە زاتـــــی دادار
هـەروەکـوو ریـوی،بـە مـەکـر و بـە داو
ئـــەونەیتر ئـــیسلام،خســـتیان لە بـەر چـاو
بـێباوک و بـێدایک،پـەست و بـێناموس
مۆزدووری ئەکەن،بۆ غـەرب و،بۆ رووس
بـــەوێنەی وەحشـــی،هـەر ئـەکـەن رەفـتار
کەفتگنە گیانخەڵک،وەک گـورگ و کـەفتار
هـــەروەکـوو ریـوی،بـەدکار و مـەککـار
پاچەی خەڵک ئەگرن،هـەروەک سـەگی‌هار
خـوێن خـەڵک ئـەرژنن،هـەروەکوو جـەلاو
قـــەتڵی‌زۆر ئـــەکـەن،هـەروا لە بـەرچـاو
جـــوان و پـیر ئـەکـەن،بـەسەف،تـیرباران
بـــــە شـــێوەی جـــەلاو،شـــێوەی‌بدکاران
جـــــوانـــی‌بێدفاع،تــیرباران ئـــەکـــەن
جـــیا دۆس و دڵـــبەر،لە یـــاران ئـەکـەن
زۆڵـــــــمداعش‌زاڵـــم،زۆڵـــم بـــێ‌ئەنازە
تـەحوێڵ دایک و بـاوک،هـەر ئـان جـەنازە!
جـــا لە دایک و بـــاوک،پـووڵ‌تیر ئـەسێنن
یـــــارەب ئـــەمانە،تـــا کـــەی ئـــەمێنن؟!

هـــیچ رەحـــمێ نـاکـەن،بـە ژن،بـە مـناڵ
بـــە کـوشتن مـەردم،تـەنیا ئـەکـەن حـاڵ
گشت ئـانە بـەر تـێخ،لەکـورد و لە فـارس
جا لە خوەشی‌دا،وەک سەگ ئەکەن پـارس
خـــوێن گشت ئــەرژنن،وایـــە ئــەسێحی
مـــۆسەڵمان،زەردوشت،هــــەم لە مـەسێحی
زۆرێ شــــەهید بـــوون،چـــینێ بـــریندار
خـــــێلێ ئـــــاوارە،بـــێکەس،گـــرفتار
پـــیس و خــــەبیسن،وەک ســەگـی‌سپڵۆت
زاڵـــم و وەحشـــین،چ‌جـور بـێژم بـۆت؟!
بـــێ‌ئیزنی خـــواوەن،بـێ‌حۆکـمی قـازی
ژیـــنی ئــەم و ئــەو،ئـەگـرن بـە بـازی
بـە هـەرلا بـا بـێت،بـەو لا،شـەن ئـەکەن
مـــناڵی‌مەردم،دووچـــار پـــەن ئــەکـەن
هـــەوەس خـــۆ تـاوێ،هـەر نـادا بـەریان
ئــــاگـــری‌بەریان،داگـــیە لە ســـەریان!
مـــاڵ مـەردم ئـەکـەن،خـاپوور و وێـران
فـــەرق بـــۆیان نـاکـات،عـێراق و ئـێران
هـــەدەرئان رەنـــج و،بـەرهەم ئـەم و ئـەو
بـــە زۆڵـــم‌یان تـێرن،وەرهـەم ئـەم و ئـەو
ئـــاوکــــانی ئـــەخوەن،رێـخی تـێ‌ئەخەن!
زۆڵـم و زۆر فـرەیک،بـە مـەردم ئـەکەن
رێگـەی هـات و چـوون،پـریان کـرد لە مـین
هـەر بـەنـاو ئـیسلام،بـوونە بـاعیس دیـن
زۆر لەکـــوردەکــان،لە شـــار و دێـهات
وەک خــەڵک فـلیستین،وایـانە پـێ هـات
بـــە دەس داعشـــی،بـــێ‌شەرەف،بـێ‌عار
فـــــرەیک‌کوردەکـــان،بـــوونە عـــەزادار

هەر هەڵمەت ئەدەن،لە نامووس‌مەردم
لەم گشتە زوڵمە،من‌پر لە دەردم
کچانی چالاک،کورگەل باشەرەف
تەک داغش مەلعوون،بووگن بە تەرەف
جوانگەل وەک جاران،دەس ئان بە دەس یەک
بۆ حفزی وڵات،لە شان ئەنن چەک
هەرتاکە ماوێ،کوردێ لە دونیا
تا گرتن حەقمان،ئەرین بە شۆنیا
کورد خوەی نەداگە،بە پەستی عادەت
سوورە ئاڵامان،لە خوێن شەهادەت
بانی و حامی،زوڵم و زۆر کیە؟!
گشتمان ئەزانین،دەوڵەت تورکیە
ئێمە ئەهل شەر نین،ئەهلی دیفاعین
لە بۆ سەرکەوتن،زۆر فرز و ساعین
کوردی‌بەشەرەف،هەرگیز نابەزێ
خاکی بە دوژمەن،هەرگیز نات،گەزێ!
چە پائیز،بەهار،هاوین و زستان
هەرتاکە ماگین،ئەیژین کوردستان
راو دوژمەن ئەنین،هەر بە یەکیەتی
گوم بن،دوورەو بن،هەر بە پای پەتی
زوڵم و زۆر هەرگیز،بەردەوام نیە
ژیان هەمیشە،رەش وەک شام،نیە
کور و کچانی ناو کوردەواری
بیانپارێزە،ئەی زاتی باری
هەڵەبچە،سەردەشت،شنگاڵ،کوبانی
یاخوا هەر بژین،تەک جوانەکانی
مەردم هەژارن،زاڵم وەک قەیخا
زاڵمی ئاوا،کێ لە پا ئەیخا؟!

لایـــــق زاڵـــمە،هـــەر تـــانە و تـــەشەر
بـــە هـــیچ زاڵـــمێ،مـــن نـــایژم بـــەشەر
داعشـــی چـــەپەڵ،وەحشـــی،پـــەست و پـــیس
حـــەقیان لەعـــنەتە،بـــە وێـــنەی ئـــیبلیس
وەك رەنگ‌پەرچەمیان،رۆژیان هـەر رەش‌بـێ
خـــاڕ و زەلیـــل بـن،خـــەفەتیان بـــەش بـــێ
جـــا کـــەی ئـــەوێسێ،هـــیلکە بـــان تـــەناف؟!
بـــەدکار نـــاکـــەفێ،لە ســـەر رێگـــەی‌ساف
لە خـــوای‌خـــوەی «نـــادر»،هـــەر ئـــەکـــا داوا
شـــــــەر و مـــــــەینەتی،لە کـــــورسان لاوا

# دڵئێشان

ئــەو گشــتە قــەوڵە،بۆ بـردت لە بـیر؟!
فەقەت قەسدت بوو،کە من بـەیتە گـیر؟!
بـۆ لە بـیرت چـوو،قـەوڵ و قـەرارت؟!
بـۆچە دڵئــێشان،بــووگە بــە کـارت؟!
بـۆ چــاوخۆمارت،مــن بــوومە بـیمار
تــەبیب بـوویت،وەلێ،نـەمۆکـرد تـیمار
خــەمین و نــاڵان،هـەروەک قـۆربەسەر
لیـــباسیڕەشم،تــۆ کــردت بـە بــەر
دنـــیا بـــە لامــەو،زیـندان و قـەفەس
خــەفەت لە دڵــما،بــەخوا زۆر فـرەس
دووچــاوم بـێتۆ،هــیچشەو نـاخەفێ؟!
ئـــەزانـم بــۆ مــن،پـەکت نـاکـەفێ
بــەڵا ئـەوارێ،هــەر بـۆ مــن هــەژار
ئـــەناڵێ دڵـــم،هــەروا وەک هــەزار
تــۆ ژیــر مـاگـی،من،بووگمە دێـوانـە
تـــۆ لە مــاڵیخوەت،مــن لە مــەیخانە
شکـــاتناوەم بــۆ،مــەحکەمەیقازی
وا دڵدێـــوانـــەم،گــردت بـە بــازی
هەرچەن دیـم جـەفات،سـەختە بـاوەری
بـــێچارە دڵمـــن،بــۆ بــەختیشەری
ئـەوەکـەی قـەرار،ئـەمە کـەی شـەرتە؟!
«نــادر» چـوو لە دەس،هـەواست پـەرتە

# دڵ بۆت لێئەدا

هـــەر عـــاشقی‌تۆم،مـــن یـــە کـــەناسم
له خـــــەڵکی‌دنیا،هــــــەرتۆ ئــــــەناسم
بــــێتاقەتی تــــــۆم،مـــەجنوونی‌چاوت
دڵ بـــۆت لێئـــەدا،له ژێـــر کـــراســـم
نـــەمدیگه هـــیچ‌گوڵ،وێـــنەی‌تۆ زەریـف
خـــوەش‌عەتر و نـــاسک،ئـەی گـوڵی‌یاسم
فـــەرقت کـردووە،تـۆ نـیت وەک جـاران
گـــوێچکه نـایت ئـیتر،بـه دەنگ و بـاسم
ئـــەزانـــم کـــه نـایت،وەلێ پـێم خـوەشه
کـــه بـــیت،دانـــیشی،لای دەســـی‌راســـم
عـــەزیزبێوەفا،چـــیت دی غـــەیر وەفـــا؟!
شکـــــاندۆ دڵـــــم،دۆس‌نــــــاسپاسم
بـــه حـــەزرەت‌رەسووڵ،مـن عـاشقی تـۆم
بـــۆ بـــاوەر نـــاکـــەی،بـه قسـەی‌راســم
ئــــــیسه کــــه دووری،نـــاتوینێ چـــاوم
لەژیـــن بـــێزار و،له دەس‌خـــوەم یـــاسم
وەختێ یارم بـوویت،جـوان بـووم و سـەرحاڵ
ئـــیسه پـــیری تـــۆم،وەک کـەمەی‌داســم
له بــــــەدئیقباڵی،له بــــــەختی‌شەرم
هــــــەرگیز نـــانیشێ،بــــه مـــەیلم تـــاسم
عــــــەزیزدڵبەردم،دووری،نــــــاوینی
مــــــووی‌چەرمگ‌سەرم،هـــاورەنگی‌ماسم!
له بـــیرت نـــاوەم،هـــەر یـادت ئـەکـەم
تـــا رۆژێ کـــەفەن،بـــێت بـــه لیـــباسم

له وەخت خـــــــوەرئاوا،له خـــــــەوبەیانی
غـــــەیر بـــــه شـــــەوقدیەن،بـالْات،هــەڵناسم
مـــــن خـــــوەم ئــەزانــم،کــه عشــق،قــوماره
دەســـــم خـــاڵی و،هـــــەر مـــاتڵ ئـــاسم
ئـــــەگـــــەر کـــــه وەسـڵت،نــەوێته قسـمەت
بـــــووچیمه گـــــەنج و مـــاڵ و ئـــــەساسم؟!
ئـــــەگـــــەر تـــۆم نــەوێ،جـا بــۆچی بــژیم
خـــاستر کـــــه جـــــەم کـەم،جـل و پـڵاسم
هــــیچکەس وەک «نـــادر»،نــەوگه بــه ئــاشق
تـــۆ ئـــەیژی مـــن شــێت،هـــەم بـــێ کـلاسم

# دڵ پینەپینە

دوور لە چـــــاوانت،دڵ پـــــینەپینە
بــــــارەقەڵا بـــــێ،لەو چــــاوە شــــینە
نــــۆمرەی دووچــــاوت،دوو دانــــە بــــیسە
دڵـــــخوەشی مــــــنی،ئــــیترتۆ ئــــیسە
هـــەرکەس چـــاو بـدات،لە چـاوخۆمارت
لە بــــــەینیبوات،پــــــەروەردگارت
رەشت کـرد چـاوت،بـە سـۆرمە و بـە کـڵ
بــــــوومە ئــــاشقت،ئــــازیز پــــر بـــەدڵ
شــــیرین و شـــەیتان،هـــار و هـــاج،بـەڵا
ســــــزاواری تــــــۆ،ســــــەد بـــارەقەڵا
هــــــەزارئـــــــافەرین،شــــایانی تــــۆیە
دڵـــــی مــــن فـــەقەت،خــــاهانی تـــۆیە
عشــــقت لە دڵــــما،هـــــەررۆژ زیــــا ئــەوێ
دڵـــخۆشیم بـــێتۆ،لە مــــن جــیا ئــەوێ
فـــــــیراقت ســـــەندی،لە دڵمــــن تـــاقەت
کـــەی تــی بتوینم،رۆحــم بــە ســاقەت؟!
هــەر تـا کـە مـا گـمە،یـەکێنـەفەس باقێ
بـــە ئـــاواتــم بـیت،بـۆم بــی بـە ســاقی
داکـــــەیبۆم شــــەراو،لە جـامم سـەرچـێ
بـــا خـــەفەت تـــاوێ،لە دڵمـن دەرچـێ
بـــە مـــن بــەی شــەراو،لە گـۆشەی بـاخێ
بـــــا لە دڵ«نــــــادر»،نـــــەمێنێ ئــــاخێ

# دڵتەنگتم

دڵـــم بـــۆت بـــووگە،ت و نـــون و گـــاف
راس ئـــەیژم بـــەخوا،مـــەیژە ئـــەیژی لاف
خــــــەفەتبار،خـــەمین،زەرد و بـــێرەنگم
نـــازانـــم چـــەبکەم،بـــە دڵ زۆرتـــەنگم!
مـــن تـــۆم خـــوش ئەوێت،ئـــەزانـــی چـــەنێ؟!
بـــە مـــعیار فـــرمیسک،هـــەرڕۆژێ مـــەنێ
دڵـــــی دێوانـــــەم،بـــــۆت بـــێتاقەتە
مـــــەیژە ئـــــاشقی،هــــەر حـــماقەتە!
زەریـــفتر لە گشت،ســـەوزەی جاوبە کـــڵ
هـــەر تـــاسەت ئـــەکـــەم،بـــەگـــیان و بـــەدڵ
دوور لە تــــۆ حـــاڵم،داغـــانە،داغـــان
وەک داری وشک و،بـــــێبەر لە بـــاخان
حـــاڵم لە دووریت،نـــاکـــۆک و نـــاجۆر
دڵـــخوەشیم کـــەمە و،کـــەنینم بـــە زۆر
بـــۆچی نـــەهاتی،چـــی رووی‌دا مـــەگـــەر؟!
دێـــق ئـــەکـــەم،ئـــەمرم،نـــەیت بـــۆ لام،ئـــەگـــەر
ســـەرئەفکەندە خـــوەم،هـــەروەک شـــۆرەبی
کـــــارم زاریـــــە،تـــا ئـــەوڕۆژە بـــی
بـــێ بـــا چـــاو،خـــەمە،نـــاو چـــاوی‌مەستت
بـــوینم دەســـتم،هـــا لە نـــاو دەســـتت
رەشـــی‌ڕۆژ«نـــادر»،وەک زوڵـــف رەشـــی‌تۆ
حـــەز تـــۆ،خـــەفەت‌من،حـــەز مـــن،خـــوەشی‌تۆ

# دڵخوەشی ژینم

بــووی بــە ئــۆمید و،بــووی بــە دڵــخوەشیم
شـــــیرینی ژیان،لە لای تـــــۆ چـــەشیم
دانـــــیشتی لە لام،وتـــۆ پـــێم:«عـــەزیز»
ئــــاوی دەســـی تۆ،وەک شـــەراولەزیـــز
مــەس بــووم و وتــم:«یــا خــوا،خەو نەویٚ
کــاریٚ کــە خــوایـا،دوور لێــم،ئەو نەویٚ»
بـــروا ئـــەو چـــاوە!بـــروا ئـــەو دەمـــە!
هـــەزاران ئـــاشق،بـــەوبێت،هـــەر کـــەمە
لە دڵـــما جـــێگەت،گـــرد بـــۆ هـــەمیشە
رۆژیٚ بـــــیٚ،کـــــەمیٚ،لە لام دانـــــیشە
چـــــەنیٚ دڵشـــــادم،بـــوگی بـــەیارم
بـــووگی بــە دۆس و،هــەم کــەس و کــارم
وابـــــەستە و مـــۆحتاج،مـــۆعتادم بـــەتۆ
ژیـــنم وەک زیـــندان،چـــۆن دوورم لە تـــۆ
لەو رۆژەو،زانـــــیم،دڵ بـــە تـــۆم داگـــە
تـــا لام کـــردەوە،دیـــم دڵ نـــەماگـــە
ژیـــــنم ئـــەگـــوزەریٚ بـــیٚ تۆ بـــەتاڵی
بـــــەداخـــەو عـــەزیز،تـــۆ بـــیٚ خەیاڵی
لە دڵــما چــەخوەش،جـێت خـوەش کـردگە
داگـــته پـــێم خـــەفەت،خـوەشیت بـردگە
شـــێت بـــووگە «نـــادر»،دڵـــی دا بـــەتۆ
چــە سەخت ئەگوزەریٚ،ژینی دوور لە تـۆ

# دڵگەرمی ژینم

دڵـــــی من بــــووگە،بـــە ئـــەنباری دەرد
دڵـتەنگم،کـە لای،دڵـبەر،بـووگمە تـەرد
دڵگـــــــەرمی ژینم،لە لام چـــوو،نـــەما
مـــەحزوونم بـێ ئەو،پـەرێش و دڵسـەرد
وەك جـــاران نـــەما،یـــاری جارانـــم
من وەك ئاگر،داخ،ئەو وەکوو یەخ،سەرد
دڵـــم شکـــیاگ و،قـــامەت خـــەمیدە
مووی سەرم،چرمگ،ڕۆخسار بووگە زەرد
ئـــاوارەم ڕۆژان،بـــە شـــۆن یـارەکـەم
شـــەو لەبـەرماڵی،بـووگم بـە شـەوگەرد
شـــــیرین قامەت و،شـــیرین ئەدا بـــوو
لە نـــاو دڵـــبەران،بـــێ نەزیر و فـــەرد
گـەردوون لێمی سەند،دووری کـرد لە مـن
دڵـــم خـــوێنینە،لە چـــەرخـــی نامەرد
فـەلەك،زوڵـمی کـرد،بـە مـن،بـە یـارم
دڵ فـەلەك سـەختە،هـەروا وەکوو بـەرد
ڕێگـــەی ژین بـۆمن،هـەر سـەرەوژوورە
ژیان وەك کێفە و،مـن وەك کـێف نەوەرد
شـــەرتە دوای دڵـــبەر،بـــم بــە ئـاوارە
هەر وەکوو مەجنوون،ڕوو لە هـەرد وبـەرد
«نــــــادر»،تـــاڵع و،ئـــیقباڵی نـــەحسە
هـەرگیز نـەیهاورد،جـفت شەش تـەختەنەرد

# دڵم زۆرتەنگە

ئـــــــەخلاقی گـــــوریا،عــــەزیزیارەکــــەم
شکـــــــاندی دڵـــــــە،مــــەینەتبارەکــــەم
لەو رۆژەو کـــــــردی،بـــــە چـــــاو ئـــیشارە
رۆژم وەک شـــــــەوان،تـــــاریک و تــــارە
بـــــە شـــــۆنیا وێـــڵم،وێـــڵ وەک پــەروانــە
هــەروا خـــول ئــەخوەم،هــەروەک دێــوانــە
هـــــــەڵسا هـــــەناسەم،لەکـــــوورەی دەروون
گـــــــــلایەم زۆرە،لە ئـــــەو،لەگـــــەردوون
ســــــەف ســــەف ئـاشقان،بــە شـۆنی وێــڵن
کـــــــــانی چاوانــــم،بـــــە دەســــیەو لێــــڵن
دوورم لەیـــــارم،بـــــۆ نـــــەکـــــەم هـــــەرا؟!
بــــۆ هـــــەرا نـــــەکــــەم،تـــا غـاری حەرا؟!
عشـــــقی لە دڵـــــما،هــــــەر نــــاگــەم بــەدەر
تـــــا رۆژێ ژیـــــنم،بـــــۆئەو بــــەم،هـــــەدەر
بـــــە خـــــاتر چـــــاوی،دڵ خوەم دا بــە ئــەو
مــن لە خــوەی زیــاتر،خــوەشم تــێ لە ئــەو
بـــێئەو ئــەچەرخــێ،چــەرخ ژین بــە تــاڵی
دڵـــــــــم بــــــــە ئــــــاوات،رۆژی وســــــاڵی
بـــــــە خـــــاتر چـــــاوی،دڵ لەدەس داگـــــم
خـــــۆشەویست مـــــنە،تـــــا رۆژێ مــــــاگــم
بـــــە ئـــــازار «نــــادر»،کـــــردوویە عـــادەت
لەولایـــــچەو بــۆ خــوا،ئــەکـات عــیبادەت

# دڵی ناحاڵی

دڵی ناحاڵیم،هەر ناوێ حاڵی
جەر و بەحس ئەکات،تەک من،بە تاڵی
بەهانەت ئەگرێ،دڵ بێقەرارم
ئەزانی کە تۆیت،دارونەدارم
بە دەس دڵ ئاڵۆز،فرەیک هەم دڵگیر
من ئەوات لەبیر،تۆ ناوا لە بیر
لەو رۆژەو چاوت،دڵمی بردگە
عەلاقەم بە رەش،پەیا کردگە
هەی لە کوێی ئازیز،چۆنت پەیا کەم؟!
ناتکا فەرامۆش،دڵ بێ حەیا کەم
حەزئەکەم رەش بێ،لیباس و جلم
ناوت ئاوێزان،لە زەنجیر ملم
جا لیباسی رەش،لە بەر چۆن نەکەم؟!
خاک و خوەڵ عاڵەم،بە سەر چۆن نەکەم؟!
بارێکی قۆرسە،خەفەت سەرشانم
بردن ئەمبارە،من کەی ئەتانم؟!
خوەشە بتوینم،رۆژێ لە پاڵم
هەروەکوو جاران،بپرسی حاڵم
تەمەن‌درێژ بیت،بژی بە شادی
خوەشی،پێکەنین،بۆت بێ بە عادی
هەرچەن کە کردت،رۆژ«نادر»،وەک شەو
خوا بتپارێزێ،لە چاو ئەم و ئەو

# دڵی یاخی

دڵ بۆ دڵبەرم،سەرکەش و یاخی
لە بانی دڵم،هەر ماگە داخی
سەبر و حەوسەلە و،تاقەتم نەما
خۆزگە دڵدارم،لە لای من ئەما
بێگانەی ئیمرۆژ،یاری پارەکەم
کەی تێ،راسەو کات،بەختە لارەکەم؟!
لە زیندانی غەم،منی بەستگە
ئیحساس ئەکەم مار،منی گەستگە
من ئەوات،خەیاڵ،تا ناو ماڵەکەی
جا ئەکەم ئاوات،دیەن خاڵەکەی
دۆعای شەری ئەو،نایتە سەرزوانم
هەر بە چاو جاران،بۆئەو ئەروانم
قسە و کەلامی،بەنرخ و شیرین
من و دڵی شێت،بە داوی گیرین
تووره و ئالۆزم،لە چەرخزەمانە
زۆرم پێ خوەشە،بچمە مەیخانە
بێزارم لە ژین،لە مەکر و داوی
بچمە سەر سیروان،وشک ئەوێ ئاوی
ئاکام و ئەنجام،ئەم عشقە،مەرگە
پەرەی ژینماندووم،فەقەت چەن بەرگە
«نادر» بەتەناف،ئەو،کەفتە ناو بیر
جوانی لە دەس دا و،ئیسە بووگە پیر

# دڵی یەکەناس

بڕۆی شیرینت،خەم،وەکوو داسە
منی بە دەرکرد،لە ڕێگەی ڕاسە
خۆنچەیە لێوت،خوەت گوڵی،نازار
بۆی کراس گوڵگوڵیت،بۆی گوڵی یاسە
نەتئەگرد تاقەت،لە دووریم تاوێ
ئیسە گۆریاگی،زۆر جێگەی باسە
داتە ژێر عەهد و،قەوڵ و قەرارت
کێ وتی ئازیز،دەس بڕین خاسە؟!
ڕۆژئاشنائی،جوان بووم،لە بیرتە؟!
مووی سەرم ئیسە،هاورەنگی ماسە!
قەوڵت دا،دڵم،هەرگیز نەشکنی
نەمزانی قەوڵی،تۆ بێ ئەساسە
گەردوون،بەخێڵە،تۆی لێم جیا کرد
دڵم لە دەس ئەم،گەردوونە یاسە
من لە قۆمارعشق،هەردوو دەس،خاڵی
لە ناو دەسی تۆ،دوو بەرگی ئاسە!
ئەترسم کەسێ،چاو بات لە چاوت
دڵ دڵەواپەسم،پڕ لە هەراسە
دڵم هەر تەمار،هاتنی تۆیە
تا ڕۆژێ ماگم،دڵم هەر واسە
من بە غەیری تۆ،نادەم دڵ بە کەس
دڵ«نادر» هەم شێت،هەم یەکەناسە

# دنیا و دینەکەم

بێ تۆ ژین تاڵە،دنیا و دینەکەم
بە هەڵوا،هەڵوا،دەم شیرین ئەکەم
لە دوای خوا ئەمکرد،تەنیا تۆ سەنا
ئیسە لە دەس تۆ،بەخوا بەم پەنا
بێ تۆ خەفەتبار،تەنیام و بێکەس
هەروەکوو سەیرە،ئەسیر ناو قەفەس
کەفتگەسە بەینمان،چەنێ فاسڵە!
ئەمژینە بێ تۆ،رەنج بێ حاسڵە
تا کە نەتوینم،دڵ کەی ئەسرەوێ
نەدین تۆ بۆ من،ئاخر چۆن ئەوێ؟!
لە بیرم ناچێ،پێمۆدا شەراو
بە شۆخی وەک مەس،کەفتم لە بەر پاو
جا چۆن لە بیر بەم،تام ئەو شەراوە
بێرەو،خەفەت زۆر،لە دڵمن لاوە
کەلامت بەنرخ،شیوا و دڵنشین
دڵم لە دووریت،داماگ و حەزین
هاتمە سەر کووچەت،بەتەمای دیدار
بە ئاوات ئەوە،بتوینم یەک‌جار
عەڵەف و گیا،سەوز بوو لە ژێر پام
کەی تی تیمار کەی،لە بان‌دڵم،زام؟!
بۆ ئەکەی «نادر»،تۆ ئەونە ئازار؟!
ئاورووت بۆی نەهێشت،لە کووچە و بازار

# دۆس

بــــە خـــاتر دۆســــێ،خـــوەشە نـاڵەناڵ
بـــۆ لای دۆس،بـــێباڵ،بکـــەی بـاڵەباڵ
بــــەخوا ســــزایـــە،لە دووری دڵـــدار
ژیـــنیشیرینت،لە خـــوەت بکـەی تـاڵ
رۆخســـاریدڵبەر،هـەروەك سێفەسوور
رۆخســـاریئاشق،ســـێفنارەس و کـــاڵ
زۆر خـــوەشە بـــەخوا،بـیرکردن لە یـار
هـەرچـەن جـەفا کـات،نـەپرسێ ئـەحواڵ
تـۆ یـادیدۆس کـەی،بە رۆژ و بـە شـەو
نـەپرسێ حـاڵت،هـەرچەن ساڵ بـە ساڵ
بـــــوەرگێ لە تـــۆ،ئـــارام و قـــەرار
بـــێقەراری کـــەی،لە دەشت،لە نـاو مـاڵ
پــــر کـــەی دڵـــیخوەت،لە رەنـجیفیراق
شـیوەن کـەی بـە شۆن،دڵـبەر،وەك منـاڵ
بــۆ دیــەن یـارت،لەم شـار،بـۆ ئـەوشار
ئـــاوارە،بـــێماڵ،وەك خـوێری،گـەراڵ
ئەوخوەش،تۆ ناخوەش،ئـەوجوان و،تـۆ پـیر
مـــوویسەر ســپی کـەی،سـپیتر لە زاڵ
کـــار هـــەرکەس نـیە،سـەختە ئـاشقی
وەخـــتێ نـاوینی،دڵـبەر خـوەت لە پـاڵ
رۆژێکـــیش «نـادر»،شـەهیدعشق ئـەوێ
ئـــاخر خـوەندگیە،تـاڵع خـوەی لە فـاڵ

# دۆس تاقانەکەم

تۆ تەنیا دڵسۆز،دۆس تاقانەکەم
تەنیا هەسارەی،ئاسمانەکەم
خوەشم نایت جارێ،کە دەرچێ گیانم
ئاخر پاتنیاگە،تۆ ناو ژیانم
هەرچەن کە دووری،یاری چاو بەکڵ
ناتوینم بە چاو،نزیکی بە دڵ
هەرچەن ئەپرسی،لە دوورەو حاڵم
خوەشە بتوینم،رۆژێ لە پاڵم
تا رۆژێ ماگم،کارم زاریە
فرمیسکی چاوم،بۆتۆ جارێە
چاوی خۆمارت،پریە لە ئەفسوون
منت عاشق کرد،زیاتر لە مەجنوون
خوا نەیرێ رۆژێ،عەزیزی نازار
بە تۆریان و قار،من بکەی ئازار
تۆ شیرینزوان،شیرینکەرژیان
قابل چەس عەزیز،بۆتۆ بدەم گیان؟!
من زۆر عاقڵ بووم،تۆ کردۆ شێتم
هەرچێ رۆژ ماتڵ،من لە سەر رێتم
ئاخر نازەکەم،هەرتۆ نەفەسمی
لە ناو ئەم خەڵکە،تۆ هەرچێکەسمی
خواتۆ لە«نادر»،هەرگیز نەسێنێ
هەرکە دۆژمەنتە،یاخوا نەمێنێ

# دەردی دووری

هیچ‌دەردێ وەک دەرد،دووری،سەخت نیە
کـەس وەک‌مـن تـەنیا و،سـیابەخت نـیە
بە غـەیرتۆ هـەرگیز،کـەس نـاگرم بـە دۆس
عشقت هـا لە نـاو،خـوێن و رەگ و پـۆس
شـــــیرینەژینم،کــــاتێ لە لامــــــێ
ئـــــاخرتۆ شــــیرین،شــــیرین‌کەلامی
لە نـــاو چـــاوانـــا،چـــاوانت تـــەکـە
لە نـــیعمەت‌چاوت،بـــێوەریم مـــەکــە
بـــە هـــیچ‌مەرامـــێ،دڵ نـــاوێ حـاڵی
ئـەیژێ زۆر سـەختە،جێگەی دۆس خـاڵی
بـــــێ بـــا بـــتوینم،عـــەزیزم تـــاوێ
هـــەزار غـــەریبە،بـــە دۆســـی نـــاوێ
شـەرتەکـە عشـقت،لەدڵ کـەم نـەکـەم
هـەر تاکوو پشتم،لە غـەم،خـەم نـەکـەم
گشت‌مـــەردم ئـــەیژن،ئـــاشقی جـەهلە
شکـــــاندنی دڵ،بـــۆ دڵـــبەر ســـەهلە
گـــوێی نـــادەم ئـــەیژن،عـاشق خـرفتە
تـــــووشی پـــەژارە و،گـــیر وگـــرفتە
چـــاوپۆشین لە ژیــن،بـێ‌تۆ ســەهلە بـۆم
ئـــاخر مـــن ئـــاشق،بـــە چـاوانـی‌تۆم
تـــۆ نـــەفەس«نـادر»،شـارەگ حـەیاتم
دووریێ لێـــم مـــەکـــە،ئـازیز فـەداتـم

# دەردی ئاشقی

بێ دۆس و دڵبەر،ژیان ناکرێ
بەیان دەردئاشق،بە زوان ناکرێ
دەردی ئاشقی،دەردی بێ دەرمان
بە دەوا و دووکتر،دەرمان ناکرێ
هەروەها هەرگیز،بە دەس دۆعانووس
سەختی کارئاشق،ئاسان ناکرێ
بە لای ئەغیار و،بە لای نامەحرەم
راز دەروون ئاشق،عەیان ناکرێ
بەڵام سۆزئاشق،زوو ئەیکا رۆسوا
رازی ئاشقی،نەهان ناکرێ
لە وەختی جەور و،لە وەختی جەفا
غەیر ماڵی ئاشق،وێران ناکرێ
نازی دڵبەران،ماڵ وێرانکەرەس
ماڵێ کە رمیا،ئاوان ئاکرێ
جەفای دڵبەران،جێ ئینکار نیە
وەفای ئاشقان،کەتمان ناکرێ
قەولی دڵبەران،قەول راسێ نیە
باوەڕ بە عەهد و،پەیمان ناکرێ
دڵبەر هەر جوان و،ئاشق پیر ئەوێ
هەرکەس کە پیر بوو،بە جوان ناکرێ
«نادر»،نەگری کەس،غەیرخوا،بەخوائی
خوا هەر یەکێکە و،بە دووان ناکرێ

# دەس‌بر

ٚ

نەماگی ئازیز،بۆ وەکوو جاران؟!
بارانی چاوم،باران‌بەهاران
ئەی فکر و خەیاڵ،بێداری،خەوم
لە دووری‌باڵات،چۆن مەحزوون نەوم؟!
رەنجی‌فیراقت،من چۆن کەم بەیان؟!
ئەم بارەقۆرسە،چۆن کێشم بە شان؟!
بۆ کردۆ پاشێل،دڵ‌بێچارە کەم؟!
مەگەر من چیم کرد،ئاخر،یارە کەم؟!
رۆسوا بووم ئازیز،من لە سەر عشقت
گیانم لە کەف‌دەس،نیا لە بەر عشقت
هەرچەن بێکەس نیم،دەورم جەنجاڵە
خەیردین لە ژینم،بێ‌تۆ مەحاڵە
نەمەشیای کە من،دڵ بدایم بەتۆ
ئیسە کە داگمە،نایسێنم لە تۆ
فەقەت‌تۆ توانیت،دڵ‌من بسێنی
هەروا دڵ‌ڕۆبا،یاخوا بمێنی
ئەگەر کە رۆژی،بۆ لام بیتەوە
لە دڵ وەک بەردت،ئەپارێمەوە
دەردی‌دڵ ناکەم،بۆ کەس حکایەت
لە دەس‌تۆ ناکەم،لای خوا شکایەت
نەمزانی کە تۆ،دەس‌بر،بێوەفای
لە حەق«نادر»ا،زاڵم،پرجەفای!

# دەسی خوەش‌بێ خوا

ناو گولْعۆزاران،ئیتر وەک‌تۆ کوا؟!
بۆ خلقەتی تۆ،دەسی خوەش‌بێ خوا
دۆرۆشتی‌چاوت،وەک چاوی ئاهوو
ئاهووی‌خەرامان،کێفی‌دالاهوو
منی خستە بەند،ئەگریجەی‌خاوت
هەلْمەتی دابۆم،سەگی دووچاوت
منی بەرنەدا،دووچاوخۆمارت
سەنعەت‌زەیفی،پەروەردگارت
نیازت نیە،هیچ بە ئارایش
لە دلْدێوانەم،بردت ئاسایش
تۆ زۆر شیرینی،بێ‌زیوەرئالْات
بێم بە دەور خوەت و،بێم بە دەور بالْات
لە عشق‌تۆ داخ و،هەروەک ئاگرم
لە چاوخۆمارت،دەس هەلْ ناگرم
گولْی‌کراسەکەت،زەریف و خوەشبۆ
گولْ کەی زەریفە،ئازیز وەکوو تو؟!
خۆ لە بیر ناچی،عەزیزم تاوێ
ژین بێ‌تۆ سەختە،ژین بێ‌تۆ ناوێ
ژیانم بێ‌تۆ،وەک قاوە،تالْە
بێ‌تۆگیانەکەم،گیانم،وەبالْە
بە تواشای بالْات،«نادر» حالْ ئەکات
دلْی وەک کۆتر،بالْەبالْ ئەکات

# دەوای دەردەکەم

دەوای دەردەکەم،شیرین وەک نەوات!
هـاتنت خـەفەت،کـەی لێـم لائـەوات؟
خـــۆمارم دائـــیم،بـۆ چـاوخۆمارت
چاوت،خەفەت زۆر،بۆچی بە من ئات؟!
لە شەترەنجیعشق،مـن سـەرواز،تـۆ شـا
رۆخــەجوانــە کــەت،مـنی کـردە مـات
لە خـــوا بـترسە و،کــەم بـمکە ئــازار
مــەمکوژە بــە نــاز،خــوێنم تـێتە پـات
لە ســــەختیژیان،فــریشتەی مــن بــە
بــۆ خــاتر قــۆرعان،بیٚ بـمدە نـەجات
تواشای عـەکسـەکـەت،کـردمیە گـریان
هــــەزار هـــەناسە،لە سـینەم دەرهــات
هەر تکرار ئەکەم،دۆعام لە وەخت نوێژ
خواوەن دووعاڵەم،دوورت لێم نـەخات
لە بــیرم نــاچیٚ،لە بـیر خـوەت مـەوە
ئــەو قــەوڵە نــازار،واتــۆ بــە مـن دات
شەویٚ بی بۆ لام،سواوی هـەس عـەزیز
شەوم شیرین کـە،هـەروەک شـەوبەرات
تـــــــەنیا ئـــــاواتـــــم،لەم ژیـــــنەتاڵە
شــــەو تــــا بــــەیانی،بــــمێنم لە لات
دڵ«نـادر» ئـەگـەر،نـەکـەی دەمیٚ شـاد
دامــەنت ئــەگــرم،لە بــان پــردسرات
٧

# دەوای زدپیری

زەریــــف و شـــیرین،ســـەر تـــا پـــاتەوە
دەوای زدپـــــیری،هـــــا بـــە لاتـــەوە
تـــا نـــەیتەو بـــۆلام،عـــەزیز،نـــا کـــەنم
دڵ لە تـــــۆ نـــازار،هـــەرگیز نـــا کـــەنم
دڵـــم پـــەر لێ‌ئـــا،بـــۆ دیـــەن بـــاڵات
بـــــۆدیەن بـــاڵات،ســـاحەیو کـــەماڵات
کـــــڵپەی‌ئا گـــرت،خســـتە نـــاو دڵـــم
دیـــم بـــە چـــاوی‌خوەم،لە ژێـــرپاو دڵـم
دڵـــــم زۆر تـــەنگە،بـــۆ دەســـتی‌نەرمت
بـــۆ تـــواشـــا کـــردن،چـاوی پـرشەرمت
گـــەر بـــێڵی بـــنم،دەســـم نـاو دەسـتت
گـــیانم فـــیدا کـــەم،بـۆ چـاوی مـەستت
پـــــێکەنین‌لێوت،دڵ ئـــــا گـــــر ئـــەدا
بـــۆ دڵمـــنت بـــرد؟،دڵت پـــێم نـــەدا؟!
لە مـانگ شـیرین‌تر،خـوەش‌ئەندام،زەریـف
لە نـــاو دڵـــبەران،نـەمدی بـۆت حـەریف
تـــــا نـــەمردگم،مـــن لەدەس جـــەورت
ئـــیجازەم بـــە پـــێ،کـە بـێم بـە دەورت
هـــەرچـەن بـەنازت،مـن ئـە کـەی ئـازار
بـــەڵا بـــۆی بگـــەی،دۆژمـــەنت،نـــازار
«نـــادر»،ئـــاواتـــێ،غـەیر تـۆی نـەماگـە
پشـــتی وەک گـــۆچان،لە غـەم چـەماگـە

# دێوانەدڵمن

دێـــــوانـــــەدڵمن،شــــێتی جەماڵت
ئـــــاواتـــێکم هـــەس،ئـــەویچ،وســـاڵت
بـــەند،بـــەندی،جـــەسەم،عـــەزیزم،کـاڵێ
بـــــە رۆژ و بـــە شـــەو،بـــۆتۆ ئـــەناڵێ
بـــــووگمە شکـــــارت،گـــەفتگمە داوت
نـــــاوێ نـــەجاتم،لە دەس دووچـــاوت
ئـــــیجازەم بـــــدە،کـــە بـــێمە مـــاڵت
تـــواشـــاکـــەم فـەقەت،حـۆسنی جەماڵت
بـــۆ تـــاوێ یـــادت،دوور نـــاوێ لە مـــن
ئـــەزانـی چـەنێ،خـەفەت دات بـە مـن؟!
دامئـــەگـرێ خـەفەت،تـا بـیرت ئـەکـەم
نـــاحەقم نـــیە،چـــۆن بـــیرت نـــەکـەم
لێـــــوم ســــاکت و،دڵپـــر لە هـــاوار
دڵ بـــێ‌تۆ ئـــەیژی،هـــا لە ژێـــر ئـاوار
هـــــەرچـــەن وتت دەر،تـــێرم دەمـــارت
ئـــــەمێنم بـــــەخوا،هـــەروا تـــەمارت
بـــم بـــە قـــۆربانت،ئـەی شـیرین‌قامەت
یـــــاخوا بـــــمێنی،تـــــا قـــامقیامەت
ئـــەمرم بـــە جـــێگەت،بـاکـەتۆ نـەمری
بـە شـەرتێ بـیانک،جـیائی لێـم نـەگـری
کـــار«نـــادر» بـــێ‌تۆ،هـــەر رەنـــجەرۆیە
قـــیبلەنماگـــەی،هـــەر روو بـــە تـــۆیە

# دیوان دێوانە

دوێشەو لە خەڵوەت،دانیشتووم بێ تۆ
شێعرم بۆت نووسی،خوێندم بە جێ تۆ
ئەمخوەند،ئەگیریام،وەک منالەکان
ئاخر تۆ بردۆ،دڵمن بە تالان
تا تیتە بیرم،شێعر لێم ئەوارێ
لە دڵ ئاشقم،دەرتێ هەوارێ
عەزیزدوورلە من،دۆسی نازارم
لە تۆ شێعرنووسین،بووگەسە کارم
شاعران بۆ شا،هەر شێعر ئەنووسن
وێڵکە ئەوانە،ئەوانە لووسن
تۆ شا و حاکم و،سۆڵتانی منی
من رەعیەت تۆم و،تۆ خانی منی
رۆژمی کردە رەش،خاڵی سەرگۆنات
هیچ گوڵێ وەک تۆ،ئازیز،خۆ بۆ نات
چاو لێت باکەسێ،دەرتێرم چاوی
تێرمە بەر چاوی،باوکی،حەساوی
سەد دیوانی شێعر،بێژم بۆت کەمە
زۆر خۆشتم ئەوێ،ئیتر هەر،ئەمە
نووسیم لە دیوان،من دێوانەتم
تۆ ساقی و من،مەست مەیخانەتم
پاتۆقی«نادر»،بەر کاشانەتە
هەرچەن ئەو هەدەف،تەشەر،تانەتە

# رۆح و گیانەکەم

گیانم فیدات کەم،رۆح و گیانەکەم
کەی تی شیرین کەی،تۆ ژیانەکەم؟!
ئەزانی ئازیز،ئازیزم کیە؟!
فەقەت تۆ،هەرتو،ئەی دۆردانەکەم
تەبیب و حەکیم،شەفای دەردەکەم
شەفا بنێرە،بۆ رەفعژانەکەم؟!
مەگەرتۆ نەبوویت،ئەتوت هەمیشە
دەسم لە دەس تۆ،هەرگیز وا نەکەم؟!
مەگەر من مۆرید،نەبووم،تۆ مۆراد؟!
بۆ کردگتە قار،ئەی سوڵتانەکەم؟!
بێ وەکوو جاران،دڵسۆزی من بە
لاوە بارخەفەت،لە سەر شانەکەم
ئیتر کەم لۆتفی،نیت وەکوو جاران
ناپرسی لە دڵ،ورد و خانەکەم
هێشتا مەسم لە،شیرین شەراوت
شیرین رۆخسار و،شیرین زوانەکەم
ئەگەر بپرسی،جێگە و مەکانم
هەرشەو مەستشەش دانگ،لە مەیخانەکەم
ئەگەر قەرارە،بێ تۆ سەرکەم ژین
بێ تۆ لەتەك ژین،شەرتە تا نەکەم
رەحمێ کە دڵبەر،بە «نادر»ئاشق
بە دڵشکیاگ و،پەرێشانەکەم

# ڕۆخی تۆ

ڕۆخ تا ئەچەرخنی،بە چەپ یا بە ڕاس
گشتی شێت ئەکەی،بێ‌قسە و بێ‌باس
کیش و مات ئەکەی،چەنێ تۆ سادە
ڕۆخت ئاتەکوشت،وەزیز،پیادە
تا تۆم دی بەچاو،دڵ خۆم دا لەدەس
وابزانم چاوت،مۆرەی‌ماری هەس
بە چاوخۆمارت،ئەکێشی سۆرمە
عاشق ئەیتەکوشت،نازانی جۆرمە؟!
زۆڵفت درێژ و پێچ‌پێچ و کاڵە
لە دووری باڵات،دڵ‌پڕ لە ناڵە
بردت یەکبارە،سەر و سامانم
سەرگەردانی تۆم،مانگی‌تابانم
تۆ چەنێ ئاسان،کردۆ شکارم!
بووگە عشقی تۆ،بە کار و بارم
قوەت دەس و پا،هێز و نەفەسمی
تەک تۆ،بێکەس نیم،تۆ هەرچێکەسمی
بێ‌تۆ لە کۆنجێ،تەنیام،تەک خوەما
تەنیا نیم ئەڵبەت،من هام تەک غەما!
دوور لە تۆ نازار،من نایرم دەوام
مەحزوونتر لە نەی،ناڵین و نەوام
بۆ«نادر»،هەر تۆیت،خوەشی،دڵگەرمی
من مەل‌ئاسمان،تۆ باڵ و پەرمی

# رەفێقی دڵسۆز

لە چــەرخــی گەردوون،نــارازی،ئــاڵۆز
تــۆ چــوویت،نـەمما گـە،رەفـێقیٚ دڵسۆز
بــەیانی تـا شـەو،هـەر خـەریك رۆرۆم
گـــــیروودەیٚ چـــاوی،دڵـــرفێنی تـــۆم
بیٚ تۆ رێگەیژین،چە سەخت و باریك
بـــیٚ تۆ رۆژانـــم،وەك شـــەوان،تـاریك
ئـــــاگـــــرفیراقت،گــــر بــەرداٚ لە مــن
خۆزگە ئەتزانی،تـۆ چیت کـرد بـە مـن!
غــــەمی فــــیراقت،دەس هــەڵگیر نـیە
قـــەوڵ و قــەرارت،بــۆچ لە بــیر نــیە
لە بــیرتە جــاران،ئــەمۆ کــرد تــاسە؟!
ئـــیسە نــاپرسی،زۆر جــێگەی بــاسە!
مشــــتەری دائـــــیم،مــــەیخانە کــــانم
هـــەروەك خــوەرەتاو،لچ بــانە کــانم
لە بـــیرت نـــاوەم،وا گـــردم تــەسمیم
تا ئـەو وەختە وا،گیان ئـەکـەم تـەسلیم
دوور لە تـــۆ بـــەخوا،ئـیتر نـاکـەنم
لە رۆژی مـــــردن،دڵ بـــۆت دائــــەنم
گـیاندانــن بــە تـۆ،ئـەرگی سـەرشانە
نـەمدی لە دنـیا،وەك تـۆ یـەكدانـە
رۆژ«نــادر» رەشــە،هـەر دووچاوەکـەم
نــوور چــرای مــاڵت،خــوەرەتاوەکـەم

# زۆر بێئینسافی

ئـەی سـاحەیودووچاو،شـیرین،پـرشەرار
بـۆت بـێقەرارم،چـۆن بگـرم قـەرار؟!
جـێئەمن و خـوەشم،حـەریمماڵەکـەت
ئەمکا،مەس و شـێت،دیـەن خـاڵەکـەت
رۆژێ لە رۆژان،تـــێمە بــەرماڵت
ئـــام لە درگـــات و،ئـەپرسم حـاڵت
بـــۆچی گـــوراوە،رەفـتاری پـارت؟!
بـۆ جـەفا ئـەکـەی،ئـەونە بـە یـارت؟!
خوەتبێژە چۆن کەم،باوەر جەفاکەت؟!
بۆ رازیت بـە مـەرگ،یـارباوەفاکـەت؟!
کەی تی کە بگـری،کـەمێ یـاوەکـەم؟!
گەرد و غۆبار رێت،سۆرمەیچاوەکـەم
کــەی ئــەنی ئـازیز،بـانچاوم قــەدەم
گــەر ئـەمکارەکـەی،گـیانت بـۆ ئـەدەم
فــرمانت بــۆکـەم،هـەروەک غـوڵامت
هەروەخت قاوم کـەی،زوو دەم وڵـامت
خـۆ نـاوێ بـە کـفر،لایکـم لێ کـەرەو
مـــەترسە نـــایژم،دڵـــمم پـــێبەرەو
قـــەوڵنام کــە عشـقت،لەدڵ دەربــێرم
خـــاتوونیعەزیز،بـــەخوات ئـەسپێرم
کـــــردۆ ئـــازارم،زۆر بـــێئینسافی!
«نـــادر»ی ئـاشق،ئـەمە بـوو مـافی؟!

# زۆر نائۆمیدم

چـاومت عـادەت دا،بـە شـیوەن،زاری
تۆ کردت فرمیسک،لە چاو مـن جـاری
ئـــــۆمیدجارانـــــم،زۆر نـــائۆمیدم
ئـەونە گـیریاگـم،کـەم بـووگە دیـدم
کـاری‌تۆ دڵـبەر،زووخ‌دانـن بـە مـن
نـــاپرسی ئـــیتر،ئـــەحواڵــێ لە مــن
دەســتت لە دەس‌مــن،ئـیتر بـەرداگـە
لە دووای‌تـۆ خـوەشی،بـۆ مـن نـەماگـە
ژنـــەفتووم جـــەفا،کـــار دڵـــبەرانـە
هــەم لە زوان مــەردم،هـەم نـاو تـەرانـە
هـیچکەسێ وەک تـۆ،عـەزیزنەو لامـەو
لە دوای‌تــۆ چـەبکەم،بـە دڵ‌نـاکـامەو؟!
پیربووم دوور لە تـۆ،هـەروا بـە جـوانـی
وەک کووزەی‌شکیاگ،لە ڕێگەی کانی
هــەرچـەن کـە ئـیسە،پێم ئـەیژی پـیری
ئـــەترسم بـــمرم،جـا بـۆم بگــیری
تــا ڕۆژێ مــاگــم،نـاتکەم فـەرامـۆش
مـــەگـــەر بـــمواتـــەو،خـــاڵق‌خەتاپۆش
تۆ خەریک ژین‌بە،مـن خـەریک مـاتەم
مـن فـەقیر بـەر مـاڵ،تـۆ وەکـوو حـاتەم
خـوای«نـادر» یـار و،هـەم یـاوەرت بـێ
هــەر هــەی لە دڵـما،گـەر بـاوەرت بـێ

# زەریف‌تر لەگشت

چاوی دۆرۆشتت،وەك چاوی ئاهوو
لە بیر منی برد،عشقی‌تۆ،یاهوو
برژانگت رەش و،تیژ و درێژە
فرمیسك فیراقت،لە چاوم لێژە
سەد ماشاالله بێ،لە باڵای‌بەرزت
شێت بووم بۆ جوانی،بێ‌حەد و مەرزت
زەریف و ناز و ،شیرین و كەمروو
تا دیم چاوەكەت،عەقڵم لە دەس چوو
بۆی گوڵ كراسەكەت،خوەشتر لە عەنبەر
بە شۆنتا وێڵ بووم،لەوبەر،بۆ ئەمبەر
ها لە سەرزوانم،هەمیشە ناوت
خوانەكات نازار،چاوبەن لە چاوت
رازیم كە گیانی،خوەم كەم بەساقەت
بە ساقەی خوەت و،خاڵ سەر چناكەت
زەریف‌تر لەگشت،كرچ و كاڵەكان
خاڵت شیرین‌تر،لەگشت خاڵەكان
عەكست دا بە من،عەكس یادگاری
ماچكەم عەكسەكەت،وەخت‌بێقەراری
رێگەروونەكەت،شیرین،وەك غەزاڵ
یەك‌رۆژ دوور لە تۆ،ئەگوزەرێ وەك ساڵ
تۆ عومردووبارەی،«نادر»ی،نازار
ساقەی سەر برات،بێ،مەمكە ئازار

# زەریف و زاڵم

زەریفی زاڵم، یار شیرین ئەدا
بێرەو گیان شیرین، بۆ تۆ کەم فەدا
تۆ قیبلەی من و، ماڵت بۆتخانەم
بۆتی من خوەتی، عەزیزدۆردانەم
دڵت لە من سەند، عەزیزدڵدارم
رۆسوا و ئاوارە، بووم لەدیارم
بۆ لێم بێزاری؟! چێ روودا مەگەر؟!
لەدەسْ نازی تۆ، چۆن دەشت نامە بەر؟!
کەی تێ بپرسی، چۆنیەتی حاڵم؟!
دوور لە تۆ بەخوا، پەرێش ئەحواڵم
فەرامۆشت کەم؟!، ئاخر چۆن ئەوێت؟!
فکری خام مەکە، قەزات لێم کەوێت
تۆ لە خەوخوەشی، من تا سفح خەوەر
من داریْ وشکم، عشقی تۆ، تەوەر
گیرم کرد لە ناو، حەڵقەی زۆڵفەکەت
خلاسیم نەهات، لەژین بووم شەکەت
ئازارم مەکە، ئەمرم بە قۆرعان
بێڵانە من خوەم، خوەم کەم بە قۆربان
لەعنەت لەگەردوون، تۆی کرد لە من دوور
پاکبوو لەژینم، بێ تۆ رەنگی سوور
قەلب و دڵ «نادر»، عومر و رۆحەکەم
بە قۆربانی تۆ، گیانم، چۆن نەکەم؟!

# زین و مەم

بــــێتام و تـــاڵە،بــــێ تۆ ژیـــنە کـەم
وەک مەم ئـاشقم،هـەرتۆیت زیـنەکـەم
مــــنۆ عــاشق کــرد،زیــاتر لە فــەرهاد
لە تــۆی شـیرینم،زوو زوو ئـەکـەم یـاد
خـواکـردیە قسـمەت،مـن عـاشق تۆ بـم
تــۆ بــی بــە عـۆزرا و،مـن وامـق تۆ بـم
شێت و مـەجنوونم،بـۆ نـەقش جـەماڵت
بــێژە لەیــلی گیان،کــەی بـێمە مـاڵت؟!
خــو خــوەت ئــەزانـی،بـەتۆ دووچـارم
کــــەمێ بــەزەیت بــێ،بــە حــاڵی زارم
بــــۆ چـــــاوخۆمارت،دائـــم خـــۆمارم
کــەی تــی بــژمێری،خـەمبێ شۆمارم؟!
هــــەمیشە و دائـــیم،دڵـم گــیریاگــە
چــەبکەم بــەم دڵــە،وا بــە تــۆم داگـە
کورت و مـوختەسەر،شێتم بـۆ چـاوت
تــــا ئــــاخرعۆمرم،کـــەفتگمە داوت
ئــــاوێتەی زووخـــــە،نــەهار و شــامم
کـەی تـی بـمگەینی،رۆژێ بـە کـامم؟!
بەخوای بـێ شەریک،قـەسەم بـە قـۆرعان
ئـاسانە بـۆ تۆ،گـیان کـەم بـە قـۆربان
زۆر خــۆشەویست و،زۆریش بــەرێزی
بــــۆ«نـــادر»عــاشق،تــەوان و هــێزی

# ژینی تاڵ

ژیـــانێکم هـــەس،زۆر تـاڵ و نـابار
لە دەس زوڵم و جەور،لە دەس رۆژگـار
زۆر ســـەختە بـــۆ مـــن،ئـەمژینەتاڵە
چـــەبکات کـۆترێ،بـێپەر و بـاڵە؟!
چـاوم لە خـەڵوەت،هـەمیشە گـریان
دڵـخوەشیەکـانم،لە مـن جـیا کـریان
حـەزئەکـەم زووتـر،تـەرکیدنیا کـەم
خوەم خـەلاس لەدەس،ئەرکیدنیا کـەم
کـــەفتگە لە بـــەرچـاو،ئـیتر ژیـانم
لەخـوا ئـەخوازم،زوو دەرچـێ گـیانم
بـــێکەس،بـــێچارە،بـێیار و یـاوەر
تـــاڵیژیانم،کـــێ ئـــەکـا بـاوەر
رەنـــجم زۆرفـرەس،بـەرگە نـاگـرم
خـوەشم تـێ لەنـاو،قـەور زوو جـا گـرم
هـــەروەکـــوو شـەمعێ،ئـەتاوێمەوە
بـــــێخۆ لە گـــەردوون،ئـــەڵاڵێمەوە
خـەسە و هـیلاک و،مـاندووی ژیـانم
نـەمدی بـە چـاو،غـەیر،زەرەر،زیـانم
بـێدووکەڵ دڵـم،ئـەسووزێ لە غـەم
وەلێ دوو چـاوم،وەک کـانی و چـەم
«نـادر»،بـەسیەسا،تـواو کـە ئـەم باسە
ئـەونە نـاڵە نـاڵ،کێ ئـەیژێ خـاسە؟!

# ساقی

دەخـــیلتم ســـاقی،پـرکە پـیاڵەکـەم
ئـاخر نـاکـۆکە،بێدۆس،حاڵەکەم
ئـــیمشەو ئـــەیساقی،بـە تـاڵیشەراو
کـــەمێ شـیرین کـە،ژیـنەتاڵەکـەم؟!
شـێت بـووگم بەدەس،خەفەت‌تەنیائی
پـــەپوو ئـەخوێنێ،گـۆشەیماڵەکـەم
ئـیتر وەک جـاران،نـەماگـە دۆسـم
نـایت تـا بـپرسێ،وەزع و حـاڵەکەم
تـــاڵتر لە قـــەهوەس،ئـەمژینە بـێئەو
تـاسەی زۆر ئـەکەم،شیرین‌خاڵەکەم
مـــــەیلیفرینم،هـــــەس و نـــاتانم
ئـاخر،هـەر ئـەو بـوو،پـەر و باڵەکەم
هـــەر مـاگـە لامـەو،یـادگارەکـەی
قـابەعەکسـەکـەی،لەنـاو هـاڵەکـەم
چـــاوم زیـــتە تـــا،لە دەر بـێتە نـاو
رۆشـنکات چـرای،تـاریک‌ماڵەکـەم
نـــاڵەناڵ ئـەکـەم،زۆر لە دووری‌یـار
داخـۆم ئـەژنەوێ،لە دوور نـاڵەکەم؟!
ئـــەتانم کـە خـوەم،رازی کـەم،وەلێ
مـن چـۆن حـاڵیکەم،دڵبـەتاڵەکـەم
نـایت بۆلای«نـادر»،تـا وەختێ مـاگـم
بـەشکە زوو بـمرم،بێت بۆ ساڵەکەم

# ساقی، تێکە بۆم

ســاقی، تــێکە بــۆم، پــیاڵەی پــەیا، پــەی
نــخواردن شــەراو، ئــاخر، هــەتا کــەی؟!
شــــەراو تــــەسکینە، بــۆ دڵ حــەزینم
ئــــارامش بــــەخشە، قــەسەم بــە دیــنم
نــــەئیمشەو، هــــەرشەو، تــێمە مــەیخانە
پــــرکەبۆم ســــاقی، فــــرەیک پــەیمانە
تــــینگم، تــــینگ، داکــــەبۆم شــــەراو
نــــجاتم بــــدە، لە ژیــن وەک ســەراو
ســاقی داکــە بــۆم، شــەراوحەفت ساڵە
دوور لە دڵــــبەرم، خــــوەشیم مــەحاڵە
ئــــەونە بــنۆشم، رێگــە کــەم گــومکەم
جێگەی سەر و پام، ناو جێگە گومکەم
تــــاڵی کرد ژیــــنم، یــاری خوانــەناس
خوەشی لە من سەند، بێ هیچ قسە و باس
تاوسان وەک زمسان، دوور لە ئەو سەردە
ئــــاخر بــــەداخــەو، دڵ ئــەو لە بــەردە
دەرچــووگە لە حــەد، رەنــج و مــەینەتیم
بێکەس و تەنیام، وەک بــێ باوک، هــەتیم
وەکــــوو جــووتیارم، خــەرمەن بابردگ
وەک عــــــەزاداری، عــــەزیزی مردگ
ســــاقی، هــەر دەردێ، دەرمــانی هــەیە
دەرمــــانی «نــــادر»، شــــەراو و مــــەیە

# سڵاو

هەرچەن تۆ کارد و،من وەك پەنێرم
لە دوورەو بۆ تۆ،سلام ئەنێرم
یاری‌جارانم،عومر و رۆحەکەم
شادی بۆت تەڵەب،لە خواکەم ئەکەم
لە دەردی‌دووریت،با کەمێ بێژم
رەوانەی خاك و،مەسیری لێژم
دڵی‌دێوانەم،هێلانەی‌غەمە
چاوی‌گریانم،وەك جۆگە و چەمە
وەك داربێ‌سەمەر،دوور لە باخەوان
وشك و خەم ئەوم،وەك کەمەی‌کەوان
کردۆ بێوەریم،لە خۆشی‌ژیان
نەمدی لە عشقت،بەغەیر از زیان
دووچاری خەفەت،گیروودەی غەمم
هەرڕۆژ ئەچمە ئاو،وازانم شەمم
بۆچە لە تەك من،کەفگیتە سەرڕ قین؟!
بۆ بێزارم کەی،لە دنیا و لە دین؟!
شەو بۆت شین ئەکەم،هەر تا بەربەیان
ناکەم رەنجی خوەم،لە لای کەس عەیان
تا بی بۆ ئاشتی،من هەر سەور ئەکەم
بۆچیمە گوڵ‌تۆ،لە سەرقەورەکەم؟!
عەزیزی«نادر»،بێ وەکوو جاران
کەمێ قەدەم‌بەین،لە ژێری باران

# سەرکانی

چاوجوانێ شیرین،دیم له سەرکانی
کووزەڵەی ئاوێ،دیم له سەر شانی
چاوی‌مەسی دیم،جا بێ ئیرادە
دووچاوم خستە،ناو چاوەکانی
بە یەک پێکەنین،تەنیا بە ئەتوار
دڵی له من سەند،ئەو یارە،ئانی
بێ هیچ‌ماتڵی،وەک سەییادەکان
تێرێ بە برژانگ،له من وەشانی
وتم بەخاڵق،دووچاوت قەسەم
دڵبردن له من،هەرتۆ ئەتانی
وتم ئیزنم‌بە،با بم بەساقەت
وتی چە شێتی،جا سەر لەقانی
وتم ماشاالله،لەوگشتە نازە
شێت‌کردن ئاشق،چە خاس ئەزانی
مەگەر خوەت نەتبرد،دڵی‌من،بە ناز
ئیسە بۆ ئەکەی،نامیهرەبانی
بووگمە ئەسیرت،تەرکی من مەکە
بێ‌تۆ زوو دنیام،ئەوێتە فانی
تا دی کە بووگم،شێتی‌دووچاوی
وتی:«خواحافز»،بە شیرین‌زوانی
ئەو چوو،دوورەو بوو،نەیمدی ئیتر
گریان بوو بە کار،شەو تا بەیانی
ئیتر هەر نەمدی،حەتتا له خەودا
کەنین‌لێو«نادر»،هەر ئەو پەرانی

# سەورزەی‌نازەنین

یـــاری خـــۆشەویست،ســـەوزەی‌نازەنین
کـــێ هــەس له دونــیا،وه‌کـووتۆ شـیرین؟!
دڵـــم دا بـــه تـــۆ،کـراس‌کـوردی‌لەبەر
بـێژه چـەم کـردگه،ئـەمگەرنی بـه سـەر؟!
بـــه گـــیانت قـەسەم،نـەمماگـه تـاقەت
بـێ تـا نـەمردگم،خـوەم کـەم بـه ساقەت
ئـــاشقم،ئـــاشق،وه‌ك مـــەنسوورهەلاج
گـــــــیرووده‌ی‌دەردم،دەردێ لاعـــەلاج
لێم بـوونه دۆژمـەن،قـەوم و،کـەس و،دۆس
بـــێکەسیم ئـــازیز،ئـیمرو له بـەر تـۆس
هەر یادت ئـه‌کـەم،ئـەی دڵـبەر،ئـەی دۆس
نـزیکی بـه مـن،نـزیک وه‌کـوو پـۆس
بـۆچی نـاپرسی،لێـم وه‌کـوو جـاران؟!
بۆ نایت،وشکەوکەی،فرمیسک وه‌ك‌باران؟!
نـــامەوێ غـــەیر تـــۆ،لەم‌دنـــیا چـــتێ
ئـــەم دنـــیا بـــێ‌تۆ،هـــەروه‌ك تـاوتێ
بـــه غـــەیرتۆ پـــەنا،بـۆ کـەس نـەبردم
سـەرت خـوەش ئـازیز،گـەر بێ‌تۆ مـردم
هـــەرچـەن مـنت کـرد،بـەعشق مـۆبتەڵا
بـــــتپارێزێ خـــــوام،له دەرد و بـــەڵا
ئـــەزانـــم هـــەسۆ،مـــەرام و مـــەنش
تـۆ نـاکـەی«نـادر»،بـۆ عشـق،سـەرزەنش

# شاعر

نـــووسین لە چـــاوت،عـــەزیزدڵدارم
بـووگە بـە ئـیش و،بـووگە بـە کـارم
بـۆت شـێعر ئـەنووسم،شێعری دڵداری
بـــە جـێ تـێڵم بـۆت،بـە یـادگاری
مـــن ئـــەو بـــاڵەندەم،بـــێ هێلانەیە
بـــێبەش لە لانـــە و،ئـــاو و دانـەیە
تـۆ بـاخ و جـەننەت،گـوڵخانەی مـنی
تـــۆ دڵـخواز دڵـی،دێـوانـەی مـنی
هـەروەک گـوڵی باخ،زەریـف و تـاهێر
لە دڵـــــــبردنا،شـــــــارەزا و مـــاهێر
دوو چـاوی مـەستت،منی خستە گیر
تـۆ بـموەی لە بـیر،مـن نـاتوەم لە بیر
بـۆ دڵمـن بـردن،زۆر ئـازا و کـرژی
هـەروەخت ئـەتمدی،ئـەمگرد،ئێنرژی
لە بـیرت نـاوەم،خـاترت جـەم بـێ
لە ئـــامار دونـــیا،تـا نـاوم کـەم بـێ
لە تـۆ جـیامی کـرد،قـەزا،هـەم قـەدەر
ژیـنی مـن ئـەچێ،بێ تۆ هـەر هـەدەر
تـا ئـاخرعۆمرم،شێعر بـۆت ئـەنووسم
جەوهەر نـەمێنێ،بـە خوێن ئـەنگووسم
«نـادر» شـاعێر نـەو،هـەر لە رۆژ ئـەزەڵ
چـاوتۆ فـێری کـرد،کـە بـێژێ غـەزەڵ

# شەوچلەی زمسان

ئــیمشەو شــەوچلەس،بــە ســەرچــوو خــەزان
ئـــــاسارێ نـــــــەما،لە خـــــورماپەزان
پــائیز،فــەسڵ خــەفەت،زەردی‌بــەرگەکـان
زمســان،دەســتت‌خوەش،خــەزانت بــەزان
نــەما لە ســەر شــاخ،هــیچ گـەڵا و بـەرگێ
گـــــەڵا و بــەرگی‌دار،خــەزان،گشت،رەزان
بــەزۆر چــوو خـەزان،مـەیل‌چوونی نـەبوو
حــەریف‌زمسان نــەو،بێخۆ خـوەی تـەزان
بە خـەیر بـی زمسـان،مـوارک بـێ لە گشت
بـــە بـــەفرێ فـــرە،مـــەردم لێت رەزان
شـــیرینی‌زمسان،بـــە بـــەفر و ســەرماس
لە کـــووچە و کـــۆڵان،بـادی‌سەرد،وەزان
بــە هــەر کـەس کـە قـەدر،زمسـان نـەزانێ
ئـــەیژن نـــاسپاس،نـاشۆکـر،هـیچ‌نەزان
ژێـــرقۆرسی ئــاگـر،بـان‌قۆرسی،هــەنی
دۆڵـــمە و نــان و دۆ،بــۆ زمســان غــەزان
بـــە داخـــەو زۆریک،لە مـــەردم‌هەژار
لە دەس نــەداری،هــەر خــەریک عــەزان
بـــــۆ خـــەڵکی‌فەقیر،هـــەژار،بـــێنەوا
دۆعای خەیر ئەکەم،وەخت بانگ و ئـەزان
«نــادر» وەخـتێ دی،مـەنزەرەی زمســان
جـــا لە حــەیرەتا،لێــوی خـوەی گـەزان

# شێتی تۆم

تـــــەسکینی‌ئێش و،ژان و پــێچ مـــنی
ئــاواتـــی دڵـــی،شـێت و گـێج مـنی
دڵــــــم بــــــێ‌مەنتق،زۆر بـــیانک‌گیر
هـــەر داوات ئـــەکـا،تـۆ نـاوا لە بـیر
فـرمیسک لە چاوم،وەک بەحری‌پرمەوج
بـۆ تـۆیە،بـووگم،شێت و خـول و گـەوج
ئـــەیژن کـــە شـێتم،خـوەیچم ئـەزانـم
مـــەردم بـــزانـن!مـن خـوەم نـەزانـم؟!
ئـــــەرێ،شـــێتی‌تۆم،شـــێتی‌دووچاوت
هـەرچـەن کـە دووری،هـەر ئـەکـەم قـاوت
لە دووری‌بـــاڵات،هـــەروا ئـــەچمە ئـاو
من چەم‌کرد؟چەم‌وت؟کـەفتم لە بـەرچـاو؟!
خـــەفەت‌فیراقت،نـــە یـەک،نـە دووانـە
هـیچ‌رەحمت نـەکـرد،بـەم بـەسەزوانـە!
ژیـن بـێ‌تۆ سـەختە،مـەرگ بێ‌تۆ ئـاسان
نـــەمدەی بـــەکـــوشتا،ئـامان،سـەئامان
دوورم لە چـاوت،ئـەی خـاکـم بـەسەر
عشــــــقی‌تۆ لە دڵ،هــــەر نـــاچێتە دەر
گـەر بـیت وەک‌جـاران،بۆم بـی بـە سـاقی
لە دڵمـــــن خـــەفەت،نـــامێنێ بـــاقی
لە جەور و جەفات،تـۆ کـەی حـەیا کـەی؟!
وەک«نـادر»،ئـاشق،لە کـوێی پـەیا کـەی؟!

# شیرین‌تر لەگشت

چەنێ شیرینە،شەرم و حەیاکەت
هەم خاڵی‌شیرین،گۆشەی چناکەت
چاوی مۆشتاقم،خستە ناوچاوت
شیرین بوو،کەنین،تاوێ نە تاوت
دەنگ‌خۆش‌کەنینت،لە بیرم ناچێ
خەفەت‌من فەقەت،لە لای تۆ لاچێ
نیاتە ناو دەسم،دەسە نەرمەکەت
گری‌تێم بەردا،حەیا و شەرمەکەت
تیژی خەت‌چاوت،تیژترێ لە خەنجەر
عەتر و بۆت خۆشتر،لەگوڵ،لەعەنبەر
برژانگی رەشت،تیژ،وەک خەنجەرە
خۆت‌بە نیشانم،لە پشت پەنجەرە
ئەگەر عاشقم،تەقسیر چاو تۆیە
دڵم گرفتار،بەند و داو تۆیە
لە ناو زەریف‌گەل،کەس ناگەیتە پات
عشقی تۆیە وا،ئۆمید بە من ئات
بە داخەو زەمان،چە زوو گوزەریا
چاوم لە فرمیسک،بووگە وەک دەریا
بە ئاوات ئەوەم،لێم بکەی قاوێ
بنمە باوشت،جا سەرم،تاوێ
عەزیزی«نادر»،شیرین‌تر لەگشت
بۆ خاتر خواکەت،نەکەی لە من پشت

# شیرین زۆر بەڵا

لە دووری باڵات،زەرد بووم،وەك گەڵا
بەڵا بۆت نەگەی،شیرین زۆربەڵا
شیرینی فەرهاد،ناگەی بەگەرد پات
هەزاران فەرهاد،چاوت ئەكا مات
بە سەر فەرهادت،نازانی چەهات!
ئەزانی خەفەت،چەنێ بە من دات؟!
كوردۆ ئاشقم،ئارامی گیانم
دیم چەشیرینە،تەك تۆ،ژیانم
عشق و ئەوین تۆ،جا بوو بە كارم
خوەمم دی بێ تۆ،تەنیا و هەژارم
خوا خوەی ئەزانێ،لە دونیای فانی
بووگمە عاشقت،با تۆیش بزانی
هەر ها بە لاتەو،هۆش و هەواسم
لە وەخت و بێوەخت،ماتڵ تەماسم
نە زەنگ،نە پەیغام،نە نامەیك لە تۆ
دوور ئەگری لە من،من چەمكرد بە تۆ؟!
جەماڵت گوڵ و،باخ و بەهارم
خەیاڵت موونس،شەوانی تارم
بەهارم بۆچەس،گەر دووربم لە تۆ؟!
هەر خوەم بە ساقەی،قامەت و قەدۆ
تینگە«نادر»،بۆ شەراوەكەت
كەی تی تواشاكەم،كەمێ چاوەكەت

# شیرین نگارم

دوور کەفتین لە یەک،شیرین نگارم
چۆن،ماگم بێ تۆ،زۆر شەرمەسارم
لەورۆژەو بردت،دین و ئیمانم
خەیاڵت موونس،شەوانی تارم
دڵی منۆ برد،جا نیاتە ژێر پا
هیچ رەحمۆ نەکرد،بە حاڵی زارم
زوو بردت لە بیر،قەوڵ و قەرارت
سەندۆ تاقەت و،سەبر و قەرارم
بە بێ عەهدی و پەیمان شکێنی
کردگتە شیوەن،بە کار و بارم
تۆ سەندت لە من،شادی جارانم
جەفات کرد بە من،ئەی گوڵعۆزارم
بە جەور و جەفا و،زوڵمی نارەوا
کردۆ ژین شیرین،بە زەهری مارم
خستۆ لە بەر چاو،ئیتر ژیانم
بێژە پێم بۆچی،کردۆ ئازارم
کەنین و خوەشی،سەندۆ،گشت لە من
منت لە بەین برد،کەندۆ دەمارم
بێچارەمۆ کرد،عەزیزدڵشکێن
کەندۆ بە دەس خوەت،نازار،مەزارم
بۆ «نادر»،مردن،زۆر بووگە ئاسان
بم بە پێشمەرگت،عەزیزدڵدارم

# شیرین،وەک قەمەر

دەموچاو زەریف،شیرین،وەک قەمەر
زوڵف پەرێشانت،هەرتا کوو،کەمەر
دڵبەر لێوشیرین،عەزیز،نازەنین
بوینم دائیم،لێوت پێکەنین
تۆ داگتە تەغییر،دین و ئائینم
چەن خوەشە وەختێ،تیت و ئەتوینم
هیچکەس وەکوو تۆ،منی نەکرد دەرک
تۆ دڵسۆز منی،چۆن تۆ ئەکەم تەرک؟!
هەر ناتوەم لە بیر،تا ئاخر نەفەس
دڵسۆزم نەبوو،غەیر ازتۆ هیچکەس
تەمەن درێژ بێ،یارەجوانەکەم
تەبیبی ئێش و،یاو و ژانەکەم
هەرتاکە ماگم،دڵخوازی منی
رەفێق و دۆسی،جیاوازی منی
هەرگیز نەمدیگە،وەکێ چاوتۆ چاوێ
عشقت لە دڵما،هەر کۆنە ناوێ
بە ئاوات ئەوەم،هەر بەختەوەر بی
لە رەنجی ژیان،هەر بێخەوەر بی
لەش ساق بمێنی،خوەشحاڵ و سەربەرز
شادی بەشت بێ،زۆر بێ حەد و مەرز
ناشناسێ«نادر»،بە غەیرتۆ،کەسێ
غەیرتۆ شک ناوات،هیچ فەریادرەسێ

٧

# شێعرم،ناحەزە

دووری لەیـــــــارم،هــــــەزارانگـــــەزە
بـــۆیە شـــێعرەکـــەم،تـــاڵ و نـــاحەزە
ڕۆخســـــــــارم زەرد و،دڵــــم نـــاخوەشە
ڕەنگ شـێعرەکـانم،وەك بـەختم ڕەشــە
شـێعر وەخـتێ خـوەشە،لەنـاو باخیژین
لە لای یـــــارێ بــــی،قســـەیدڵنشین
دانـــــیشێ دڵـــبەر،بــــە لای دڵـــدارەو
نـــازت بـــۆ بکـــات،بـە لەنــج و لارەو
بـــنووسی شـــێعرێ،بـــیدەی بـە دڵـبەر
بـــپرسێ بـە نـاز:«شـاعێری مـەگـەر؟!»
بــــە شــــۆخی،کــــەنین،بـــە زوانـــێسادە
بـــێژێ:«شـــێعرەکـــەت،پـر لە،ئـیرادە»
ئـاخ،کـە بـەداخـەو،دوور کـەفتم لە یـار
تـــــاڵەم ئـــیسە،فـــرەیك بــــووگە لار
هــەر یـادی ئەکـەم،لە وەخت و بێوەخت
ژیـنم بـە بـێئەو،بـەسەر ئـەچێ،سـەخت
تـــەحەمۆڵ،تـــاقەت،تــــەوانـــم نـــەما
خـــۆزگای هـــەمیشە،لە لای مــــن،ئــەما
دڵــــــــیدێوانـــــەم،هـــا بـــە لایـــەوە
لە لای خـــوام،هــــەرگیز،نـــامە پـــایەوە
دڵســـــۆز«نــادر» بـوو،لە شـیوەن،شـادی
بـــۆیە تـاو،نـەتاو،هــەر ئـەکـەم یـادی

# عشق مەجازی

فکــر و زکــری مــن،هــەر قــەبووڵ نـاویٚ
هـــەم دڵ،هــەم دیــنم،داگــە بــۆ چــاویٚ
تــــا تــــێته بــــیرم،تــــا یــــادی ئــەکــەم
ڕێکــعەت نــوێژەکــان،زوو قــاتی ئەکــەم
ئــــەونە بــۆی گــیریام،لەناو نــوێژەکــان
مـــــنیش چـــوومە نــاو،خــێڵیکوێرەکــان
مــن زیــاتر لەخــوەم،بە ئــەو فکــر ئــەکــەم
هــەر بــیری ئــەکــەم،لەوەخت زکــرەکــەم
خــــوەشم نـــای بـــێ ئەو،ئــیتر لەم ژیــنە
دیـــــنی مــــن ئــــەوە،مــــەیژن بـــێدینە!
مــــنی ئـــەسیر کـــرد،عشــقێکمەجازی
بــووگین بــە داخــەو،دووخــەت مــەوازی
بــە شــەوق دیــەن ئــەو،هــەلئەسم لە خــەو
تـــەنیا ئــاوات و،دڵــخوەشیم،هــەر ئــەو
شــەو بــە یــادی ئــەو،سەر خــوەم ئــەنمەوە
ئــــاواتـــــی دڵــــم،تــــەنیا هــــەر ئــــەوە
فکـــــر و خـــــەیاڵم،ڕۆژ و شــــەو ئــــەوە
جـــیا لە مــــن عشـــــقی،هــــەر نــاوێتەوە
دڵـــــیکم بــــوو مـــن،دام بــە یــارەکــەم
هــەر بــیر ئــەو ئــەکــات،دڵ سـەدپارەکــەم
دڵ«نـــــادر» بـــــی ئەو،ئــــەنباری غــــەمە
شــــەهید بــــم بــۆئەو،هــێشتا هــەر کــەمە

# عشق و دڵداری

دڵـــــم پـــەرێشان،دەرهـــەم،بـــەرهەمە
بــەش مـــن لە دنـیا،ئـێش و وەرهــەمە
ژیـــنم ئــە گـــوزەرێ،بـێ تۆ بـە تـاڵی
دڵـــی نـــاحاڵیم،کـــەی ئـــەوێ حـاڵی!
بـــێ دڵ هـــەلگەریام،لە لای تـــۆ نـــازار
دیم کە کەیف ئە کەی،کـە ئـەمکەی ئـازار
تــۆ چــوویت،وەلێ مــن،مـا گـم ئـەسیرت
مــووی وەك بــەفرە کــەم،ئـەمخاتە بـیرت
دوور لە تـــۆ تــەنیام،بـێ بەش لە شـادی
وە کـــوو مــــەحکوومێ،هـــا ئـــینفرادی
بگـــەی بـــە داومـــا،گـــردوومە ئـا گـر
بــەرگەی دووری تـۆ،نـا گـرم مــن ئـاخر
بـە قـەولێ دات پێم،عـەمەل بـۆ نـا کـەی؟!
لە بەدعەهدی خـوەت،شـەرم بـۆ نـا کـەی؟!
خـــوەشم تـــێ شــەوێ،بـتوینم لە خــەو
بـپرسم جــەور و،جــەفات لە بــەرچــەو؟!
کەی تـی تـواشا کـەی،رۆخساری زەردم؟!
چـــەمکرد،چـــەم وتگــە،وا کــردۆ تـەردم؟!
رووم کـــەم لە ســـاحەیو،ئـــاسمانی بەرز
ئـــە کــەم بـە لایـەو،شکـایەتت عـەرز
«نـادر»،وێـڵ کـە عشـق،مە گـەر بـەتاڵی؟!
بـــەمزوویە ئـەمری،جـێت ئـەوێ خـاڵی

# عشق هەر قۆمارە

ئـــەی دڵـــرفێنم،ئـــەی دۆســـی خاسم
تـــۆ کـــردۆ کـاریٚ،کـە عشـق بشـناسم
بـە یـە کێ ئـێشارە و،بـە یـە کێ پـێکەنین
مـــنت بـــەدەر کـرد،لە ریٚگـەی راسـم
لەو رۆژەو بـــردت،دڵ و دیـــن لە مـــن
بـــووگم بـــە کـــافر،مـــن خـــوانـەناسم
عشـــق هـــەر قـــۆمارە و،مـــن لەم قـــۆمارە
دەســـم خـــاڵی و،مـــۆحتاج دوو ئـاسم
شـــەش‌دەری ژیـــنم،بـەسیا بـە عشـقت
کـەی خـوەش ئـەنیشیٚ،دوور لە تـۆ تـاسم
ســـەر کـلاس‌عشقت،لە گـیان گـوزەشتم
بـــــاز شـــاگـــردتەمەڵ،ئـــاخرکلاسم
ئـــەوعە کســـە داتپـــێم،بـۆ یـادگاری
هـــا لەبـــان قـــلبم،گـــیرفانکراســـم
بـــۆتۆ رۆســـوا بـووم،ئـەی شـیرین‌بەناز
لە شـار و دیٚـهات،هـەر ئـە کـەن بـاسم
ئـــە گـــەر رۆژیٚ بـــیت،بـپرسی حـاڵم
بـــەدرۆ پـێت ئـەیژم:«مـەمنوونم،خـاسم»
وســـاڵت نـــەبوو،ئـــاخر بـــە قسمەت
گـــلەی چـــۆن بکـەم،ئـاخر لە قـاسم!
هـــەرچـەن ئـەزانـم،«نـادر» ئـەیتە کـوشت
پـێشکەش تـۆ ئـە کـەم،بـازهەم سـپاسم

# غەزەڵ سی‌بەیتی

شکـــــــۆفەی‌شیرین،ئـــــەووەڵ‌بەهاری
بـــۆ مـــن دڵـخوەشی،لەیـل و نـەهاری
وەک‌تـــۆ کـــەس نـیە،لە نـاو دڵـبەران
زۆر بـــــەناوبانگی،نـــاو کـــوردەواری
بـــاڵابەرزە کـــەم،عـــەزیزخـوەش‌قامەت
وەخـتێ تـی بـۆ لام،هـەر لەدوور دیـاری
ژیـــــر و عـــــاقڵ و،فـــەهیم و زانـــا
مــــاقوول و نــەجیب،زۆر بـــاوەقاری
بـۆ مــن تۆ خوەر و،مـانگ و،هـەسارەی
رۆشـــــنائی رۆژ و،شـــەوانـــی تـــاری
دڵ ئـــارام ئـــە کـات،گـۆفتار و قسـەت
ســـەر و زوان‌خـوەش و،شـیرین‌رەفتاری
تـۆ دەنگ‌خـوەش‌تری،لە بـۆڵبۆڵ،هـەزار
نـــەوای دڵـــنشین،ســـەنتوور و تـــاری
دەنگت وەک قـۆمری،زۆڵـاڵ و خـوەشە
یـــا وەک،ئـــەویاکـــە،ئـــەها،قـەناری!
لە وەخت تـــەنگانە،هـــەم هــاتن خـەفەت
ئـە گـەی بـەداومـا و،ئـەمدەی‌تۆ یـاری
فـــرە دڵســـۆزی،فـــرەیک ســـەمیمی
ســـــەرت دەرنـــاچێ،لە دڵ‌ئـــازاری
گـــرفتاری تـۆم،ئـەی حـووری‌بەهەشت
فـــــریشتەی‌نجات،وەخت گـــــرفتاری!
بـۆ مـن کـە غـەیر تۆ،کـەسێ شک‌ناوەم
تـــــۆ ســـەمەرژین و،دار و نـــەداری

بۆ ساتێ کۆتایش،وەختێ دوور ئەوی
دڵم هەر ئەکات،بۆت بێقەراری
خوا نەکات رۆژێ،دوورەو بی لە من
ئەگرم لە دووریت،دەردیکێ کاری
چەنێ خوەشمان بوو،رۆژئاشنائی
لە بیرتە چە تون،باران ئەواری؟!
ماچم کرد دەستت،لە ژێر چەترەکا
جا چوویت بە گژما،وتۆ:«چەهاری!»
بە شۆخی وتت:«لاوە وێڵمکە
تۆ فەقەت لایق،بۆ درزدیواری»
تۆیش ئاشق من بوویت،چاوت وتی پێم
چاوت ئەیزانی،رەسمی دڵداری
خوەشم تێ بێژی،بە تاسەی منی
بێژە،خو نایژم،چەنێ رووداری!
خوانەکات بەراس،بێتە سەرزوانت
بێژی وێڵمکە و،لە من بێزاری
با خاس بزانی،یاری خوەش‌قسە
شێت ئەوم بێژی،تەک منا قاری
من سەختی هەلسان،لە وەختیپاشێو
تۆ خوەشیعابد،لەوەخت ئیفتاری
من زەردەگەڵای،سەر شاخەکانم
تۆ ماندگاری،تۆ ریشەی داری
ئەزانم رۆژێ،تێت و من ئەمرم
جا تەرکت ئەکەم،لە رووی ناچاری
ئەسلەن حەز ناکەم،کەی بە من عادەت
با لە دوای مەرگم،نەکەیبۆم زاری
وەختێ کە مردم،فەقەت بەینابەین
کەمێ بیرم کە،لە وەخت بێکاری

هـۆشیار بـە،نـازار،هـۆشت بێ لە خـەوت
وەخـــــتێ رەوانــــەی،کـــووچەبازاری
نــــــازانـــم بـــێژم،چـــەنێ ئـــاشقتم!
خـــۆزگە ئـــەوزانـــی،چـــەنێ نـازاری!
خـــوەشی و ســـــلامەتیت،کـــامی‌شیرینت
هــــــەر داوا ئـــە کـــەم،لە زاتـــی‌باری
«نـادر»،بـە غـەیر شـێعر،تـۆحفەیکی نـیە
ئـــەم شـــێعریە،وت بـوت،بـۆ یـادگاری

# غەزەبخوا

عەزابدووری تو،غەزەبخواس حەتمەن
ئەترسم لە من،تۆ جیا کەن،بتوەن
خوەت دوور و عشقت،لە دڵمن ماوە
دووری چەس ئازیز؟!،هەردڵ حەساوە
هەرچەن دوورئەگری،ناخوێنی خەتمان
چۆنکەم،زەریفیت،دڵبەریت،کەتمان
ناچی لە بیرم،بە دەس خوەم نیە
بێ تۆ ژین چتەیک،غەیر وەرهەم نیە
نازانی چەنێ،بۆتم دڵواپەس!
داخۆم لە دنیا،عەزیز وەک تۆ هەس؟!
تۆ بەئازارم،کردووتە عادەت
من تۆ تەڵەبکەم،لە وەخت عیبادەت
نەکەی ئازارم،خۆ ناگری تاقەت
کێ ئەیژێ واسە،رەسمی رەفاقەت؟!
نەودی هیچ خوەشیک،هەرگیز پێم رەوا
تەبیب بوویتێ وەلێ،نەودا پێم دەوا
رۆخسارم زەرد و،کەیلەدەروونم
تەوفیری نەما،بوون و نەبوونم
گەر قسمەت نەوێ،دەستی تۆ بگرم
لە خوا ئەخوازم،بەمزوویە بمرم
لە مەرگی«نادر»،هەرچەن ناترسی
ئەزانم رۆژێ،حاڵم ئەپرسی

# فاسڵە

تـــــۆ تـــەنیاشانس و،تــــاڵع و بـــەختم
تـــۆ فکـــر و زکـری،وەخت و بـێوەختم
وێـڵ وەک پـەپوولەم،بـە دەور خـاڵەکـەت
شەوگەل،وەک شەوگەرد،بە دەور ماڵەکەت
ســـوور و شـــیرینی،وەک گـــوڵیژاڵــە
ژیــــــانم بـــــێتۆ،وەک ژەحـــــریتاڵە
لە چـــاوشیرینت،ســـەد مـــاشاالله بـــێ
دوور لە چـــــاوانت،دەرد و بـــەڵا بـــێ
قـــــامەتشیرین و،بـــەژن و بـــاڵابەرز
کەی تی،دەردیدڵ،بـەلات بکـەم عـەرز؟!
خــر و مـر و جـوان،شـیرین،رێک و پـێک
لە دوورێ بـــاڵات،هـــەروا ئـــەچمتێک
بـــۆ لێـــم نـــاپرسی،عـــەزیزباوانـــم؟!
بـۆچی رەنـجیاگـی؟،چـی بـوو تـاوانـم؟!
تـۆ کـەی ئـەژنەوی،نـاڵەی شـەوانـەم؟!
یـــا لە دووچـــاوم،فـــرمیسکرەوانـەم؟!
هــەرچــەن لە یـاوعشق،هـەروەک ئـاگـرم
لە عشـــقت تـــا هــەم،دەس هـەڵناگــرم
خـــوا مـــەگـەر لە بـەین،بـوات فـاسڵە
لاچـــــێت فــــاسڵە،مـــۆراد حـــاسڵە
«نــادر» دڵخـوەی دا،بـە خـاڵ و خـەتۆ
خـــوا بـــیکا عـــەزیز،بـەڵا دوور لە تـۆ

# فرمیسک ئەوارم

دوور لە ئـەو سـەوزە،زەردە رۆخسـارم
نـــاساق و بـەترەف،فـرەیک بـیمارم
چـاوم لە گـریان،رۆژ و شـەو سـوورە
هەر وەک هەورەرەش،فرمیسک ئەوارم
نـە دڵـخوەش بـەماڵ،نـە گـەنجی دنیا
بـــێ ئەرزش،بـــێخۆ،دار و نـــەدارم
دڵــبەر ســەند لە مــن،کــەنینی سـەرلێو
بـــۆیە وا نــــاشاد،هــــەم بـــێقەرارم
بـــۆ خــــامۆش کردن،ئـا گـردەروونم
هــەر شـێعر ئـەنووسم،لە هـیجری یارم
هـەروەخت ئـەنووسم،لە دووری دڵـبەر
ئازا خـوێن ئـەتکێ،لە نـووک خـودکارم
عەجیب و سەیرە،ئـەو چـووگە،مـن مـام
مـــن چــــەن بـێوەفا،چـەنێ بـێعارم
چـــەبکەم،چـــە بـێژم،دەردم گـرانـە
لەم ژیـــنە بـــێ ئەو،فـــریک بـــێزارم
لە دەس مــن دەرچــوو،نــایتەو دڵـبەرم
خــــوەیچم ئــــەزانــم،بـێخۆ تــەمارم
پـێم خـوشە بـەمزووی،ژیـنم بـێتەسەر
تــاوت دۆرۆس کــات،بۆ مـن نـەجارم
هــــەرکەس ئــەوینێ،رۆخســاری زەردم
ئـــەزانـــی «نــــادر»،بــێ یار،هــەژارم

# فریشتەی نەجات

تۆ چوویت و خەفەت،هات نیشتە جێگەت
خوا هەرگیز خەفەت،نەیرێتە رێگەت
لەم ژینە بێ تۆ،زۆر ئەچێ زاتم
فریشتەی نەجات،بێ بە نەجاتم
تەنیام،دوور لە تۆ،بێ یار و یاوەر
چۆن کەم ئەمگشتە،جەفاتە باوەر؟!
دوور لە تۆ،نەخوەش،کارم تەواوە
عەیادەت نەخوەش،ئازیز،سەواوە
دڵت بەرد لە من،فرز و،گۆرج و گۆڵ
بە خاترتۆ بوو،دەور و بەرم،چۆڵ
گشت خەڵک ئەزانن،پێت گرفتارم
رۆسوا،شەرمەسار،خجاڵەتبارم
یادگار تۆیە،رۆخسارزەردە کەم
دیەن دووبارەت،دەوای دەردە کەم
رەسم دۆسی ئازیز،بەخوا وانیە
ئازاری عاشق،کاری جانیە
بپرسە حاڵم،عەزیز بڕۆخەم
با پشتم راس بێ،لە ژێر باری غەم
گەر رۆژێ،نەوێ،وەسڵی تۆ حاسڵ
چە خاستر کە بم،بە دەرەك واسڵ
بۆت بمرم ئازیز،با کە تۆ نەمری
«نادر» ئەگەر مرد،عازیەتی نە گری

# قەفەس

بێ تۆ دەرك ئەکەم،من مانای قەفەس
خۆشم تێ لە لام،هەرتۆ بیت و بەس
دووری لە باڵات،یاری مەهپارە
بێژە بزانم،چۆن بکەم چارە؟!
هەر خوا ئەکەم،بیتەدەر لەماڵ
بەشکە بتوینم،یاری خۆش جەماڵ
بێ بۆ لام نازار،تاوێ بتوینم
با کەمێ کەم بێ،لە تاڵی ژینم
هەرچەن من شێت و،تۆ فرەژیری
وەختێ بی بۆ لام،تێم بەرەوپیری
تێم بەرەوپیریت،هەر بە پای پەتی
تۆ یاری‌شیرین،خۆش‌خاڵ و خەتی
گیانم بۆت ئەدەم،دۆسەخاسەکەم
تۆ هێز و تەوان،دەسە راسەکەم
هەر بیرت ئەکەم،هەر دەم،بە ساعەت
بە خەودینی تۆ،ئەکەم قەناعەت
رۆژێ تەرکم کەی،گەر خوانەخواسە
ئەرژنم فرمیسك،بۆت کاسە،کاسە
ئیتر نازانم،چەبێژم نازار
تۆخوا،هۆش خوەت بێ،لە کووچە و بازار
ئاخ لە دەس «نادر»،لە داخ دڵەکەی
بۆ عشقی‌پاك و،بێ‌حاسڵەکەی

# کاروان

کــاروان کــەفتە ڕێ،دوور بــوو یــارەکــەم
مــنی بە جێ هـێشت،دۆس غـەمخارەکـەم
لە بــەر چــاوی خــەڵک،گــیریام بـەعەیان
ئــێشی ئــەم زامــە،مـن چـۆن کـەم بـەیان؟!
دووربــــوو تـــەبیبی،ئــێش و ژانــە کــەم
خــوزگا دەرئــەچوو،بــێ‌دۆس،گــیانەکـەم
دوورەو بــــوو لە مــــن،عــەزیزدۆسەکــەم
عشــقی چــووگە نــاو،ڕەگ و پــۆسەکـەم
مـــاگــم بــە حــەسرەت،لە ژێــری بــاران
ڕێ بـــچم تــەکـیا،هــەروەکــوو جــاران
هــەم ڕیش،هـەم قـەیچی‌ها بـەدەس یـارم
بـــەعشق دووچــاوی،تــا هــەم دووچــارم
داخـــۆ چــــۆن بگــرێ،دڵــی‌من تــاقەت
بێ‌ئەو هـەر نـاکـەم،تـەک کـەس ڕفـاقەت
هەرکارخوەی ئەکـات،گـەردوونکەج‌مەدار
زۆری،هــەر ئــەگــەیت،بــە ئــاشق هـەژار
لە تــــام دەرچـــووگە،تـــاڵی‌ژینەکـــەم
لەمــەولا،تــەک ژیــن،تـا هـەم قـین‌ئەکـەم
هـــەررۆژ و هــەرشەو،هــامە بـیری ئــەو
خـــۆزگە ئــەیزانــی،بــووگمە پــیری ئــەو
خــەفەت دڵ«نــادر»،بــە قــەو ســەدهەزار
لەکــووچە و بــازار،ڕۆســوا و شــەرمەسار

# کەژاوە

تا دوور بوو لە من،کەژاوەی یارم
تەنیا کەفتم و،دیم بێقەرارم
بە شۆن کەژاوە،وەک شێت بووم دەوان
فرمیسکی فیراق،لە چاوم رەوان
بۆئەو بێتاقەت،دڵ پڕ خەمینم
تێر و پڕ گیریام،بۆ یارشیرینم
رشتەی سەبووریم،بەدەس غەم چڕا
ئیتر چە بێژم؟!وێڵم کەن بڕا
ئەسیری زەنجیر،زوڵفی نگارم
هەم زۆر خەفەتبار،لە هیجری یارم
کاریکێ پێم کرد،نازاری زاڵم
ئەوینم بەچاو،گەیگە زەواڵم
بارێ زۆرگران،نیای لە سەرشانم
ژانم پیا پێچیا،بێ دەواس،ژانم
هاتە ئێش دڵ و،ئازای ئەنامم
دیم چەنێ بەوبەخت،چەنێ ناکامم
بۆئەوەلین جار،بووم لە ئەو دڵگیر
قژم چەرمگ کرد،لێنا،بوومە پیر
هات،بەڵای زۆرێ،بێ ئەو بە سەرما
جل و بەرگی رەش،کریا بە بەرما
«نادر»،بێدار و،دڵبەر ها لە خەو
رۆژی ئەو روونا ک،رۆژی من،وەک شەو

# کەس نیە وێنەی نگارم

یـــاری زۆرجـــوان و زەریـــفم،ئـــەهلی شـــاری‌بانەیە
دوور لە ئـــەو نـــازارە،ئـــەمدنیا چـــما وێـــرانـــەیە
کـــەس‌نیەوێنەی نگـــارم،ئـــەو وەکـــوو هـــیچکەس نـــیە
خـــوەش بـــە حـــاڵی‌من کـــە یـــارم،بـــێ‌نەزیر،تـــاقانەیە
یـــاری‌شیرینم لە گـــوڵ‌ناوباخەکـــان،شـــیرین‌ترە
دڵ بـــە دەور ئـــەودڵبەرە،وا وەک‌گـــوڵە،پـــەروانـــەیە
کەس نیە وەک دڵبەری‌من،جوان و رەعنا،رێک و پێک
ئەو وەکوو یاقووت و مـەرجـان و دوڕی یـەکـدانـەیە
وەختێ تواشـاکـەم‌کـە شـانە،زوڵـفی یـارم شـانەکـات
مـن حـەسوودی و بـەخێڵی زۆر ئـەکـەم بـەو شـانەیە
مـــن ئـــەسیر و ئـــاشق و،گـــیرم بـــە داوی دڵـــبەرم
هـــەروەکـــوو ئـــەو کـــۆترە،وا زەخـــمی و بـــێ‌لانەیە
گەر نـەوێ ئـەو دڵبەرە،خـەمخاری و یـاری نـازی‌من
شەرتە دائەخم خوەم لە سەر عشقی،لە سەر،ئـەو بـانەیە
هـیچ رەواجـێکی نـەماگـە،رەسـم و یـاسای ئـاشقی
هـــەرکـــە ئـــاشقێ دڵـــبەرە،مـــەردم دەڵـــێن دێـــوانـــەیە
نیمە هیچ پەروا،لە رۆسوائی،لە زەخمی‌زوانـی خـەڵک
کـــارێ ئـــەم خـــەڵکە هـــەمیشە،یـــا تـــەشەر،یا تـانەیە
ســـەردە بـــازارئـــاشقی،زۆر گـــەرمە بـــازاری‌جـــەفا
بـــۆیە ئـــەیژن ئـــاشقی،چـــیرۆکـــە یـــا ئـــەفسانەیە
دڵ بە شـۆن دڵـدارەکـەم،وەختێ ئـەکـا قـار و ئـەچێ
جـــا ئـــەوینم پـــێکەنین،تـــەک لێـــوی‌من بـــێگانەیە
دوورئـــەوێ وەخـــتێ لە«نـــادر»،دڵـــبەرەمەهپارەکـــەم
پـــاتۆقی‌من دوور لەیـــارم،خـــەڵوەتی مـــەیخانەیە

# کەمەرباریک

کــەی تــیتەو بـۆ لام،ئـەی کـەمەرباریک؟!
پـێچ و خـەم ژیـنم،بـێ‌تۆ چـە تـاریک
کـــەی تـــی دووبـارە،بـێمە پـێشوازت؟
مــــەستم کـات نـازار،دووچـاوی نـازت
گـــــــوڵشیرینە کـــەم،ســـەوزەی‌نازارم
مـن چـەمکرد مـەگـەر،ئـەکـەی ئـازارم؟!
بـەغەیر ئـەوین‌تۆ،چـیم بـوو مـن خـەتا؟!
وا کـردت رەنـج و،خـەفەت پـێم عـەتا؟!
لە خـــەڵک ژنـــفتم،زۆر تـانە و تـەشەر
پـێمەو نـەماگـە،رەنگ و رووی بـەشەر
هــیچ ئـــاواتــێکم،بـە غـەیرتۆ نـەبوو
کـاخی‌ئاواتـم،بـە دەس‌تـۆ تـێک چـوو
عــــەزیزدڵشکێن،شــــیرین،زۆرجــــەزاب
ئـەمیچ هـەر لۆتـفە،وا ئـەمدەی عـەزاب؟!
بــۆچی ئـەپۆشنی،لێـم جـەماڵە کـەت؟!
بـۆ خـۆڵکم نـاکـەی،بێمە ماڵە کـەت؟!
کـەمێ لۆتـفت بـێ،مـن رازیـم بە کـەم
تۆ نـیت بـە لامـەو،شیوەن چۆن نـەکـەم؟!
بێ‌تۆ کەی خوەشە،بـەزمی‌عەیش و نـۆش؟!
وەخـتێ کـەتۆ تـی،لە سـەر ئـەچێ هـۆش
قــەسەم بـە قـۆرعان،بـە سـوورە و ئـایە
تــەک دڵـی«نـادر»،کـەم کـە،تـۆ کـایە

# کەفتگمە گیرت

ڕۆژێ کـە تـۆم دی،دیـم لە بـان دڵ،تـیر
دڵ و دەس و پـــام،هــــەرسێ،لە زەنــجیر
مــەگـەر کـە هـەرخـوا،مـن بـدات نـەجات
بــــە داوت خــــراو،مـــن کــەفتگمە گــیر
تــــا دیـــم دووچــاوت،دووچــاویبەڵات
بـە چـاویخوەم دیـم،کـە بـووگم ئـەسیر
عشــــقت لە دڵــــما،هــــەر بــــەردەوامــە
بــــەخاتر عشــــق تۆ،خــــوەمم کـــردە پـــیر
نــــاچی لە بـــیرم،نــــاتکەم فــــەرامــۆش
حــەتتا لە دوایمــەرگ،هـەر نـاتوەم لە بـیر
دوێشــەو خــەوم دی،دەس تـۆ نـازئەکـەم
کەی تـی،ئـەم خـەوە،بـۆم بکـەی تـەعبیر؟!
ئـــــــەزانــــم بـــێخۆ،بـــۆتۆ ئـــەناڵم
نــاڵەم لە دڵ تـۆ،کـەی ئـەکـا تـەئسیر؟!
غــــەیر خــــۆشەویستی،بـەغەیر دڵـداری
خـەتایمن چـەبوو؟چیم بـووگە تـەقسیر؟!
نــــەمزانـــــی ڕۆژێ،مــن ئــەودەم لەدەس
کــێ ســەر دەر ئــەکــات،لەکـاریتەقدیر
نــەکـەی فکـر نـازار،ڕەنـجیاگـم لە تـۆ
عــاشق لە مــەعشوق،کـەی ئـەوێ دڵگـیر!
ئــــەزانـــم ئـــەمرم،بــــە دڵشکـــیاگــەو
دڵ شکــیاگ«نــادر»،هــەڵناگـرێ تـەعمیر

# کەی تیتەو

بــــۆ لای عـــاشقت،تـۆ کـەی تـیتەوە؟!
لەچــــــاوم،بــــۆخوەت،ئـــەشاریتەوە؟!
کــەی تـیتەو بـۆ لام،حـەیات و ژیـنم؟!
دیســـــان دووبـــارە،چـــاوت بـــوینم؟!
دڵخـــوەم دا بـــەتۆ،بــۆ چـاوی‌بەڵات
گـــیانیچم ئـــەدەم،بـــەجێگەی خـەڵات
لە چـــاوی‌شینت،مـــا گـــم بـــێخەوەر
شـــنەی‌با مـــەگـەر،لێت بـێرێ خـەوەر
یــــاری‌شیرینم،ئـــەی چـــاوکاڵەکـــەم
لە دووری تــــۆیە،ئـــاە و نـــاڵەکـــەم
بە عشـقی تـۆیە،وەک مـەس سـەرخـوەشم
لە تــاوی‌عشقت،وەک ئـــاگــر گـەشم
بـــێژە پـــێم بـــۆچی،کـــەم‌ئیلتیفاتی؟!
تـەک ژیـنم خـەفەت،زۆر کـردۆ قـاتی
بـــۆچی نـــاپرسی،وەزع و حـــاڵەکـــەم
دام لە رێگـــەی تـــۆ،ســەر و مـاڵەکـەم
چـەکـفرێکم کـرد،بـووگی لە منِ دوور
دیـــــەن‌دووبارەت،بـــۆمن زۆر زەروور
لەپــــام‌دەرتێرێ،دووری رێگـــەکـــەت
کـەس پـەیا نـاوێت،بـینمە جـێگەکـەت
دێـــوانـــی«نـــادر»،پــر بـوو لە نـاوت
خـوەیچی پـەرێشان،وەک زۆڵـفی‌خاوت

# گری تێم بەردا

گــــری تێم بـــەردا،ئـــە گـــریجەخاوێ!
بـــۆ ئـــەم ئـــا گـــرە،ئـاو پـەیا نـاوێ!
دڵ نـــا گـــرێ ئـارام،سـاتێ دوور لە ئــەو
دڵ و دیـــن و عـــقل،گشـتی دام بــە ئــەو
دیـــــــەن‌دووبارەی،زانـــــــم،مـــەحاڵە
بـــــێ‌ئەو ئـــــەم‌گیانە،بـــۆمن وەبـــاڵە
نـــــــاوینم ئــــــیتر،بـــاڵا و قـــامەتی
ژیـــــانم بـــــــێ‌ئەو،پـــر لە نـــامەتی
جـــەرگم ئـــەوینم،خـــوێنین و لەت‌لەت
دڵــــی شکــــیا گــم،هــەروا لەت و پــەت
رۆســـوام بـــە خـاتر،دڵبەرچـاوبە کــڵ
شــەرمەندە،ســەرشۆر،دامـا گ و خـەجڵ
وێـــڵ و ئـــاوارە،هـــەر بـە شـۆن یـارم
هــــەرڕۆژ لە شـــارێ،وەکـــوو رێـبوارم
نـــەمزانـــی چـــەی کـــرد،دڵ کـەفتە شـۆنی
شکـــــــاندی عـــەهد و،پـــەیمانی‌کۆنی
نـــەمدی هـــیچ‌خوەشیك،بـێتە دەرمـــاڵم
قـــینم تـــێ بـــێ‌ئەو،لە ژیـــنی تـــاڵم
خـــەفەت ســـەدکەرەت،تــێ ئـا لە درگـام
دەرد و رەنـــج‌تازە،ئـــەنێت لە بـــەر پـام
«نـــادر» دڵــی خــوەی،دانـیا بـە لاێــەو
بــە داخـــەو دڵ خـــوەی،دی لە ژێـر پـایەو

# گوڵەکەم

نـــەفەس و ژیـــنی مــن و،ئـاوی‌حەیاتی،گــوڵەکــەم
تـۆ وەکـوو قـەند و شـەکـەر،شـاخەنەواتـی،گـوڵەکـەم
دوای‌تۆ ئەی چاورەشەکەم،نەیدی دووچاوم وەکوو تۆ
تـــۆ بــە نـاوبانگ لە نـاو،شــار و دێـهاتی،گـوڵەکـەم
تـۆ تــەکــی،کــەس نـیە وێـنەت،گـوڵی‌بێخاری مـنی
تـۆ زەریـف،سـوورە گــوڵی بـاخی‌وڵاتی،گـوڵەکـەم
خـــۆتۆ ئـەتزانــی،لە هــیجران و فــیراقت،نــەخوەشم
بۆ پەرەستاری و دەرمانی‌دڵم،بۆچی نەهاتی،گوڵەکەم؟!
پــێش‌نەهات بــێ‌تۆ بـوینم،خـوەشی و بـەزمێ بـەچاو
ژیــنی مـن تـەک خـەفەتا،بـووگە بـە قـاتی،گــوڵەکـەم
پێکەنین،سەیر و سەفا،دڵخوەشی،هەر تەک‌تۆ خـوەشە
بـــۆ دڵـــی‌عاشقی‌من،شــوور و نشـاتی،گــوڵەکــەم
دڵ عـــەزادارە لە هــــیجران و فــیراقت،شــەو و رۆژ
نـاکـەنم بــێ‌تۆ عــەزیز،تـا رۆژێ وا تـی،گـوڵەکـەم
کـیش و مـاتی رۆخـی‌تۆ بـووم و تـۆ نـەتپرسی لە مـن
«بۆچی رەنگ‌زەرد و پەرێش و،کز و ماتی؟!»،گوڵەکەم
بـۆچی نـاسازی لە تـەک،ئاشقی چاوانـی‌مەستت؟!
تۆ مەگەر ئەهلی شەر و،جەنگ و خەباتی،گوڵەکـەم؟!
کـــەفتەدەس چـاوی‌مەستت،مـانٚ و نــەمانم،بــە واللە
ئــــیختیارداری مـــن و،ژیــن و مــەماتی،گــوڵەکــەم
لە دڵـــــی«نـــادر» و،بـــاری‌خەفەتی،بـــێخەوەری
ئـیسە نـاپرسی،وەلێ،بـۆ پـرسە،جـا تـی،گـوڵەکـەم

# گەر بیتەو بۆ لام

گـــەر بـــیتەو بـــۆ لام،شـــیرین یارەکـــەم
زۆر شـــــیرین ئـــەوێ،شـــامەتارەکـــەم
ڕێگـەت بـە ئـەسرین،ئـاوپاشی ئـەکـەم
ڕۆخســاری مانگت،نــەققاشی ئــەکــەم
قەمەرڕۆخسارت،ڕووناکەوەک مانگ
لە دڵبـــــردنا،هـــــەرتۆیت بـــەناوبانگ
ئـــەگـــەر بـــتوینم،جـــارێک دووبـــارە
گـیان پـێت عـەتاکـەم،بـە یـەک ئـێشارە
ئەخوەم بۆت قەسەم،بە سی جزم قـۆرعان
رازیم بـۆ چـاوت،خـوەم کـەم بـەقۆربان
ئـــــاخرتۆ نـــــازی،شـــــەیتان و بـــــەڵا
لە ڕێ بـەدەرکەی،هـەم شـێخ،هـەم مـەڵا
مـنیچی شـێت کـرد،شـیرین زۆانـەکـەت
زەردەخــەنەی ســەر،لێـوەجوانـەکـەت
لە دەس عشـــــقی تۆ،بـــەساق دەرنـــاچم
بـــەسیاگـــە زەنـــجیر،عشـــقت،بە قـاچم
خوەت خاس ئەزانی،غەیرتۆ کەسم نـەو
شکـــــاندن قەوڵت،بـــێژە لە بـــەرچـــەو؟!
نـــــاگـــەرم بـــۆ دڵ،دڵ هـــا بـــە لاتـــەو
مـــەگـــەر نـــایوینی،هـــا لە ژێـر پـاتەو؟!
خەفەت دڵ«نادر»،کەی دەرکەی،ئازیز؟!
قـــەوڵت دا بـــەهار؟،خـــۆ بـوو بـە پـائیز!

# گەردوون

کوا مەحرەمێ تا،بێژم حکایەت
بکەم لەگەردوون،گلە و شکایەت
ئەتانم چەبکەم،تەک قەزا،قەدەر
یەخەی چۆن بگرم،ژینمی دا هەدەر
وتیان ژین،هەم نیش،هەم نۆشی هەیە
هەم ڕۆژگەلی تاڵ،هەم خۆشی هەیە
وتیان شەوتاریک،ڕۆژ ها بەشۆنیەو
ڕۆژخوەشم نەدی،هەرگیز لە شۆنیەو
قینم هەڵگردگە،لە چەرخ‌زەمانە
زوڵم و زۆر گەردوون،زۆر بێ‌ئەمانە
فرمیسکی‌چاوم،وەک ڕۆخانە و چەم
نەیداپێم‌گەردوون،بە غەیر ڕەنج و غەم
چەرخی‌زەمانە،بۆ کێ مەهارە
کاری،نیش‌وەشان،هەروەکوو مارە
ژین لە ژین ناچێ،هەر پێچ و ژانە
کاری‌زەمانە،عاشق‌کوژانە
بەگەردەن گەردوون،دەینی من و ئەو
کێشاگیە دیوار،بەینی من و ئەو
یا خوا بڕووخێ،هەرچێ دیوارە
ڕزگار بێت هەرکەس،وا دوور لە یارە
«نادر»،خو زۆرت،ناگەی بە گەردوون
ڕوو کە لە سەحرا،بەوێنەی مەجنوون

# گەرمە بازاری

گەرمە بازاری، بەخاتر نازی
شێت و شەیدایـن، شێخ، مەلا، قازی
کردەوە و رەفتار، شیرینی، یارم
کردگیە کارێ، کە بۆی بیمارم
شیرین شکوفە، وەک گوڵ بەهارە
بە دەس ئەو فەقەت، دڵ من مەهارە
دەم بووچکەلانەی، وەک هەنگوین، شیرین
من و دڵ، هەردوو، بە دەسیەو گیرین
برژانگی تیژە، تیژ هەر وەک خەدەنگ
لە بۆ برژانگی، دڵ من بووگە تەنگ
لە ناو دڵبەران، سالار و تەکە
بێهەوتائی ئەو، کەی جێگەی شەکە؟!
بۆ لای من ئەهات، ئەو بەنازەوە
بە چاوی شیرین، پر لە رازەوە
رەفێق دڵسۆزم، لە وەخت تەنگانە
نیگاداری بێ، هەر ئەو قۆرعانە
دۆعای دووای نوێژم، سەرکەوتن ئەوە
سڵامەتی، خوەشی، خوەش خەوتن ئەوە
خوا نەیرێ هەرگیز، دووری ئەو لە من
هەر ئەو خوایە، وا، ئەوی دا بە من
خۆزگە بە ئاینە، هەرروۆژ ئەیوینێ
بێچارە «نادر»، ئەگەر نەیوینێ

# لە دەس چووم

شـیرین و خـوەشبۆ،وەک گـوڵبەهاری
مـــن دار بــێسەمەر،تــۆ پــر لە بــاری
خــاڵیگەردەنت،رەشــە وەک بــەختم
لایکـــم لێ کـــەرەو،عــەزیزقژلەختم
ســـوور و شـــیرینە،نـۆقلەدەمەکـەت
رۆژێ ئـەمکوژێ،رەنـج و غـەمەکـەت
قــەسەم بــە خـاڵی،گـەردەن مـەرمەرت
نـــەجاتبە ئـــەسیر،بــێباڵ و پــەرت
حەز ئەکەم زوو زوو،بێم و،بەم سەرت
بـــم بـــە پــەپوولە،لە دەور و بــەرت
چــەنێ شیرینە،زۆڵفت چین بە چین
نـەوی بــە یـارم،حـەز نـاکـەم بە ژیـن
دڵـــــبەر دڵـــــرفێن،عــــەزیزبەنازم
ژیـــان نـــازانـــم،بــــێتۆ بــــە لازم
قــەسەم بــە دیــن و،قــەسەم بە ئیمان
گـــیانیش بــەم بــۆتۆ،نــاوم پــەشیمان
زۆر تاسەت ئەکەم،بەگیان خوەت،نازار
هەرچەن پێت خوەشە،زۆر بمکەی ئازار
مـــن بـــێسەرپەنام،تـۆبۆم سـێوەری
هــەر بی لە رەنـج و،مـەینەت،بێوەری
غەیربۆتۆ بـۆ کـەس،«نـادر»،خـەم نـاوێ
خــاتری بــێتۆ،هــەرگیز جــەم نــاوێ

# لە دەس دەرئەچم

لێــــوت شـــیرین و،کـــەنینت جـــوانــە
کـێ ئـەیژێ وەك تـۆ،لە دنـیا دووانـە؟!
ئـەرێ‌یارەکـەم،بـۆ وات کـرد بـە مـن؟!
مەگەر من چیم کرد؟!تۆ چیت دی لە من؟!
هـــەڵە و خـــەتام چـــەو،بـێژە بـزانـم
بــۆچی خـــوەشۆ تـێ،لە دڵ کـزانـم؟!
لە بـــیرتە لەبـــاخ،نـــیشتین روو بـە روو
بـە دڵاخـەو،خۆشی،جـاران،چـە زوو چـوو
زۆر سـەختە بـەخوا،گـەر رووت نـەوینم
ئـــاخر لە دونـــیا،هـــەرتۆیت ئـــەوینم
ئـــام لە دەر مـــاڵت،تـــا بـیتە دەرمـاڵ
بـــوینم بـــەچاو،جـارێك‌تر،ئـەو خـاڵ
بـــێ ســـەرم لێ‌بـــە،تـۆ سـاقەی‌سەرت
بـا کـەمێ،بـۆ کـەم،گوڵ‌کـراسی بـەرت
دووچـارم،دووچـار،دووچـار مـەهجووری
بـــێ‌مانایە بـــۆم،تـــاقەت،ســـەبووری
یـــاخوا عشـــقی تـۆ،لێـم جـیا نـەوێتەو
تـــا ئـەو رۆژە گـیان،لێـم جـیا ئـەوێتەو
لە نـــاو دڵــبەران،هـەرتۆیت بـەخوا،تـاق
بـــمێنی دائـــیم،ســـڵامەت،لەش ســـاق
لە عشـــق‌تۆ «نـادر»،چـۆن ئـەکـا تـۆبە
مـــاتڵە بـــیت و،بـــێژی دەســـۆ بـــە

# لەورۆژەو دوور بووی

٧

لەورۆژەو دوور بـــووی،یـــارشیرینەکــەم
دوور نـــاویٚ ئـــیتر،ژان لە ژیـــنەکـــەم
ژیـــنی مـــن بـــیٚ‌تۆ،قـــەد نـاویٚ بـە ژیـــن
بـــۆ ژیـــنی‌تاڵم،دائـــم ئـــەکـەم شـــین
لەخـــۆشی تـــەک‌تـــۆ،هـــیچ‌بۆم نـــەماوە
پشـــتم وەک گـــۆچان،فـــرەیک چـــەماوە
نـــــاتوینم ئـــــیتر،داخـــــی‌گرانـــم
بـــۆچە ویٚـــڵمۆ کـــرد،بـــیٚژە،بـــزانـــم؟!
مـــەحاڵە بـــیٚ‌تۆ،تـــەک ژیـــن،کـــەم ســـەفا
مـــن کـــە وەک‌تـــۆ نـــیم،بـــەتۆ کـــەم جـەفا
چـــەم زانـــی کـــە تـــۆ،ئـــەونە دڵـــبەردی؟!
چەم زانـی ئـەکـەی،تـەک مـن نـامەردی؟!
ئـــاخر بـــا بـــردی،رەنـــجی چـــەن‌ساڵەم
خـــەوەررۆسوائـــیم،گـــەی بـــە گشت عـاڵەم
ئـــاواتـــەکـانم،گشـــتی لە دەس چـــوون
تۆ خوەش‌بە نازار،رۆژرەش بـووم،بـە تـوون
ئـــەونە بـــە دەســـتەو،خـــویٚنینە جـــەرگم
بـــە گـــیانت قـــەسەم،رازیـــم بـە مـــەرگم
مـــاڵم ویٚـــران بـــوو،مـــاڵی‌تۆ ئـــاوا
خـــوا خـــەفەت لە دڵ،بـــەردی‌تۆ لاوا
قـاسدگـەر هـاورد،مـەرگ«نـادر» خـەوەر
بـا خـەم داونـەگـریٚ،بـچۆ بـۆ سـەفەر

# مانگی تابان:

بـــــه دنـــــیا هـــــاتم،له مـــانگی ئابان
دڵـــمی بـــرد یـــاریٚ،وەك مـــانگی تابان
دۆس و رەفـــــیٚق و،ئـــــاشنام ئـــەوبوو
خـــەرامـان چوونی،هـەروە كـوو كـەو بـوو
شـــــیرین نازارم،شـــــیرین زوان بـــــوو
له نـاو جـوانـەكـان،هـەر ئـەو جوان بوو
قسەی خوەش خوەشمان،له تەك یەك ئەكرد
خـــەفەتمان ئـــاسان،له دڵ یـــەك ئـــەبرد
ئـــیمه دوودۆس بـــووین،دوودانـــه رەفـیٚق
مـن ئـەنگوشتڕ بـووم،ئـەویچ وەك عـەقیٚق
جـیا بـووینەو له یـەك،رووی تـەقدیرم رەش
وا بـــه غـــەیر تـاڵی،نـەیدا بـه مـن بـەش
عـــەكسەجوانـەكـەی،هـا له بـەر چـاوم
خـــوەی هـــا له دڵـــما،ئـــەگـریجەخاوم
مـــن بـه یـادی ئـەو،تـا مـاگـم،خـوەشم
هـــەم له رۆژ رۆشـن،هـەم له شـەو رەشـم
هـەرچـەن له خـواكـەم،هیچ نیمٚ تـەڵەبكار
ئـــەڵاڵیم،بـــەشكەم،بـــمگەینیٚت بـــه یـار
خـۆزگه وەك جـاران،بـیٚت بـۆ مـاڵەكـەم
بـــا خـــاس بـــوینیٚ،وەزع و حـــاڵەكـەم
بـــوینیٚ «نـــادر»،بـــیٚ ئەو چـــه تـــەنیاس
فـەڵەك خـۆ نـایلیٚ،بـیٚخۆ،ئـەكـەم بـاس

# مانگی شەوچواردە

مانگی شەوچواردەس،جیلوەی جەماڵت
حَـــجَرُالاَسـوَد،رەشـە وەک خـاڵت
ئـــارامـــی لە مـــن،بـریگە دووریت
مەگەر نازانی،بە چاو من حووریت؟!
پـــەردەی کەعبەیە،پـــەردە کـەی ماڵت
سـواوە لێم پرسی،کە چۆنە حاڵت؟!
یـاری شیرینی،هـەروەک قـەندەکـەم
وەسفی جەماڵ و،شێوەت،چۆن نەکەم؟!
مـن بـۆ هـەمیشە،دڵ بە تـۆم داگـە
لە سـەرما،سـەودای،عشـقی تۆ مـاگـە
تـــۆ بـــۆتی منی،ئـــەی شـیرین سەنەم
من وێڵت ناکـەم،مـن هـەروەک،کـەنەم
بـە پـای پەتی تێم،بۆ زیارەت چـاوت
تـا وەخـتی دیەن،هـەر ئـەکەم قـاوت
گـەردەنکەجی تـۆم،گـەردەنبلوورین
فەڵەک خجاڵەت،وا لە یـەک دوورین
خسـتووتە سـەر مـن،تـۆ شـەوقی پەرواز
حەیف باڵم نیە،وەک هـەڵۆ،وەک بـاز
لە تەک تۆ نـەمبوو،هـیچکەم و کـەسرێ
دنـــیا نـاوینێ،وەک تـۆ،هـیچ عەسرێ
دڵ «نـادر» سـیبل و،بـرژانگ تـۆ،تـیرە
دڵـــــی عاشقم،بـــە لاتـــەو گـــیرە

# مۆراد و مۆرید

هەی لەکوێی ئازیزەکەم،ئارامی گیان؟!
کەفت لە بەر چاوانی من،هەست و ژیان
بۆهەمیشە،تاکە تێ،رۆژی عەدەم
شەرتە غەیری تۆ لەکەس،من روو نەخەم
من لە بەرتۆ،بووگمە رۆسوا،دڵبەرم
رەحمێ بۆ ناکەی،بە چاوانی تەرم؟!
بۆ لە دەس من،نازەنینم،را ئەکەی؟!
بۆچ خراو،تەکێ عاشقی خوەت،تا ئەکەی؟!
بێ حۆزوورت،ژینی من،ناچێ بە سەر
ژین بە دوا تێ،نازەنین،تۆ نەی ئەگەر
من کە پیری جوانی و،رۆخساری تۆم
بێ شەوێ،پیاڵەی شەراوێ،داکە بوم
پڕ لە ئاخ و،داخ و زووخ،هەلبەستی من
چۆنکە بریاگە،لە دەستت،دەستی من
ماڵی چۆڵم کاولە،کەی تێتەوە؟!
ناکەنم ئازیزەکەم،تا بێتەوە
تۆ مۆراد و من مۆریدی تۆم،عەزیز
جامی پڕژەحرت،بە کامی من،لەزیز
من بەدەر ناکەم،عەزیز،عشقت لە سەر
گەرچی ئەیژی،بێ نەتیجەس،بێ سەمەر
من بەتۆ،زیاتر،لە«نادر»،فکر ئەکەم
هەی لە بەرچاوم،لە وەختێ،زکر ئەکەم

# من بێقەرارم

تـــــۆ بـــێخەیاڵ و،مـــن بـــێقەرارم
بـــێژە شکـــاندۆ،بـــۆ کـــێ قـــەرارم؟!
قارم تەک‌خوەم و،قارم تـەک خـوەشی
لەو رۆژەو وتـو،:«لە تـەک‌تـۆ قـارم»
رۆژ بــە ســەر تـێرم،بـەسەختێ،تـاڵی
نـــاحەز ئـــەگـوزەرێ،شـەوانـی‌تارم
لە بـــیربردنت،بـــە کـــفر ئـــەزانـم
هـــەرتاکـە مـاگـم،بـۆت لێـوبەبارم
بـۆ لێـم نـاپرسی،تـەبیب‌دەردەکـەم؟!
بـە کـام دەردخـراو،بـێ‌تۆ دووچـارم
ژیـنم نـاحەز و،مـەرگم،پـێ خـوەشە
وەخـــتێ ئـــەزانـم،نـاوی بـە یـارم
ئـــاسان و ســـادە،کـــردمتە ئـــاشق
کـــەندۆ لە ریشـەیچ،ئـاسان،دەمـارم
نـــەتمدی ئـــیتر،لە نـــاو شـارەکـەم
لە بـــەر چـاوم کـەفت،شـار و دیـارم
شـــادی،پـــێکەنین،بـریاگـن لە مـن
گـەریان بـە شـۆن‌تۆ،بـووگە بە کـارم
لە بـیرتە ئـەمدا،شـەوگەل بـۆت سـێ‌تار
سـیمی چـــریاگـە،بـێ‌تۆ سـێ‌تارم
تـــاڵی‌ژین«نـادر»،رۆژ بـە رۆژ زیـاتر
هـــەزار خـــۆزگە بـــە،پـار و پـێرارم

# من و تاقەدار

مـــن و تـــاقەدار،هـــەر دوو رەفـــێقین
دوو دۆسْ قـــەدیمی،یـــاری شـــەفێقین
هـــەژار و تـــەنیام،هـــەروەک تـــاقەدار
دڵـــتەنگ و نـــاڵان،خـــەمین،لێـــوبەبار
نـــەمکرد کـــەس ئـازار،زۆرم دی ئـازار
دنـــــیام لە بـــەرچـــاو،ئـــاشۆفتەبازار
مـــــۆسیبەتبار و،پـــە کـــەر،لێقـــۆماو
لە چـاوم هــەر تـێت،رۆژی چـەنێ ئـاو!
تـــاڵعم نـــەحس و،بـــەختەکـــەم لارە
چـەرخگەردوون فـرەیک،بـە مـن قـەرزارە
چـــــەرخـــیزەمانە،زاڵـــم بـــێحەیا
خـــەفەتگەل تـــازە،بـــۆم ئـەکـا پـەیا
خـەفەت بـانخەفەت،هــەر ئـەوێ زیـاتر
مـــــن و دڵـــبەرم،هـــەررۆژ جـــیاتر
زوو ئـــەمرێ،هـەرکەس،یـارێکی نـەوێ
وەک دووکەڵ سگار،جا زوو مەحف ئەوێ
زۆریهـــەس بـێیار،بـمری بـە نـاکـام
زۆر تـــێبکۆشی،نـــەگـەی بـە ئـاکـام
هـــــام لە لچ پـــاسار،بـــێخۆ ئـــەتازم
لە لچ ئــــــەم بـــــانە،رۆژی ئـــەترازم
کـار«نـادر» بـێئەو،نـاوێ جـێ بە جـێ
وەکـــوو ئـــاوارە،ئـــەچێ دێ بـــە دێ

# مۆعتادم بەتۆ

مـــۆعتادم بـــەتۆ،مـۆعتادیٚ بـەترەف
خەفەت دووری تۆ،زۆر ئەکەم مەسرەف
وەک مـردارەوبـووگ،لاغـر و زەعـیف
دامــاگ و ریـقوو،خـۆمار و نـەحیف
لە تـــۆ دوور کـەفتم،چـنیاگـە نـاقمٚ
دوور بـیٚ لەگـیانت،فـرەیک نـاساقم
تـا زانـیت بـە تـۆ،کـردۆومە عـادەت
وتـۆ خـواحـافز،دوور بـوو،سـەعادەت
دوورم لە بـــاڵات،گـــیریاگـــە حـاڵم
بۆکـویی کـەم پـەرواز؟ شکـیاگـە بـاڵم
چـــاوم‌پر لە ئـــاو،زیـــاتر لەکـــانی
جەرگم لەت لەتە،وەک گۆشتقۆروانی
وەک ئاوکوڵاتک،دڵ قۆڵ قۆڵ ئەکـات
دڵت،ئـازارم،چـۆن قـەبووڵ ئـەکـات؟
بـیٚ وەکـوو جـاران،کـەمیٚ بـۆم کـە نـاز
گریٚ کوێر ژینم،بە دەس خوەت،کە باز
جێمۆ هێشت،بۆچی؟!چی بوو تـاوانـم؟!
بـــۆچ بـۆت نـەناڵم،عـەزیزباوانـم؟!
سواوی هەس دڵـبەر،لە عـاشق،سـەردان
وەک کۆتر لە ناو،قەفەس تەنگ،بـەردان
«نـادر»،هـەر چـاوی،هـا بـە رێـتەوە
تـــەماره بــیت و،پـــاڵبات پـێتەوە

# مەپرسە ئازیز

لە دڵــــــپەرێشم،مــــــەپرسە ئـــازیز
لە یـــاو و ئـــێشم،مـــەپرسە ئـــازیز
لە دووری بـــاڵات،لە دووری چـــاوت
مــن چــی ئــەکــێشم،مــەپرسە ئــازیز
چەن پەرێشانی،چەن ژان،چەن خــەفەت
بــە کــۆڵ ئــەکــێشم،مــەپرسە ئــازیز
لە حـــاڵی زارم،ئـــەی زوڵـف پەرێشان
قــژ وەك هــەورێشم،مــەپرسە ئــازیز
لە رەنــج و خــەفەت،وا وێڵکۆنم نــین
هـــەروەك ســرێشم،مــەپرسە ئــازیز
سگـار پشت سگـار،لە رۆژ تـا بـە شـەو
بـــۆچی ئـــەکـێشم؟!مــەپرسە ئــازیز
بـــۆچ لە خـــەیاڵم،لە رۆخســـاری تۆ
وێـــنەت ئـــەکــێشم؟!،مــەپرسە ئــازیز
چــەن تــەعنە و تــەشەر،ژنــەفتم نازار
لە قـــەوم و خـــێشم،مــەپرسە ئــازیز
لە حەسرەت دووریت،رۆژ بە رۆژ زیاتر
لە کــەم،لە بـــێشم،مـــەپرسە ئــازیز
حـــەقمە دەس کـــێشم،لەم ژیـــنە،بــێ تۆ
بـــۆچی ئـــەکــێشم؟!،مــەپرسە ئــازیز
لە دەردی «نـــادر»،لە رەنـــجی هیجران
زیـــاتر لە پـــێشم،مـــەپرسە ئـــازیز

# مەحرووم لە دیدار

بـۆچ لە دیـدارت،مـنت کـرد مـەحرووم؟!
بەکام حۆکمناحەق،منت کرد مەحکووم؟!
لەو رۆژەو،وا بـــووم،مـــحرووم لە دیـــدار
رەنگزەردم،پـــەرێش،زامـــدار،بـــێتیمار
مـــنت بـەجێ هـێشت،دوورتگـرد لە مـن
خـۆزگە ئـەتزانـی،تـۆ چـیت کرد بە من!
دڵخوەش بووم کە تی،تەکتا تێ خوەشی
ئـــەگـەریام بـە دەور،بـاڵات وەک تـەشی
هـــاوردت ئـــاسان،فـــرمیسک لە چـــاوم
لە بـــیر خـــوەتۆ بـــرد،ئـــاسان تـۆ،نـاوم
وەک گـــۆشتقوروانـی،جـەرگم لەتلەتـە
نـــەوپرسی دەفـــعەیک،ئـــاخرتۆ چـەتە؟!
ئــــــەمدنیا بـــــێتۆ،زۆربـــــێئەرزشە
دوور لە تـــــۆ کـــارم،یـــاو و لەرزشـــە
دڵبـــــــریندارم،زۆربـــــــردگیە،قــــاش
دڵـــم نـــایت بـــێژم:«نـەتمدیای،ئـەیکاش»
وەک داریفـەرتووت،مـن شکـیاگـمەسەو
نـــــەوینێ بـــــەڵا،ئـــــازیزم،جـــەسەو
هـــێشتمۆ بـــە تـــەنیا،بـــێپشت و پـــەنا
بـــەم زوویـــە ئـــازیز،بـــۆت ئـەوم فـەنا
تـۆ چـوویت و خـوەشی،چوو لە دڵ«نادر»
نـــۆسخەیکۆ،تـــەبیب،نـــەکـردبۆم سـادر

# مەحشەری کۆبرا

مـــەحشەری کۆبرا،عـــەزیز،بـەرپا مـە کـە
مەمکوژە و،زیندووم وە کوو،عیسا مە کە
دڵ لەنــــاو ســـــینە،نــەما،بــردوویە دز
کـــاری تـــۆیە دڵــبەرم،حـــاشا مــە کــە
نــا گــرم بــەرگەی جـەفای تـۆ،نـازەنین
ئەم هەموو جەور و جەفا،تە کـما مـە کـە
وەخــتێ تێم و تـێمبەدەورتا،دەرئـــەچی
لێــم مـە کـە دووری عـەزیزم،را مـە کـە
ئەی قەزای چاوت،لە چاوی مـن کـەفێ
شێتی خوەت زیـاتر لەمـە،شـەیدا مـە کـە
بووگمە مەجنوونی دووچاوت،چاوە کـەم
بــــێوەفائی تۆ وە کــــوو،لەیــلا مــە کــە
ئـــەی بـــەقۆربانی،دووچـــاوی مەستی تۆ
رۆژی من تاریک،وە کوو،یەڵدا مـە کـە
بــووگە ئــاواتــم کــە بــیتە،مــاڵە کــەم
بێ بۆ ماڵم،یـە ك شـەوێ،پـەروا مـە کـە
بیخە نـاو چـاوم،دووچـاوت،دیـدەمەس
غـەیر لە چـاوانت شـەراو،بـوم دامـە کـە
ئـەمکوژی بـەم گشـتەنازە،وە ك جـەلاو
حۆ کمی مـەرگی من بـەناز،ئـیمزا مـە کـە
کـــەم جــەفا کــە،نــازەنینم،ئــەمکوژی
قـــــەتلی «نــادر»،نــاپەسەندە،وا مــە کــە

# مەعبوودی منی

مـــەعبوودی مـنی،شـیرین‌خوەش‌ئەدا
کەی تی بتوینم،خوەم بۆت کەم فەدا؟!
تـۆ گـوڵ بـێدرک،مـن شـاخی‌بێ‌بەرگ
چۆنکە لێم‌دووری،من رازیم بە مەرگ
دڵ هەر یەکێکە و،مـن بـە تـۆم داگـە
لێـــتی نـــاسێنم،تـــا عــۆمرم مــاگــە
خوەمم بـە خـاتر،چـاوت،کـرد زەبـوون
ئـەگـەر تـۆم نـەوێ،چـەخاستر،نـەبوون!
سـتەم بـە ئـاشق،کـێ ئـەیژێ رەواس؟!
بـۆ لام بـێ رۆژێ،یـا بگـرە تـەماس
قـــەدرم بــــزانـــە،هــەرتاکــە مــاوم
بـــا کــەم بــوارێ،ئـەسرین لە چـاوم
ئــەگــەر نــەنێری،بـۆم نـامەیک،پـەیام
سەر خوەم هەڵئەگرم،هەر نەکەی پەیام!
ســەرخـوەم هـەڵئەگـرم،روو لە بـیاوان
دوور ئەگرم لە خەڵک،کووچە و خیاوان
بۆ دیـەن‌چاوت،هـەروەخت کـە هـاتم؟!
ئەیژم بە دەنگ‌بەرز،خـوەم خـاکـی‌پاتم
هــۆشت لە خــوەت بــێ،یـاری‌باڵابەرز
دڵــواپـەسم بـۆت،چـۆنت بکـەم عـەرز
مـــاتڵتە«نـــادر»،دەس لەبـــانی دەس
بــی شــەراو داکـەی،بـێژم بـەسیە،بـەس

## مەیخانە

دڵــبەرەشیرینەکــەم،هــاوراز و شــیرین‌زوانــەکـەم
بێ بنیشە لای دەسم،جا سەر بنە بان شانەکەم
مــن شــەراوم بــۆچیە،وەخــتێ کــەتۆ یــاری منی
چاوی‌تۆ مەستم ئەکا،چاوانی تۆ،مەیخانەکەم
بــووگە ئــاواتــی‌دڵم،رۆژێ لەرۆژان بــیت و مــن
زوڵفی کاڵ و زۆرشیرینی تۆ،بە دەس خوەم شانەکەم
وەک‌تۆ نەمدیگە گوڵێ،هەرگیز لەناو باخی‌ژیان
تۆ گوڵی‌شیرین و جوان و،بۆخوەشی بێسانەکەم
تــۆ حــەیات و دڵخوەشی و،نووری‌چاوانی منی
تۆم نەوێ نازارەکەم،زوو پر ئەوێ پەیمانەکەم
وەک‌تــۆ لەم دنــیا نــیە،تــەنیاتۆ نــازاری مــنی
چۆن لە تۆ ناچێ کەسێ،ئەی دڵبەرە تاقانەکەم
پــێم خــوەشە مــێمانی‌من بیت و،بەتۆ بێژم گوڵم
مــات و مەبهووتی تۆوە،چاو و دڵە حەیرانەکەم
نــاخوەشی‌تۆم،ئــەی پەرەستار و،تەبیبی‌دەردەکەم
هەرمەگەر تۆخوەت دەواکەی،زام و ئێش و ژانەکەم
تــۆ ئــەگەر نەیت و نەپرسی،حاڵی‌زاری‌ئاشقت
چــۆن بکــەم بــێ‌تۆ عــەزیز،ئارام دڵەدێوانەکەم
ئــاشقی چــاوانــی‌تۆم و،پــیر و لەرزان و زەعــیف
بگرە،دۆسەخاسەکەم،تاوێ‌تۆ دەس،لەرزانەکەم
وەک سگارێ،هەر ئەسووزێ،«نادر»ە دێوانەکەت
فەندەکێ وا داتە پێم،هەرها لە ناو گیرفانەکەم

# ناز لێت ئەوارێ

خــەرامــان ئــەچیت،نــاز لێت ئـەوارێ
تـا لێـم دوور ئـەوی،فـرمیسک ئـەبارێ
کردوومیه وەک شێت،دیمەن،جـەبینت
هــەم لار و لەنــجه و،شــێوەی کـەنینت
بـــه پــێکەنینت،بــه شــۆخی،شــۆخی
کـــــردمته ئـــاشق،مـــاڵی‌من رۆخـــی
بـــه ئــەو قــۆرعانه،خــەتمم کــردووه
چـــاوی‌خۆمارت،دڵ لێـــم،بـــردووه
دەرمـــی‌کرد لەدیـــن،نازی زۆرخـاست
بــه داخـەو دڵ دیـم،له ژێـر پـای‌راست
تـا بـیرت ئـەکەم،له چـاو تـێ باران
بـــه یـــاد خــاترات،شــیرینی،جــاران
لاڵـــیان،کــاری مــن،کــاری‌تۆ حــاشا
کــەی تــی کـه بتکەم،تێرتێر تـواشـا؟!
بــۆچی خســتگته،یــاری‌خوەش‌قامەت
دیــدارت تـەک مـن،بـه رۆژقـیامەت؟!
شــەرته بــێ‌یادت،تـاوێ سـەر نـەکەم
بـەغەیر جلی رەش،بێ‌تۆ بـەر نـەکەم
دووری‌تـــۆ،رۆژێ،له پـــام دەرتــێرێ
مــاچ‌پای کــەسێ کـەم،خـەوەرتۆ بـێرێ
ژیـــن«نـــادر» بــێ‌تۆ،ژیــن نــیه،ژانــه
داخــۆ کــەی بکــات،زۆڵـفی‌تۆ شــانه

# ناوت شیرینە

تــا تــاسەت ئــە کــەم،تاویٚ نـە تـاویٚ
ئــاو تــیٚ لە چــاوم،وەک کـانی ئـاویٚ
ناوت هـەروەک خـوەت،شـیرینە نـازار
نــەمدی،نـەمژنەفت،وەک نـاوت،نـاویٚ
چـــاوت،دڵــرفیٚن،مــاڵویٚرانکــەرهەس
مـــــنی خســـتە گـــیر،وەک دام و داویٚ
هــــەرتۆ تــــوانـــــیت،دڵمــن بــرفنی
کــەس وەکتـۆ ئـیتر،هـەر پـەیا نـاویٚ
عــەقل و دیـن و دڵ،بـۆتو دام لە دەس
خــوەمم زوو بــازی،بــە خــاتر چـاویٚ
خـــاتراتـــەکـــەت،لە دڵ دەرنــاچیٚ
هــەروەک ســەوهانیٚ،رۆحـم ئـەساویٚ
پـیر بـووم لە دووریت،عـەزیزچـاوەمسم
عــۆمری مــن بــەنە،بــە لەرز و یــاویٚ
بـــە رۆژ،هــەر تــەمار،شــەو بـیٚقەرارم
داخۆم کەی ئە کەی،تـۆ لە مـن قـاویٚ؟!
کــاریٚکت کــردگە،هـەر نـەتوەم لە بـیر
ئـەسووزیٚدڵ وەک،قـرچـەی کـەواویٚ
خـــۆ نــایتە ســەرعەقل،دڵــیدیٚوانــەم
ئەسڵەن گویٚچکە نات،قسـەی حـەساویٚ
ئـــەزانـــم رۆژیٚ،ئـــەپرسی حـــاڵم
ئـــەترسم بـــیت و،«نـــادر» نــەماویٚ

# وتۆ:«تێم بۆ لات»

وتــــۆ:«تــێم بــۆ لات،لە مــانگی‌خۆرداد»
نــــەهاتی ئـــازیز،رەدبـــووین لە مــۆرداد
نـــەهاتی بـــە گـــوڵ،بـــێمە پــێشوازت ٧
بکـــــــەی‌بۆم نــــاز و،بـــنازم نـــازت
هـــەرووەختە شــێت‌بم،بـەخوا لە تـاسەت
کـــەم‌تێرم هـــەرچــی،بـێژم لە خـاسەت
لە تــواشـای بـاڵات،مـن چـۆن ئـەوم تـێر؟!
بــە تــواشــای چـاوتۆ،چـاومن بـووگە فـێر
چـــــاوی‌مەسی‌تۆ،مـــنی خست لە پـــا
لە دووریت،هـــێزی،بـــۆ پـــای‌من نــەما
شـــەراوت کـــردگە،نـاوچاوت،مـەسە؟!
کـــە دانــیشتن لات،بـۆم تـاوی بــەسە؟!
دڵـــم خـــوەش کـــردوو،یـــاری‌شیرینم
کـــە تـــیت و خـــاڵی،گـۆنات ئـەوینم
نــەهاتی وەلی،خــەفەت بـە جـێت هـات
هەرکەس ئەمیدی،ئەیوت کـە:«شـێت هـات»
هـــــــاتنت،هـــــــاتن،ژیـــــن‌دووبارەمە
شـــــەفای دڵپـــەرێش،پـــارە پـــارەمە
بــێ بـا لە تـەك تۆ،وەك هـەرزەکـاران
بـــچین بـــە رێگـــا،لەژێـــری بـــاران
«نـادر» کـە گیان‌خوەی،ئەکا بە ساقەت
بـێژە لە دووریت،چـۆن بگـرێ تـاقەت؟!

# وەختێ کە تۆم بوو

وەختێ کە تۆم بوو،هیچم کەم نەبوو
پشتم وەک ئیسە،ئەونە خەم نەبوو
بەسم بوو لۆتف و عینایەتی تۆ
نیازم بە لۆتف،ئەو و ئەم نەبوو
ئەمکێشا فەقەت،نازی چاوەکەت
باری سەرشانم،خەفەت،غەم،نەبوو
ئەپاریام لە تۆ،کە تەرکم نەکەی
تەمەننام غەیر تۆ،لە عالەم نەبوو
نەبووم لە تەک تۆ،مۆحتاجی هیچکەس
چاوم بە ماڵ کەس،وەک حاتەم نەبوو
سەرحاڵ،پرتەوان،بەهێز و جەسوور
چتەیکم کەمتر،لە رۆسەم نەبوو
بە عەیب ئەمزانی،گریانی پیاوان
لە تەک تۆ ئازیز،چاوم،چەم نەبوو
لە بیرتە خواردمان،شەو،شەراو ژێرمانگ؟!
ئەوشەو ئیتیاج،بە نوورشەم نەبوو
مەس بووین هەردوومان،ئەوشەو تا سەحەر
حەیف وا شەراوی،حەفتساڵەم نەبوو
حەدیس ئاشقی،بەینی من وتۆ
کەمتر لە چیروک،زین و مەم نەبوو
یادی بەخەیر بێ،ئەورۆژگارە
«نادر»ی ئاشق،بێ هاودەم نەبوو

# وەختێ کە دووریت

وەختێ کە دووریت،یا نیت لە پاڵم
بەرئەوێ فرمیسک،ئەگیرگێ حاڵم
دوور لە تۆ ئازیز،شیرین‌تر لە گوڵ
کەی شیرین ئەوێ،ئەوقاتی تاڵم؟!
بە خاتر ئەوە،کە دوورم لە تۆ
خەیرێ ناوینم،لە مانگ و ساڵم
ژینی خوەم بە تۆ،ئەمکرد چراخان
بێ‌نووری‌سیمات،تاریکە ماڵم
بێ‌تۆ چەرخ‌گەردوون،ئەکا ئازارم
هەر دێقم تێرێ،هەر ئەگرێ حاڵم
کەی تی دووبارە،هەروەک پارەکە
دەسی من بگری،جا بگری فاڵم؟!
نەی،کەی حەدی هەس،وەک من بناڵێ
لە دووری باڵات،وەختێ نەناڵم؟!
تۆ مێوەی‌بەهەشت،شیرینی،شیرین
تۆ سێفی‌پێگەیگ،من سێفی‌کاڵم
دڵ بۆ دیەن‌تۆ،ئەکات باڵەباڵ
بەداخەو وەلێ،بەسیاگە باڵم
هەرڕۆژ و هەرشەو،لە خەڵوەتێ دنج
بۆ خوەم ئەگیرم،بۆ ژینی‌تاڵم
من رازیم کە گیان،پێشکەش بەتۆ کەم
تۆ رازیت بمرم،جا بۆچە،زاڵم؟!
دێق ئەکەم،ئەمرم،ژینم بە سەرتێ
سەرنەگرێ ئەگەر،تەک‌تۆ وساڵم

تۆ خوەش بە نازار،خوەشێت،خوەشیمە
بە شادی تۆیە،کە من خوەشحاڵم
بێ تۆ ئەوینم،مەرگ«نادر» بەچاو
فکر ناکەم کە بات،ئەجەڵ مەجاڵم

# هات

سـپاس بـۆ خـاڵقم،رەنـجم بـەسەر هـات
بۆ لای من،کۆترێکی،خـوەش خەوەر هـات
لە دڵ دەرچـوو،خـەمی هـیجران و دووری
عـەزیزنازارەکـەی مـن،لە سـەفەر هـات
لە پشت هـەور هـاتەدەر،دیـم مـانگی تابان
نگـاری خۆشەویستی مـن،لە دەر هـات
دڵ و دیـن و نـەفەس،ئـاواتـەکـەی من
بـۆ لای مـن،عـاشقی خوێنین جگەر،هـات
نـەما فـەسلی خەزان و،سـەردی زمسـان
گـوڵ و خـۆنچە و،بـەهاری پرسەمەر هـات
لە نـاکـامی،بـەدەر هـاتم،بـە لایـەو
نـەهاڵی عشـقی من،ئـاخر بـە بـەر هـات
بـۆ لای مـن،یـاری شیرینم،دووبـارە
وەکوو هەنگوێن،وەکوو نۆقڵ و شەکەر هات
حـەکـیم و چـارەسازی من،بـە سـەد نـاز
بـۆ تـەسکینی دڵـی،شێت و پـەکـەر هـات
تـەبیبی یـاو و زام و،ئـێشەکـانم
بـۆ دەرمـانم،بـە یـەک نـاز و نـەزەر هـات
چـە بـێژم مـن،لە وەسـفی یـاری نازار
کـەمێ شـەرح و بـەیانی،مۆختەسەر هـات
لە سینەی پر لە عشق «نادر»،ئـەکـەم پـاک
خـەفەت بۆ لام،هـەمیسانەو،ئـەگـەر هـات

# هات وچوون

هات وچوون ئەکەم،لە بەر ماڵەکەت
بەشکە بتوینم،پرسم حاڵەکەت
دڵم غەیر بە تۆ،بەکەس خوەش نیە
بێ تۆ،غەیر خەفەت،بۆمن،بەش نیە
تواشای هەرکەس کەم،تۆ تیتە بەر چاو
بێژی بمرە بۆم،ئەیژم بە سەر چاو
یادی تۆ ئەکەم،لە چوارفەسڵی ساڵ
بێ تۆیش،هەر ئەژیم،بەڵام،ژینێ تاڵ
دووربوون لە چاوت،ژینمی کردگە تاڵ
بەڵام دڵخوەشم،بە رۆژی وساڵ
نیازم بە تۆ،وتم بێ پەردە
بۆ تۆم دانەواند،سەرم وەک بەردە
وەختێ یارم بوویت،بەتۆ ئەنازیم
ئیسە ژین تاڵ و،بە مەرگ خوەم رازیم
دڵیکم هەیە،زۆر ئاشق،نەفام
داوات لێم ئەکات،یاری بێوەفام
رفتارت هەرچەن،نەبوو تەک من خاس
نزیکی بە من،نزیک وەک لیباس
حازرم حەتتا،بتوینم لە دوور
ئەی شیرین ئەدا،شیرین تر لە حوور
بێ،«نادر» بە ناز،بێرانە سەر زەوق
وەکوو مانگ،بخە،لە ژینی من شەوق

# هاوار بە ماڵم

دیــــەن دووبـــارەت،ئـــاوات مـــەحاڵم
نـــــــاتوینم ئـــیتر،هـــاوار بـــە مـــاڵم
بـــێ جێگە و رێگـــە،ئـــاوارە و هـــەژار
بـــە شـــۆنتا وێـــڵم،لەم‌شـــار بـــۆ ئـــەوشار
لە بـیرتە ئـەچوایـن،بۆ سـەیران و گـەشت؟!
بـۆ بـاخ و سـەحرا،بۆ کـێفسان و دەشت؟!
دەســۆ دا دەســمەو،مـاچم کـرد دەستت
عـەقڵی لە مـن سـەند،دوو چـاوی مـەستت
چـــاوم خســـتە نـــاو،چـــاوی خۆمارت
دێـــوانـــەمی کـــرد،حـۆسن بێ شۆمارت
کـێ هـەسی خـاڵێ،شـیرین وەک خـاڵت؟!
کـەی تـی دووبـارە،پـاڵ بـم بـە پـاڵت؟!
دار و دارســـــــتان،بـــــاخ و رۆخـــانە
بـــێ تۆ خـــوەش نـــیە،عـەزیزدۆردانـە
بـــێ تۆ نـــابارە،ســـەحرا و دەر و دەشت
جەحانم تەک تۆ،خوەش،هەروەک بەهەشت
خـــوەشە لە تـــەک تـۆ،بـان کـانی ئاوێ
لە تـەک یـەک بـخوەین،نـان و کـەواوێ
خـوەشم تـێ تـەک تـۆ،بـچم بـۆ سـەفەر
لە رەنـــج و خـەفەت،بـمکەی بـێخەوەر
«نـادر»ت بـە نـاز،چـەخوەش خستە گـیر
کـــارێکت کـــردگە،هـەر نـەتوا لە بـیر

# هەر ناتوەم لە بیر

وەهــا بــە دەســتەو،مـن کـردوومە گـیر
تـــا قـامقیامەت،هــەر نــاتوەم لە بــیر
هەروەخت لە سەر گوڵ،شـەونم ئـەوینم
یـــادت زۆر ئــــە کـات،دڵــی خەمینم
زوو زوو بیر ئە کەم،نـەرگس چاوە کـەت
هـــەم تــێتە بـیرم،زوڵــفەخاوە کـەت
خـوەش ئـەورۆژانـە،کـەتۆ یـارم بـوویت
خوەشی لێم بریا،وەختێ،کەتۆ چـوویت
ئـــاڵۆزم،ئـــاڵۆز،لە چــەرخــی فەڵەك
لە تۆ جـیامی کـرد،بـە دووز و کـەڵەك
چـاوم تـێر نـەیدی،چاوەجوانـە کـەت
چە خوەش بوو ئازیز،سەر و زوانە کەت
زۆر زەعـیف بـووگە،نۆمرەی چاوە کـەم
تۆز کەوشە کـانت،سۆرمەی چاوە کـەم
هــاوردی بۆم بـۆت،شــنەی بــای بەیان
وە ك شەراوی کۆن،مەستمی کرد،عەیان
هــەرچــەن مـەحاڵە،چاوم پـێت کـەفێ
خــوانــە کـات بـەڵا،هـەرگیز لێت کـەفێ
تا فـەڵەك کـردی،چـاوت لە مـن دوور
دیــم مــاڵم عـەینی،بـووگە بـە خـاپوور
ژیـــن «نــادر» بــێ تۆ،هــەرئەونە تـاڵە!
بــێ تۆ کــەنین بـۆی،سـەخت و مـەحاڵە

# هەر نەخوەش نەوی

دوێشـەو وتـۆ پـێم:«دوورروا نـەخوەشی»
بـەر چـاوم ئـازا،پـر بـوو لە رەشـی
هــەر نــەخوەش‌نەوی،عــەزیزی نــازار
بـــــا دڵئـــاشقم،نـــەوینێ ئـــازار
دەس نەرم و گەرمت،هەرگیز نەکا یاو
عــزیز دڵمــنی،عـەزیز وەک دووچـاو
بـــەڵا نــەوینێ،چــاوە جــوانــەکـەت
خـوەش و شـیرینە،سـەر و زوانـەکـەت
حـــەزئەکـــەم بـێم و،بشـێلم شـانت
بێرمە خـەممەت تـۆ،خـوەم ئـاو و نـانت
بـــم بــە قــۆربانۆ،دەرد و بــەڵات،لێــم
قـاوێکم لێکــە،تـا مــن بــە سـەر بـێم
خـوەم‌تێم بـە دەورتـا،گـەر بـەی ئـیجازە
هــەروەک ئــەو کــەعبە،وا لە حـیجازە
تۆ خوەت حەکیمی،حەکیم دەردەکـەم
کەی تی تواشاکەی،رەنگە زەردەکەم؟!
کـەفێ لەگـیانم،ئـێش و ژانـەکـەت
خـــۆزگا ئـــەبوومە،دەزیـرانـەکـەت
هەر چەن رەحم ناکەی،بە مۆبتەڵاکـەت
بـەگـیان ئـەسێنم،دەرد و بـەڵاکـەت
«نـــادر» بــە هــیواس،سـەوزەی‌نازەنین
لە ســـەر لێـــوانت،بـــوینێ کــــەنین

# هۆنەردڵبەریت

عــەقڵی لە مــن ســەند،هۆنەردڵبەریت
تۆ کیت نازانم؟،حووری یا پەریت؟!!
چــە سەهل و ئاسان،منۆ کرد ئەسیر!
نــازانــم دڵــمۆ،چ جــۆر خســتە گــیر!
لەو ڕۆژەو کـــە وا،دڵ لە مـــن بــردی
ڕومـــووزعاشقی،تـــۆ فـــێرم کــردی
دڵت بــرد لە مـن،عـەقڵت لە من سەند
دڵـم گـوێچکە نـات،نـەسیحەت و پـەند
قـــۆلابی‌عشقت،دڵـــمی خســتە گــیر
ئــیتر وەک‌جاران،نـاموێنێ کـەس،ژێـر
دڵت ســـەند لە مــن،بــە چـاوپرشەرار
مــنت هێشت بــەجێ،وا نـەبوو قـەرار!
زۆڵـــف پـــەرێشان و،شــیرین‌ڕنگی‌تۆ
مـــنێ کـــردگە،بـــە دڵـــتەنگی تــۆ
بە پات هـەدەر چـوو،عۆمرم سـەراسـەر
مـــان و نـــەمانم،بـــووگە بـــەرابـەر
پـــێش‌ئەوە نــازار،عــۆمرم بـێتە ســەر
لە زیـــندانـــی‌غەم،مـــن بـێرانــە دەر
تــۆ چــوویت و دڵ‌مـن،بـۆت بێقەرارە
تـــەک مــنا خــوەشی،لەوڕۆژەو قــارە
من خوایچ نـاوینم،هـەر وەک‌تـۆ نـازار
نەدین هەر دووکـتان،«نـادر» ئـات ئـازار

# هەر لێت ئەکەم قاو

دیـــەندووچاوت،دەوای لەرز و یـــاو
بـپارێزە خـوەت،کـەس نـا لە تـۆ چـاو
بـــرژانگـــی تیژت،خـــوێن تـێرێ لە دڵ
قـەوسی بـرۆی تـۆ،وەک شـەمشیرجـەلاو
بـێ جار و جـەنجاڵ،بـێ قسە و بـێ باس
بــــە چــاوخۆمارت،مـــنت خســـتە،داو
دیم زۆلـف پەرێشت،خسـتگتە سـەرشان
زەریف و خوەشبۆ،وەک بۆی گوڵگوڵاو
تـــا بـیرت ئـە کـەم،فـرمیسک فیراقت
ئەرژێ لەچـاوم،وەک جـۆگـەلەی ئـاو
ئــــەرژێتە دامـــەن،ئـــەسرینی چاوم
وەخـتێ جـەم ئـەوێ،زیـاتر لە لافـاو
لە مــــاڵی دنیا،ئـەر تـۆم بـۆیی،بـەس
ئـــیحتیاجی مــــن،تـــەنیا،بـە«ت،واو»
دوور نـاوم لە تـۆ،دوور مـە گـرە ئـازیز
بـۆچی عـاشقت،بـە نـاز،ئـەنی راو؟!
هەرچەن ناز ئەکەی،دوورئەگری لە من
بەڵام وەکوو شێت،هەر لێت ئەکـەم قـاو
مـن بـۆ خـوەت ئـەیژم،کـەمکە ئـازارم
ئـــەمرم لە دووریت،خـوێنم تـێتە پـاو
«نـادر» نـەجات بـە،بـە هـاتنی خـوەت
لە ژیــــــنی تاڵ و،لە حـــــاڵی خراو

# هەی دا و هەی بێدا

هــەی‌دا و هــەی بـێدا،لە چـەرخ‌زەمانە
دووری گــرد یــارم،هــەروەك بـێگانە
من بـە تـەناف ئـەو،کـەفتگمە نـاو چاڵ
وەك بــێوەفاگــەل،نــاپرسێ لێـم حـاڵ
خســـتیە نــاوچاوم،دوو چــاوخۆماری
فــێری کــرد بــە مـن،عشـق و دڵـداری
خســـتیە نـــاودڵم،کـــڵپەی ئـاگــرێ
کــارێکی کـردگە،کـەس جـێ نـاگـرێ
بــەناز و غــەمزە،هــات و دڵــمی بــرد
بــەخواحــافزیك،تــەرکی مــنی کــرد
هـــەر زانــی ئــاشق،بــووگم بــەچاوی
چــوو،وتــی ئــیتر،هــەر نــەیرم نــاوی
مـــنی خست لەپــا،رەنــجی فــیراقــی
لە دڵـــما خــوەشی،نــەیهێشتگە بــاقی
بـووگە عشـقی ئـەو،ئـەسڵ و فـەرع‌دینم
وســـــاڵی،شـــــەفای،کـــۆنەبرینم
بــێچارە و کــۆڵوڵ،بــێبەش لە شــادی
لە هەرکویی کە بم،هـەر ئـەکـەم یـادی
قــەسەم بــە چــاو و،بــە زۆڵــفی‌خاوی
لە زوان نــاکــەفێ،رۆژ و شــەو نــاوی
«نــادر» دووچــارە،بــە دەردێ‌کــاری
حـــەواڵـــەی دڵــبەر،بــە زاتــی‌باری

# یادی بەخەیر

یادی بەخەیربێ،وەختێ بوویت لە لام
وتم بە گیانت،گیانخوەم بەتۆ ئام
هەر بە فکری تۆم،فکری خەوم،ناکەم
هەر بیرتۆ ئەکەم،لە سفح تا بە شام
وەختێ لە خەڵوەت،بیری تۆ ئەکەم
دامئەگرێ خەفەت،لە سەر تا بە پام
سەرخوەش و مەستم،هەمرۆژ و هەمشەو
تۆ کردۆ مەستم،بێشەراوی جام
بۆ من هەرتۆ بوویت،شیرینیژیان
ئیسە ژیانم،ناحەزە و،بێتام
شکاندۆ عەهد و،پەیمان و قەرار
دەرچوویت لە دۆسی،وەلێ من هەر وام
لە رەنجیفیراق،لە شەوقیدیدار
هەر خەو ئەوینم،بووگی بە هاوسام
خەمین و ناکام،بێزارم لە ژین
ئاخر نیت لە لام،بمگەینی بە کام
نەتۆم هەس ئازیز،نەهیچکەسێتر
قەوم و کەس و خزم،بۆتۆ لە دەسدام
نەخوەشدووریتم،هام لەناو جێگە
دڵ بریندارە و،زام لە بانی زام
هەرچەن لە«نادر»،ئەگری فاسڵە
نیم دەسبەردارت،ئیتر،وەسسەلام

# یارم جلاوە

وەفـــای دڵـــبەران،تـــاویێ نـــە تـــاوە
دڵـــــــیبیرەحمیان،وەک دڵجـــلاوە
دڵـــیبێچارەم،ســـادەس،نـــازانـــیٚ
نـــاز و غـــەمزەییار،هـــەر دانـــە و داوە
شـێتبووگم بـەدەس،دڵ و دووچـاوم
دڵ ئـەیژیێ،بەخوا،هـەر خـەتای چـاوە
لە بـــــێتاقەتی،لە دەس تــــــەنیائی
فـــــرمیسکی چاوم،وەکـــوو لافـــاوە
دڵـــی وەکشـیشەم،شکـیا گـە ئـیتر
گـــــــژگیانم زام و،بــــرین و یـــاوە
گر کەفتگە گیانم،بۆ خـوەم ئـەسووزم
ئـــەیژی لە دڵـــما،ئـــا گــر گــەشاوە
دڵـیگرگردووم،بـۆخوەی ئـەقرچـێت
پــــرشەیئاگــــری،ئـــەیژی مـــاتاوە
جـەرگ و دڵـیک بـۆم،نەماگـە ئیتر
حـــەساویبرژیان،ئـــەیژی کـــەواوە
پـێچیام بـە عشـقەو،عـۆمرم چـوو بـەبا
لە ژیـــــــنیتاڵم،کـــــەمێکی مـــاوە
بـەخوا قـەسەم،عشـق،بـیٚسەرئەنجامە
قســـەیکی قـــۆر و،بـەحسناحەساوە
«نـــادر»بـــەسەزوان!،وێـڵکە عـاشقی
لە بـــەر مـــاڵدڵبەر،کـەم بـێسە پـاوە

# یاری جەفاکار

یاری جەفاکار،من ناکەم جەفا
لە من ناوینی،بە غەیری وەفا
کردۆ بە نازت،چەنێ ئازارم
ڕەونەقی نەما،بێ تۆ بازارم
تۆ دات لە ژینم،پرشەنگی ئاگر
مەگەر من چەم وت،یا چەم کرد ئاخر؟!
لە دڵما گەش بوو،ئاگرێ خاسێ
لە دڵ سووتیاگم،بۆسۆ هەڵناسێ
منت نزیک کرد،بە ئاخر ژینم
لەم دونیا بێ تۆ،من زۆر بەقینم
بەغەیری شێتی،نەوهێشت بۆم چارە
بە خاترتۆ دام،عەقڵ خوەم ئیجارە
هەژار و پەشێو،ناکۆک و پەرێش
ئاشق ئەمێنم،من زیاتر لە پێش
دڵخوەر نیم لە تۆ،هیچگلە ناکەم
بۆ خوەم،بە بێ تۆ،شەو،شەراو داکەم
هەرچەن ئەزانم،زۆر تاڵع ڕەشم
بێخۆ بەتەمار،دوودانە شەشم
ئەچم،دائەنم دڵ بە لاتەو
هەرگیز بە لای خوا،نامەپاتەوە
هەرگیزتۆ ناچی،لە بیری«نادر»
تۆیش ناوی«نادر»،مەوە لە خاتر

# یاری زۆر بەناز

هــەروەك گـوڵی تـۆ،یـاری زۆر بـەناز
دوور لە تـــۆ حــاڵم،بــەترەفە و نــاساز
نـــەمدی بـــەوێنەت،لەنـــاو دڵـــبەران
عـــیار و رەعـــنا،شـــیرین و تـــەنناز
دەمت وەك خـــۆنچە،لێـــوت شـــیرینە
لە وەخت پـێكەنین،وەك بسـەیدەمباز
دڵـــــــیدێوانـــــەم،تـــێریتە ســـەما
لە ئــەو وەخــتە وا،رێ ئــەری بــە نـاز
بـــووگمە شكـــارت،ئــەسیر دووچـاوت
هــەروەكـوو مـەلێ،گـیر بـە پـەنجەیباز!
یـادیتۆ ئـەكـەم،تـا شـەو ئـەچمە خـەو
بەعشق دیەنتۆ،سـفح چـاو ئـەكـەم،بـاز
نـــازاری مـــنی،خـــۆشەویستەكـــەم
تــەركم نــەكــەی جــا،داكـەفم بێناز
دیـــەن دووبـــارەت،ئـــاواتـــی مـــنە
كــەی تــێ ئــەورۆژە،كــە بــتوینم بـاز
حــەتتا پــێم خـوەشە،ئـەمكەیپەرێشان
لە ئــەو وەخـتە وا،پـەلكەكـەت كـە بـاز
خــوا بــیكات عــەزیز،بــم بـە مـێمانت
درگـای مـاڵەكـەت،زووبـۆم بكـەی واز
قـــەرارێ دانـــە،بـــێمە مـــاڵەكــەت
تـا مـنیش زوو بـێم،هـەر بـە تـەختەگـاز
بــە ئـاوات ئـەوەم،خـوەش‌قسەی نـازار
تــۆ بــی بــەیارم،مــن بــم بــە هـاوراز

گــــرێ کــوێرژینم،فــیراق و دووریت
ئەم گرێ کوێرە،تۆ کـەی ئـەکـەی بـاز؟
ئـەگــەر رازی نــیت،بــەمەرگم،نــازار
بــێ ســـەرم لێــبە و،بــۆ«نــادر»،کـە نـاز

## یاری نەرمەبر

یـــاری نەرمەبر،مـــنت خست لە پـــا
شکـــاندت دڵـــی،بــێچارەم،بــە پــا
درۆ،بـــەدعەهدی،قـــەباحەتی هــەس
جــەفا بــە ئــاشق،نــاراحــەتی هــەس
ســـاڵی رابـــردوو،قــەوڵت دا بــە مــن
بـــە قـــەوڵی درۆت،دڵت بــرد لە مــن
وەفــا بــە عــەهدت،بێژە بۆ نــاکــەی؟!
ئــازاری ئــاشق،ئەکــەی تــۆ تــاکــەی؟!
بـــەخت وتــــاڵعم،هــەلگەریا لە مــن
بــۆ نــەتدی شــادی،هــیچ رەوا بــە مــن؟!
بــێ تۆ چــۆن نــەکــەم،هــەرگ بــەسەرما
تۆ بوویت،گــەرمی ژین،حــەتتا لە ســەرما
تۆ نیت وەک جاران،هۆشت پێمەو بێت
دەردی فــیراقت،کــەی تی،بــێژم پــێت؟!
کەی تــی دووبــارە،ســەر لە شــانم نــی؟!
دەس لە وەخت سەرما،لەگیرفانم نــی؟!
کــەی ئــەوێت رۆژێ،بیت بــە مێمانم
مـــێوە بـــۆت بــچنم،لە نــاو بــێسانم
بێ تۆ دڵ نــاگــرێ،لە هــیچ کوێی ســەقام
بـــە تـــۆ،بـــەسیاگــە،ژیــان و بــەقام
دووری لە بـــاڵات،بــۆ مــن نــاکــرێ
پــەیا وەک «نــادر»،نــاکــەی چــاکــرێ

# یووسف،زولەیخا

وەکـــوو بــــاڵەندە،بـــۆ لای تـــۆ ئـــەفرم
بــە ئـاگـرعشقێت،تـا مـاگـم ئـەگـرم
مــن وەك رەعــیەتم،تـۆ وەکـوو قـەیخا
خــوەشە یــووسف بــم،تـۆ بـی زۆڵـەیخا
بــۆ هـــەرکوێی ئـــەرم،هــەرتۆ ئـەوینم
کـــوێر بـــم یـــارەبی،گـــەرتۆ نـەوینم
ئەمکەی دوور لەخوەت،جا چۆن تێ دڵت؟!
نــــیشانبە مــــاڵت،بـــێمە مـــەنزڵت
کـــارێ بـــەنرخ و گـــرینگ و جـوانـە
رەحـــــمێ بـــەئاشق،وا بـــەسەزوانـــە
بـــێڵا کـــەمێ بـــۆی،لێـباس بەرت کـەم
دەس ژێـر رووسـەری،لە بـان سـەرت کـەم
کـارساز هــیچ نـەبوو،شێخ و دۆعانووس
بـــمگەینن بـــەتو،عـــەزیز،زۆرمـەلووس
لە بـــیرت نــــاوەم،تـا گـیان لە لاشـەس
هــەرچـەن دەســی تـۆ،لە بـانی مـاشەس
بـــــە خــــاتر تـــۆیە،شـــێتی،جـــنوونم
رازیت لە بـــەرچـــی،تـــۆ بـە نـەبوونم
شـــێعرم وتگـــە بـۆت،هــەزاران،هــەزار
دووبــەیتیش بـۆ خـوەم،بـۆ بـەردیمەزار
مــن هــەرچـێ بـێژم،خـۆتۆ تـێناگـەیت
بە خاتر «نادر»،خۆ پـەكخـوەت نـاخەیت

# یەکجار شیرینە

یـەکـجار شـیرینە،ڕۆخ وەک مـانگەکـەی
ئـاشق لە پـا خـات،تـیر بـرژانگـەکـەی
درگــای دڵمــنی،بــە نـازکـردە بـاز
ســەوزەی‌نازەنین،زەریــف،زۆر بــەناز
دڵـی لە مـن سـەند،زوڵـفە خـاوەکـەی
بــرژانگ درێــژ و،ڕەشــی‌چاوەکـەی
گـۆناکـەی سـوورە،هـەرۆەک سێفەسوور
دێق ئەکـەم بـەخوا،گـەر بێت لە مـن دوور
دەمی وەک خۆنچە،سوورە،لە ڕەنگ گـوڵ
دەنگــی خــوەشترلە،هــەزار و بـوڵبوڵ
چــەنێ بــەنازە،ڕێگــەروونەکــەی
لە ڕەنگ خوێن‌عاشق،لاک نـاخوونەکـەی
ئــەلف‌قامەتی،بــە بــەرزی چــنار
ئــەو دایــە خــەفەت،لە ژیـن‌من‌کـنار
یــەکــبارە بــردی،دڵبــەسەزوانــم
هــەرچـەن کـە پـیرم،بـە یـاد ئـەو،جـوانـم
ســادە و ســەمیمی،زۆر بــێ‌ریایە
شــەرم و حـەیاکـەی،حـۆسنێک جـیایە
تــەمارم کــە بــێت،بــنیشێتە لام
بــێژم عــەزیزمی،عــەزیز،وەسســەلام
یــارەب نــەسێنی،دڵــبەر لە «نــادر»
بــو خــاتر غـەوسم،شـێخ عـەبدولقادر

# دووبەیتیەکان

ئازارم مەکە:

ئـــــــازارم مـــــەکـــــە،رۆح و رەوانـــــم
تــــۆ ئـــــاواتی مــــنی،هــــێز و تــــەوانــم
هــەر بـیرت ئـەکـەم،هـەرتاکـە مـردن
ســــەرچــــێ بــە یــادت،رۆژ و شــەوانــم

ئافەرین خاڵق:

ئـــــــافەرین خـــــاڵق،بــــۆ ئـــــافەریدەت
بـــۆ دەس و پــەنجەی،هـــیچکەس نەدیدەت
زەریـــــــــفکێشاتە،روومــــەت یارەکــــەم
مــــەرحــەبا بــۆ تــۆ،بــۆ زەوق و ئـیدەت

ئاوارەی سەحرام:

ئـــــــاوارەی ســـــەحرا و،وێـــــڵی کێوانـــــم
سـەر،وەك سـەرگەردان،لە خـوەم شـێوانـم
ئــــــەونە بــــە ئـــــاوات،دیـــــەن بـــــاڵاتم
شـــــەوێ خــــەوم دی،لە لات مـــێوانـــم

ئەی دڵ:

ئـــەی دڵ،دوورەو بـــوو،یـــاری زۆربـــەناز
بـــیانک لێـــم مـــەگـــرە،لێـــم بـــێرانـــە واز
جـــن جنت ئـــەکـــەم،گـــەر نـــەگـری ئـارام
نـــەیکەی فـــەرامـــۆش،یـــادی بکـــەی بـــاز

باران:

هـــــەروەخت ئـــــەواریێ،بـــــەفر،یـــا بـــاران
زوو تـــــێته بـــــیرم،خـــــوەشیەکـــانجاران
بـــــێئیرادە تـــــێ،فـــــرمیسک لە چـــاوم
لەرز و یـــــاو ئـــــەکـــەم،وەک دەردەداران

باسی دڵداری:

ژنـــــەفتم مـــــەردم،ئـــــەکـــــەن بـــاسمان
بـــــــاسی دڵداری،قـــــــەوڵی راســــــمان
خـــوانـــەخواســـەگـــەر،تـــەرکیمن بکـــەیت
هـــــەناسم ئـــــەچێت،هـــــەرتا ئـــاسمان

باڵابەرزەکەم:

بـــــاڵابەرزەکـــــەم،ئـــــەی شـــــیرین ئەدا
دڵـــــم غـــەیر بـــۆ تـــۆ،بـــۆکـــەس لێنـــەدا
ئـــەزانـــێ خـــواکـــەم،بـــا تـــۆیش بـــزانـــی
رۆژی تـــێکـــە بـــۆت،گیان ئەکەم فـەدا

برو،دوورەو بە

بـــرو،دوورەو بـــە،كـــارم پـــێت نـــيە
هــــيچ ئـــــينتزارم،ئـــيتر لێت نـــيە
مـــنت لە بـــير بـــرد،لە بـــيرت ئـــەوەم
لە دلمــــــائيتر،ئـــــازيز،جـــێت نـــيە

بريت‌لێم ئارام:

بــــــريت‌لێم ئـــــارام،ئـــارامـــی‌گيانم
خســـتت لە بـــەرچـــاو،ئـــيتر ژيـــانم
لە داخـی دووريت،جـوانيم چـوو لە دەس
مـووی‌سەر و ريشـم،بـووگە رەنگ‌ديـانم

بۆچی ئەگيری؟!:

عـــەزيزدڵدارەكـەم،بـۆچی ئـەگـيری؟!
گـــوڵەبێ‌خارەكـەم،بـۆچی ئـەگـيری؟!
مـەگـەر مـردوويە «نـادر»،وا پـەرێشی؟!
بـــڵێ نـــازارەكـەم،بـۆچی ئـەگـيری؟!

بوومە شەهيدت:

لە بـــيرتە تـەك‌مـنا،پـەيمانێ بـەستت؟!
لە ئـەو رۆژا،كـە دڵمـن،كـەفتە دەستت؟!
شكـاندۆ هـەم دڵ و،هـەم عـەهد وپـەيمان
شـــەهيدت بـووم،شـەهيدی،چـاوی‌مەستت

بەش من لە عشقت:

بەش من لە عشقت،هەر رەنج و غەم بوو
خاترمن پەرێش،خاترتۆ جەم بوو
لە ژێر باری‌غەم،پشتی‌من خەم بوو
ئاخر لە دونیا،کەس وەک‌تۆ کەم بوو

پیر و مەئیۆس:

رۆخسارم زەرد و،دەرونم پرکەیڵ
نەیماگە یارم،ئیتر بە من مەیڵ
پیر و مەئیۆس و،تەنیا و حەزینم
دوورکەفتم لەیار،وەک مەجنوون،بێ‌لەیڵ

تۆ تەکی:

گەر لە هیجرانت بناڵم،رۆژ و شەو،هێشتا کەمە
دڵ لە دووری چاوەکانت،پر لە زووخاو و خەمە
کەس نیەوێنەت لە دنیا،ئەی عەزیزم،تۆ تەکی
من لە دنیا تاڵبێ‌تۆم،ئاشقی تۆم،هەر ئەمە

تۆ چوویت:

دڵی‌دێوانەم،بردت بە غارەت
هەزاران غەزەڵ،وتم لە بارەت
تۆ چوویت،بێ‌ئەوە،بپرسی لە خوەت
ژین بێ‌تۆ چۆن کات،ئاشق‌بێچارەت

### تەرکی عیبادەت:

بۆم سەهلە ئازیز،تەرکی عیبادەت
بەڵام بە دووریت،هەر ناکەم عادەت
هامە ناو جێگە،فرەیک بیمارم
تۆ ساقەی سەرت،بێ بۆ عیادەت

### تەشی:

بووگمە دێوانە،بۆ چاوی رەشی
یاری هەرکەس بێ،غەم ناوێ بەشی
ئەگەر کە رۆژێ،بێتە یاری من
ئەچەرخم لە دەور،باڵای،وەک تەشی

### تیری برژانگ:

تیری برژانگت،منی،پێکا دەقیق
دوور لە من مەگرە،عەزیز،کەم بمدە دێق
جا لە کوئی پەیدا بکەم،وەک تۆ رەفیق؟!
هەم لە وەخت تەنگانەدا،یاری شەفیق؟!

### جامی زەهر:

نەمزانی رۆژێ،ئەمکەی فەرامۆش
جامێ پر لە زەهر،ئەکەی بە من نۆش
من ناکەم بە تۆ،هیچ جەور و جەفا
ئاگر بە ئاگر،کەی ئەوێ خامۆش

جێگەی من قەورە:

کــاری دڵبەرم،هــەر جــەفا و جــەورە
ئــــاسمانی دڵ،بــــێ ئەو،هـــەر هــەورە
نـــاو دڵ بـــووچکم،عشــقێکە گــەورە
مـــن و ئـــەم عشقە،جــێگەمان قــەورە

حووری:

هەرچەن کە دەس من،لە دەس تۆ جـیاس
تـــاوێ دیـــەن تۆ،لە ســـەرمن زیــاس
نەیدیگە چاوم،کەس وەك تـۆ،زەریـف
لە تەك حووریا،چۆن نـەتکەم قـیاس؟!

خوەشی جارانم:

خــوەشی جــارانــم،ئیتر لە دەس چــوو
ئـــیتر نــــاوینم،دڵـــــبەر،زوو بــە زوو
ئـــاواتـــم نــەما،غــەیر ئــەم ئـاواتــە
دانـیشین لە بـاخ،هـەر دوو،روو بـە روو

خەوەرخوەشی تۆ:

قــەسەم بــە زۆڵــفی،خـاو و رەشـی تـۆ
بــەوخوا کــە گـردی،شـادی بـەشی تـۆ
شــاد ئــەوم مــنیچ،ئـە گــەر کـە بێرێ
بۆم کەسێ لە دوور،خــەوەرخـوەشی تـۆ

خەیاڵی خام:

خـوەت نـیت و یـادت،دائیم لە لامـە
جـەرگی خوێنینم،هـەر زەخـم و زامـە
گـەیشتن مـن بـە تـۆ،خـەیاڵی خامە
خـەفەت دووریت بـۆم،نـەهار و شـامە

چاوشیرین:

عەقڵ و دڵ و دین،هەرسێ دام لە دەس
بـە خـاتر دووچـاو،شـیرین و زۆرمـەس
چاو،وەک چاویارم،نەیبووگە هیچکەس
خـوا چـاوشیرینی،بـە ئـەو داگـە،بـەس

چاوم ناخەوێ:

لە دووری بـاڵات،چـاوم نـاخەوێ
بـە چـاوت،چـاوم،زانـم نـاکـەوێ
بـە یـەک دیـەن تو،قـانعم،قـانع
خـۆزگە بـتوینم،تـاوێ،نـاو خـەوێ

چاومەس:

بـێ بـۆ دڵـپەرێش،خـوەشی بـێرانـە
کـەی ئـیسە وەخـتی،قـار یـا نـەمانە!
بـۆ زۆڵـفی خاوت،دەس کـەم بـە شـانە
چاومەس وەک تۆم بێ،ناچمە مـەیخانە

داخی عشقت:

داخت مـــا لە دڵ،بـــەخوا ئـــەیژم راس
خۆزگای کە نەبۆایت،ئەونە تەک من خـاس
دڵ،ئـــاشق تۆ بـــوو،ئـیسەیچە هــەر واس
هــەرکە ئـاشق نـەو،بەخوا،وەکـوو شـاس

دڵبەردی تۆ:

بـووگمە ئـەسیرت،خـاس و حـەساوی
دڵم پـەل‌پەل وەک،گـوشت لە قـەساوی
نـــەمئەدی جـــاران،دڵـبەردی لە تـۆ
بـۆچ،دڵ لە ژێـرپات،ئیسە ئـەساوی؟!

دڵبەرە بێدینەکەم:

ئـەمەکـەی حـاڵ و،ئـەمەکـەی ژینە
دڵـــی مـــن مـــاتڵ،هـــاتن شـیرینە
هــەر دڵــبەرکــە ئـات،ئـازاری ئـاشق
حـــەتمەن بـــزانـــن،کـــافر بـێدینە

دڵ تەک تۆ شادە:

ئـــەیژم پـێت ئـازیز،بـە زوانـێ سادە
دڵـــی من فـــەقەت،لە لای تـۆ شـادە
بێ بـا مـەستم کـات،دیـەن دووچـاوت
کـار چـاوت نـاکـات،شـەراو و بـادە

دڵمن مۆبتەڵاس:

بــە چــاوخۆمارت،دڵمــن،مــۆبتەڵاس
ئــاخر چــاوەکــەت،زۆر زاڵــم،بـەڵاس
لە زیندانیغەم،کەی ئەمکەی خـەلاس؟!
ژیـــنیتاریکم،مـــۆحتاجی جــەلاس

دڵمن نەشکنی:

بــە ئــەو خــوا قــەسەم،وا بــێمەکــانە
لە بــیرت نـــاوەم،بــە ئــەو قــۆرعانە
دڵمـــن نـــەشکنی،بــە لاچــۆ لاچــۆ
ئـــاخر دڵـــیمن،زۆر بـــەسەزوانـــە

دڵی بێ گوێچکەم:

دڵـــــیگیریاگـــم،بـــۆتۆ بـــێتاقەت
تــۆ ئــەهلی جــەفا،مـن ئـەهل رفـاقەت
دڵــی وەک بــەردت،کـاری شـەقاوەت
دڵــی بــێ گــوێچکەم،کـاری،حـماقەت

دڵیدێوانەم:

دڵـــیدێوانـــەم،هــەر ئــەکــا داوات
دیــــەندووبارەت،بــووگە بــە ئــاوات
بــێ بـا بـاریغەم،لە دڵمــن دەرچــێ
خەفەتدڵ«نادر»،غـەیرتۆ،کـەس نـاوات

دۆسی قەدیمی:

هەی لەکویی ئازیز،دۆسی قەدیمی
تۆ نیمەی من نیت،زیاتر لە نیمی
هەرچەن کە دووری،هەر تۆ عەزیزمی
نەمبووگە وەک تۆ،دۆسێ سەمیمی

دوور وەک هەسارە:

کـەفت لە بـەرچـاوم،ئـەمژینە بـێ تۆ
بـووگە مـێمانم،خـەفەت بـە جـێ تو
ئـیسە کـە دووری،دوور وەک هـەسارە
گـەیگە ئـەورۆژە،گیان بـەم،لە رێ تـو

دەینم بەگەردەن:

گەر ئیزنم نەدەی،دەس خەم وەگەردەن
خـوەم دارقـواخ کـەم،شـەرتە لەگـەردن
ئـەگـەر بشکـێنی،دڵ وەک شـیشەکـەم
هـەرگیز نـاتوەخشم،دەیـنم بـە گـەردەن

رۆسوا:

عـەزیزدڵدارم،شـیرین وەک نـەوات
چـاوت دڵ لەگشت،لەم و لەو ئـەوات
رۆسـوام و ئـاشق،بـە خـاتر چـاوت
بـێژە بـە چـاوت،ئـاورووی مـن نـەوات

رەش‌خاڵ:

چـاویار شـیرین‌تر،لە هـەر چـاوکاڵی
خـاڵی زەریـفتر،لە هـەر رەش‌خـاڵێ
ژین ئەکەم هـەررۆژ،تـەک ئـەم ئـاواتـە
ژیـن کـەم تـەک یـارم،شـەوێ لە مـاڵێ

زاڵم:

زوڵـمێ کـە کـردۆ،بـە مـن،تـۆ نـازار
نـەیکرد بـە ئـیران،چـەنگیز و تـاتار
گـەردەنت ئـازا،بـرو،ئـەتوەخشم
مـن تۆ ئـەسپێرم،بـە زاتـی‌دادار

زوانم،قاسرە:

زوانـم قـاسرە،لە وەسـف جـەماڵت
ئـەپرسم لە خـوام،هـەمیشە حـاڵت
خـوا بـیکا قسـمەت،ئـازیز وسـاڵت
بـێبە قسـمەت مـن،دووچـاوی‌کاڵت

زۆر بەنازی:

زەریـف و چـاوشیرین و،زۆر بـەنازی
دڵـی‌دێوانـەمۆ،بـۆ گـرد بـە بـازی؟!
بە من هەرچـەن گـەیاندو،رەنـج و ئـازار
دڵـم هـەرگیز بـە بـێ‌تۆ،نـاوێ رازی

زۆر خۆشەویستی:

شیرین رۆخساری،ئەی شیرینکەلام
زۆر خۆشەویستی،ئازیز،تۆ لە لام
بەسکە ئازارم،بشکێنە تاسەم
بە گۆشەی چاوت،تاوێ بەر کە لام

زەریف:

زەریف،بێهاوتای،لە شار و دێهات
دڵم تا تۆی دی،وەک شێتی لێ هات
بەڵام نازانم،بۆچ ئەمکەی ئازار؟!
تۆ بیرەحم نەبوویت،بۆچ واتە پێهات؟!

ژین بێتۆ:

ژین بێتۆ ئازیز،پر لە وەرهەمە
بۆ کۆنەزامم،نازت،مەرهەمە
لەبیرمە رۆژێ،وتۆ پێم:«نادر»
«شیرینی،تاڵی،ناو ژین،دەرهەمە»

ژینم بۆچیە:

تۆم نەوێ،من گەردشی لەیل و نەهارم،بۆچیە؟!
هاتنی نەوروز و یا فەسڵیبەهارم،بۆچیە؟!
کار و بارم بووگەسە،عشق و ئەوینیتۆ،گوڵم
گەر بکەی دووری لە من،جاکار و بارم،بۆچیە؟!

ژینی بێنوور:

ئاوارە و وێڵم،وەک بێماڵەکان
ژینی بێنوورم،هەروەک چاڵەکان
بە خاتر دووربوون،لە یارعەزیزم
بۆ خوەم ئەگیرم،وەک مناڵەکان

سەربە لە ئاشق:

رۆژی لە سەر لۆتف،یارشیرین،زەریف
سەربە لە ئاشق،ناساق و زەعیف
بۆ ماڵوێرانم،بێرانە تەشریف
لە بۆ ئاشقت،رۆشن کە تەکلیف

شەوانی تارم:

شەوانی تارم،بێتۆ چەنێ شووم!
مەگەر نەتزانی،ئاشق بەتۆ بووم؟!
ئەونە ئازارم،دی لە تۆ نازار
مفت و مەرحەبا،ئازا لە دەس چووم

شێتبازی:

«نادر» دەسکێشە،لەم شێتبازیە
چۆن بە مەرگت،یار،ئیسە رازیە
کاری دەرمانت،ئەی عاشقی شێت
نە کاری تەبیب،نە کارقازیە

عشق و بێقەراری:

قـــەسەم بـــەخواکـــەم،بـــە زاتـــی‌باری
تـــەنیا خـــوشی‌ژین،عشـــق و دڵـداری
وەخـــتێ بـــۆ سـەفەر،ئـەچێ دڵـدارت
کـــارتۆ بـــە یـــادی،هـــەر بـێقەراری

غەریب:

دوور لە تـــۆ تـەنیام،غـەریب و بـێکەس
تـــا بـیرت ئـە کـەم،کـەم تـێرم نـەفەس
نـــەیماگـــە ئـــەرزش،ئـــەمژینە بـێ‌تۆ
دنـیام لە بـەرچـاو،تـاریک وەک قـەفەس

کچ‌کەتان‌پوش:

بـە سـەد ئـاگـرنیشان،خۆ نـاوێ خـامۆش
گـــر و ئـــاگـــردەروونم،کـچ‌کەتان‌پۆش
لە خـەڵوەتدا،ئـەکـەم یـاڵدی دووچـاوت
لە داخـا جـا ئـەکـەم،بێ‌تۆ،شـەراو نـۆش

کەفتگمە‌گیرت:

نـــەمتوانـــی ئـــازیز،کـە بـتوەم لە بـیر
بـــە داوت نـــاجۆر،مـن کـەفتگمە گـیر
بـــە نـــاز و ئـەتوار،بـە دووریت لە مـن
لێـم سـەندۆ جـوانـی،مـنت کـردە پـیر

کۆچکەرەش:

تـــۆ ئـاویەرنازار،وەک بـەهەشتیخوەش
مـن بـێناز،مـەزڵووم،وێـنەی کـۆچکەرەش
نـــەسازیا تـــەکـــما،چـــەرخـــیزەمانە
نـەیدا غـەیر رەشـی،هـیچێ بـە مـن بـەش

کوورەی زەرگەران:

دڵـــیدێوانـــەم،کـــوورەی زەرگـــەران
بـــەهارم بـــێتۆ،خـــەزان،بـــەرگوەران
نـەیدی دووچـاوم،کـەس وەکتۆ ئـازیز
بـــــێهاوتای لە نـــاو،جـــەمعیدڵبەران

کووزەبەشان:

دڵـبەر دیـم لە دوور،کـووزەیک لە شـانی
بـــە بـــرژانگ،تـــیرێ،لە مـن وەشــانی
بـــە پـــێکەنین و،بـــە نـــاز و ئـــەتوار
ئـــــێشیئاشقی،بـــە مـــن چـــەشانی

کەمکە ئازارم گوڵم:

کـەمکە ئـازارم گـوڵم،بـەمجورە تـەکـما،تـا مـەکـە
مـەگـرە دوور و،مـن لە سـەر خـوەت،وا مـەکـە
بەسیەسا جەور و جەفا،ئەمدەیتە کۆشت،رۆژێ بـەناز
عـاشقت زیـاتر لەمـە،ناو مـەردما،رۆسـوا مـەکـە

کەنین،زۆرسەختە:

دوور لە تـــــۆ ئـــازیز،کــەنین،زۆرســـەختە
وەك بـــــاختی شـــەش‌هیچ،لە بـــازی‌تەختە
دەردم گـــــرانـــــە،دوورم لە بـــــاڵات
جـــا ئـــەمە کــەی شــانس،ئــەمە کــەی بــەختە!

گوڵم بۆت هاورد:

گــوڵم بـۆت هــاورد،هــەرچــەن خــوەت گـوڵی
لە بـــــاخ،هـــــاونشین،ســـەیرە و بـــۆڵبۆڵی
بـــــەرزی‌باڵاکـــــەت،بـــــە بـــەزی‌چنار
خـــــوەشبۆتر لە یـــاس،لە رەنگ ســـۆنبۆڵی

لە ژین،دڵسەردم:

تـــۆ نـــیت بـــە لامـــەو،لە ژیـــن،دڵســـەردم
تـــەبیبم،کـــەی تـــی،عـــەلاج کــەی دەردم؟!
خـــۆ بـــە کـــفر نـاوێت،کـەمێ بـەزەیت بـێ
بــــــە رەنگـــــپەریاگ و رۆخســـاری‌زەردم

ماتڵ‌بووم کە بی:

قـــەرار بـــوو،ســـەروەخت،بـــیتە ســـەرقەرار
هـــەرچـــەن نـــەهاتی،هـــەر بـــی بـــەرقەرار
هــەرچــەن کــەیف ئــەکــەی،«نــادر» کــەی ئـازار
بــــزانـــم خـــوەشی،مـــن خـــوەشم نـــازار

مەسم بی‌شەراو:

بێشەراو،بێمەی،منت کردە مەس
جا کەفتمە ژێرپات،وێنەی خار و خەس
عەقل و دڵ و دین،گشتی دام بەتۆ
داخۆم لە«نادر»،عاشق‌ترێ هەس؟

ناز:

لە کوێنە تێری،ئەمگشتە نازە
من ئاشقی‌تۆم،زۆر بێ‌ئەنازە
وەختێ کە دووری،یا لێم ئەتوری
زەرد ئەوم فەوری،هەروەك جەنازە

ناڵەی نەی:

زۆری‌خەفەت‌من،دەرچووگە لە تام
وەك ناڵەی نەی‌یە،ناڵین و نەوام
هەرچەن لە دووریت،کارم شیوەنە
گەر خوەش‌بی،خوەشم،ئازیزدوور لە لام

وێنەی خوەم:

لە دەس چەرخ‌گەردوون،رەنجوور،نەزارم
خەمین و ناڵان،هەروەك هەزارم
وێنەی‌خوەم کێشا،بۆ سەرمەزارم
بەشکەم بەیان کات،رەنجی‌هەزارم

هەی لە کوێی:

یـــاری دڵســـۆز و،پشت و پـەناکـەم
هەی لە کوێی،تا خوەم،بۆتۆ فـەناکـەم؟!
کـاخێ پـر لە عشـق،پـر لە دڵـداری
لە نـــاو دڵـــیخوەم،بـۆتۆ بـەناکـەم

یادگارەکەت:

یـــادگار تـــۆیە،مـــووی‌سپی ریشـــم
ئـــیسە کـــە پـــیرم،ســزاوار عـیشم؟!
هەروەك ئیسەی‌تۆ،جوان بووم زەمـانێ
مـن کـە پـیری تـۆم،بـۆ ئـەدەی نـیشم؟!

یاری‌باڵابەرزەکەم:

یـــادی‌تۆ،واجـــبترە،ئـــازیز لە نـــویژیفەرزەکـــەم
گـیان فـیدای بـاڵات ئـەکـەم،ئـەی یـاری بـاڵابەرزەکـەم
دەردی خوەم هەروەخت کە هاتی،جا بە لاتەو عەرز ئەکەم
تا شەفا بەی،ئەی حەکیم،خوەت ئێش و یاو و لەرزەکـەم

یاری‌تاقانەم:

یـــــــاری‌تاقانەم،زۆر مــــــــیهرەبانە
هاوبەش غەمی مـن،لە وەخت تـەنگانە
هەروەخت فرمیسکم،لە چاو تێتە خوار
پاك ئـەکـا فـرمیسك،مـن،دانـە دانـە

یاریدڵبەندم:

یـــاریدڵبەندم،عــەزیز وەك چــاوان
کـــردگمە تــاسەت،فــرەیك،فــەراوان
دوورت گــــرد لە مـــن،بــێهیچبەهانە
خـــۆزگە بـــتوتای،چـــیمبووگە تــاوان

یاریشیرینم:

یـــــاریشیرینم،وەك گـــــوڵیسۆنبۆڵ
تەرچك و ناسك،هەروەك پەرەیگوڵ
لە دووری بــــــاڵای،دائـــــیم ئـــەناڵم
وەکــــوو قـــــەناری،هــــەزار و بــۆڵبۆڵ

یاویعشق:

لە یــــاویعشقت،کــــاری مـــن لەرزە
خەفەتخواردن بـۆت،ئـیتر بـۆم فـەرزە
چــۆنکەتۆ ئــازیز،هــەرچــێکەس منی
بـــوینم بــــەختت،هـــــەمیشە بــــەرزە

تواو بوو

وشە و مانا بە تەرتیب وشەی ئەلفبائی:

« ئ »

ئاژاوە:ناآرامی،آشوب
ئاسار:آثار
ئاکام:عاقبت،سرانجام
ئاڵزایمر:بیماری فراموشی
ئاڵۆز:عصبانی
ئاوکوڵاتک:آب جوش
ئاوێتە:درهم،مخلوط
ئایەتۆلکۆرسی:آیَتُ‌الکُرسی
ئۆڵفەت:مهربانی
ئەتوار:ادا،اطوار
ئەچرنی:پارە میکنی
ئەسپێرم:می سپارم
ئەستێرە:ستارە
ئەسرین:اشک
ئەسێح:صحیح،درست
ئەشێ:باید
ئەفڕێ:پرواز میکند
ئەگریجە:طرّە و موی رها
ئەگۆزەرێ:میگذرد
ئەڵاڵێمەوە:تمنّا میکنم
ئەنگووس:انگشت
ئەنێرم:میفرستم
ئەویچ:او هم،آنهم
ئیش:کار
ئێش:درد
ئیغماز:اغماز و نادیدە گرفتن
ئیفادە:افادە،تکبّر
ئیمزا:امضاء
ئینتەها:انتها
ئێنرژی:انرژی،نیرو
ئینکار:انکار،انکارکردن

« ب »

باخچە:باغچە
بارەقەڵا:آفرین،احسنت
باڵەندە:پرندە
بایەقۆش:جغد
بتپارێزێ:نگهدارت باشد
برژنن:بریزید
بڕۆ:ابرو
برۆ:برو،دورشو
بڕۆخەم:کمان‌ابرو،ابروی‌خمیدە
بریا:بُریدە شد،پارە شد
بڕیار:باور،عقیدە
٧

برین:زخم
بزه:لبخند
بژمێره:بشمار
بگه‌ی به داوما:به فریادم برس
بۆچ؟:چرا؟
بووچکه‌لانه: کوچک
به‌تره‌ف:ناجور،بیماری شَدید
به‌خته‌وه‌ر:خوشبخت،کامیاب
به داخه‌و:افسوس
به‌رانبه‌ر:برابر،مقابل
به‌رد:سنگ،کنایه از سختی
به‌ره‌وپیری:استقبال
به‌سته‌ری:بستری،تحت‌درمان
به‌سیه‌سا:ول کن دیگه
به‌ڵام:ولی،البته
به‌ناوبانگ:مشهور،زبانزد
به‌هیچ‌کولووجێک:به‌هیچ‌طریقی
به‌یان(به‌یانی):سَحر
به‌ینابه‌ین: گهگاهی
بیانک:بهانه
بیانک‌گیر:بهانه گیر
بێجگه:بجز،به غیر از
بێخۆ:بیخود،بیهوده
بێ‌سا:بی‌صدا،آرام

« پ »

پاران:التماس و خواهش‌کردن
پاشێل:لگدمال‌کردن
پردسه‌رات:پل صراط
پرسه:مجلس خَتم
پووچه‌ڵ:پوچ،خالی،بیهوده
په‌پوو:پروانه
په‌تیاره:بی‌حیا
په‌ژاره:اندوه
په‌سه‌ن:پسند
په کەر:پکر،ناراحت
په‌یوه‌ند:وابستگی
پێرست:فهرست
پێڕه‌شه‌و:پریشب
پینه‌پینه:وصله‌شده
پێویاگ:مورد هدف قرارگرفته
پێویست:لازم و ضروری

« ت »

تاسه:دلتنگی
تاقانه:یکی یه‌دونه
تاڵع:بخت،شانس
تاڵێ:یک تار«مو»
تانه:طعنه،متلک
تاوت:تابوت

تاو نه تاو:زود زود
تکا:خواهش،تمنّا
تاهێر:پاک و مطهّر
تۆریاگ:قهرکرده
تۆریان:قهرکردن
تۆز:گرد و غبار،خاک
تون:تند،خشن
ت و نون و گاف:تنگ
تووره:عصبانی
تووش:درگیر
توون و ته‌وه‌س:قعر جهنم
ته‌ته‌شۆر:محل غسل مُرده
ته‌حه‌ممۆڵ:تحّمل کردن
ته‌رچک:نازک و شکننده
ته‌رد:رهاشده،دور شده
ته‌زبیح:تسبیح
ته‌شه‌ر:طعنه،کنایه‌زدن
ته‌غییر:تغییر دادن
ته‌قالا:تلاش،سعی
ته‌مار:منتظر
ته‌مه‌ن:سن و سال،عُمر
ته‌ناف:طناب،ریسمان
ته‌وفیر:تفاوت
تیژ:تیز،بُرنده
تێک‌چوو:ازبین‌رفت،هدررفت
تین:گرما
تینگ:تشنه

« ج »

جل و به‌رگ:لباس
جۆگه:جوی آب
جووتیار:کشاورز،دهقان
جه‌حانم:جهنم،دوزخ
جه‌لاو:جلّاد،خونریز

« چ »

چاوبه رێ:چشم به راه
چاوه‌روان:چشم به‌راه
چ جۆر؟:چه جوری؟چگونه؟
چریاگه:پاره‌شده،جرّ خورده
چزی مار:نیش مار
چناکه:چانه
چنیاگه‌ناقم:نفسم بالا نمی‌آید
چۆڵ:خلوت،بی‌سروصدا
چه‌رمگ:سفید
چینێ:گروهی از مردم

« ح »

حه‌تتا:حتّی
حه‌فت:عدد هفت
حه‌لاج:اشاره به منصورحلاج
حه‌وش:حیاط

« خ »

خاته‌مه:آخرین،بی‌نظیر
خراپه:خرابی،بدی
خرفته:خرفت و ناندان است
خره‌ی خرخاڵ:جرینگ‌جرینگ
النگ و دستبند
خورماپه‌زان:گرمای‌شَدید
خۆزگا:کاشکی
خوه‌ر:آفتاب
خوه‌ش:خوش
خوه‌ڵ:خاک و گرد و غبار
خوێر:ولگرد
خه‌رێک:مشفول
خه‌سار:خسارت و ضرر
خه‌ڵات:هدیه
خه‌لاسی:رهائی
خه‌ڵک:مردُم
خه‌م:غم،خم،خمیدگی

« د »

داپژان:به هم ریختن
داکه‌فه:بتَمَرگ
دارزیاگ:پاره‌پاره،پوسیده
داوه‌شیاگ:شکسته،داغان
درک:خار
درۆ:دروغ
دریا:پاره شد
درێژ:بلند،طولانی
دز:دزد،راهزن
دژوار:دشوار،مشکل
دڵ ئێشان:دل آزاری
دڵخواز:دلخواه
دڵرفێن:دلبر،دلربا
دوژمه‌ن:دشمن،خصم
دۆژوار:دشوار،مشکل
دوێشه‌و:دیشب
ده‌عیه:ادّعا
ده‌ڵێن:می‌گویند
دێق:دق‌کردن،از غصّه‌مردن
دیوت؟:دیده‌بودی؟

« ر »

راو:فراری‌دادن
ڕاو ئه‌نیت:فراری میدهی
ڕژان:ریختن
ڕژیا:ریخت
ڕفاندوویانه:دزدیده‌اند
ڕمیاگه:ویران شده،ویرانه
ڕنگپه‌ریاگ:رنگ‌پریده
ڕۆخسه‌ت:رخصت،اجازه
ڕۆژگار:روزگار
ڕووخاو:ویران،ویرانه

ڕێ:راه،مسیر
ڕێبوار:رهگذر،عابر
ڕیقوو:لاغر،نحیف،مُردنی
ڕێکعەت نوێژ:رکعت‌های‌نماز
ڕێك و پێك:شیک و پیک
ڕیوی:روباه

« ز »

زریاگەناوم:رسوا و بدنام شدم
زوان‌تاڵ:بددهان،ناسزاگو
زوخاڵ:ذغال
زووخ:رنج بی‌شمار
زووهوور:ظاهرشدن
زەربۆلمەسەڵ:ضربُ‌المَثَل
زیت:خیره
زێرین:زرّین

« ژ »

ژان:درد
ژنەفتووم:شنیده‌بودم
ژوورتر:بالاتر
ژەحری:زهرآگین،سمی
ژەحری‌مار:زهر مار
ژەم:وعده‌ی غذائی
ژێر:زیر

« س »

ساتێ:زمانی،لحظاتی
ساحەیو حۆرمەت:محترم
سازین:سازش
سپی:سپید،سفید
سرۆشت:طبیعت
سنۆق:صندوق
سواو:ثواب،پاداش نیکو
سۆرمەکەم:سُرُم من
سۆز:سوز دل
سۆما:روشنائی،نور چشم
سووچ:گوشه‌ی دَنج
سەرشۆر:سرافکنده،خجل
سەرلێشێویاگ:کلافه،سردرگم
سەرم سرماگە:در عجبم
سەرەوژۆور:سربالائی،شیب‌شَدید
سەگی‌سپلۆت:سگ نجس

« ش »

شارەزا:ماهر،کاربلَد
شارەگ:شاهرگ
شنەی‌با:وزش و نسیم باد
شۆرەبی:بیدمجنون
شەکەت:خسته

شین:شیون،گریه و زاری
شین:آبی رنگ
شیۆیاگ:به هم ریخته،نامرتب

« ع »

عەزیەت:اذیت،آزار
عەلاحەدە:جداگانه،بی نظیر

« غ »

غەزەب:خشم
غەمخار:غمخوار

« ف »

فرەس:زیاد است
فرین:پروازکردن
فیڕ:افاده،تکبّر
فێنك:خُنك

« ق »

قاوەتاڵە:قهوەی تلخ
قورس:سنگین
قیڕاندن:فریادزدن
قین:کینه
قین ئەکەم:لجبازی میکنم

« ك »

کاتێ:زمانی،لحظاتی
کاول:ویرانه،ویران شده
کایه:بازی
کرچ وکاڵ:رنگ‌روشن
کرژ:زرنگ،چابک
کڵ:سُرمه
کڵپەی ئاگر:شررآتش،آتش‌گداخته
کلکەوانه:انگشتر
کوت‌کوت: تکه تکه
کورت:کوتاه و مختصر
کۆڵ:شانه،دوش
کۆنجێ:گوشه‌ای،جای دنجی
کۆن(کۆنه):کهنه و قدیمی
کویێ؟:کجا؟
کەتمان:انکارکردن،نادیده گرفتن
کەساد: کساد،بی رونق
کەندی:درآورد
کەنین:خندیدن
کەوان :کمان
کێفسان:کوهستان
کێ وت؟:کی گفت؟
گرگردوو:شعله‌ور،آتش‌گرفته

« گ »

گۆچان:عصا
گۆریاگی:عوض‌شده‌ای
گۆشتاڵ:گوشت‌تلخ،زشت
گۆم:چشمه،محل جمع‌شدن آب
گوناح:گناه
گوێز:گردو
گویی‌دانن:گوش‌دادن
گەڵا:برگ درخت
گەوج:ابله،نادان
گەورە:بزرگ
گیرفان‌کراس:جیب پیراهن

« ل »

لاچوو:برو کنار
لاف:دروغ و گزافه گوئی
لافاو:سیل
ڵاڵیان:خواهش،تمنّا
لچ:لب
لەحەیوەتا:به ناچار
لەفز:کلام،تلفظ کلام
لەلایین:از طرف
لەولایچەو:از طَرف دیگر
لێم‌بریا:از من جدا شد
لێوبەبار:لب برآمده از اندوه

« م »

ماقووڵ:باوقار
ماندوو:خسته
مردارەوبووگ:بسیار لاغر
مژیاگم:مکیده شده‌ام
مل‌کزی:گردن‌کجی
مۆترب:مطرب،نوازنده
مۆقتەدا:مُرید
مۆڵەت:مهلت،فرصت
مەل:پرنده

« ن »

نابەزێ:شکست نمی‌خورد
ناتاو:ناپسند،ناسالم
ناچرێ : پاره نمی‌شود
ناحەز:ناپسند،ناخوشایند
ناساق:بیمار
ناسرەوێ:آرام‌نمی‌گیرد
ناسک:نازک،شکننده
ناکرێ :امکان ندارد
ناڵین:ناله کردن
نامەوێ:نمی‌خواهم
نزارە:نظاره،تماشا کردن
نەتەوە:نسل،نژاد،تبار
نەختێ:کمی،اندکی

نەشتی:نشتی،نفوذ آب
نەفام:نفهم،نادان
نەمبیست:نشنیدم
نیشتمان:زادگاه،سرزمین

« و »

وشک:خشک
وشە:کلمە،لغت،کلام
وڵام:جواب و پاسخ‌دادن
وەرهەم:اندوە،غصّە
وەرین:افتادن برگ‌درخت
وێنە:عکس
وێنە:شبیە و مانند

« ه »

هاتن:آمدن
هات و چوون:رفت و آمد
هاوار:فریاد
هاوین:تابستان
هۆڵ:خلوت،بی‌سروصدا
هۆنراوە:اشعار
هەتا(هەر تا):تا زمانیکە
هەرا:فریاد
هەرا:دویدن و فرارکردن
هەژار:بینوا،مظلوم
هەڵئەسم:برمی‌خیزم،بلندمیشوم
هەڵمەت:حملە،یورش
هەڵە:اشتباە،خطا
هەمیسانەو:دوبارە
هەناسە:آە
هەواس:حواس،هوش
هەوڵ:تلاش،سعی
هیچ‌نەزان:نادان،ابلَە
هێز:قدرت،توانائی
هێشتا:هنوز
هیلاک:خستە،بیماری شَدید
هێلانە:لانە
هیلکە:تخم‌مرغ
هێن تۆیە:مال توست

« ی »

یاخی:یاغی،سرکش
یاسا:راە و رسم،روش
یاو:تب
یەکیەتی:اتحاد

**دیگر کُتب منتشرشده احمد باباجیانی(نادر):**

**کلمه به کلمه با قرآن(فرهنگ جامع لغات قرآنی).**
**چاپ دوّم ۱۳۹۲**

**دیوان دیوانه (اولین مجموعه شعر فارسی)**
**جاپ دوّم ۱۳۹۲**

**چهارده‌به‌در (دوّمین مجموعه شعر فارسی)**
**چاپ دوّم ۱۳۹۲**

**ع ش ق (اولین مجموعه شعر به زبان کوردی**
**چاپ اول ۱۳۹۳**

**در آستانه‌ی انتشار : دلنوشته‌های نادر.**